دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جلالی

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

● پێنج‌شەممە ١٩٨٣/٨/٢٥ ژمارە/٧٠١ ● ● ٨ لاپەڕە ● بە ٥٠ فلس ● الخميس ١٩٨٣/٨/٢٥ العدد/٧٠١ ●

لەم ژمارەیەدا
● ئاسۆی زانست ، لێکۆڵینەوە ل٤و٥ ●
● ئەدەب و رۆشنبیری ، شیعرو چیرۆك ل٣و٦ ●
● کۆڕێکی دەزگای رۆشنبیری لە سلێمانی ل٨

بۆ سەرکردەو ، بۆ شۆڕش لە گەڵ هەموو منداڵانی عیراق :

منداڵی کورد گۆرانی سەرکەوتن دەڵێت

سەرەکی فەرماندە صدام حسین سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین پێڕی سەرلەبەیانی سەرەکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد ٠

لە کۆبوونەوەکەدا کە نزیکەی پێنج سەعاتی خایاند لە چەند بەندێکی خراوە پێش چاوی لیستەی کارو بارەکانی ئەنجوومەن کۆڵراوەتەوەو بڕیاری پێویستیان دەربارە دراوە ٠

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێزان طە یاسین رمضان یەکەمین جێگری سەرەك و وەزیران و طە محیی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆمارو ، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ، هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و بەڕێز سەرەکی دیوانی سەرەکایەتی کۆمارو وەزیرە بەڕێزەکان و سەرەکەکانی ڕێکخراوە میللی‌یەکان و ژمارەیەك لە لێپرسراوانی دەوڵەت ئامادەبوون ٠

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین

بەشدارەکانی خولی ئەنجومەنی یاسادانان ئامادەیی گەلی کوردمان دووپات دەکەنەوە بۆ بەرگری کردن لە سەربەرزی نیشتمانی خۆشەویست

بەشدارەکانی کاروباری خولی ئاسایی یەکەمی سالی ١٩٨٣ی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بروسکەیەکیان بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرز کردووە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین سەرەك کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ٠٠

لە سێبەری ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە هێزەکانی ڕاستی ٠ ٠ هێزەکانی قادسیەی پیرۆزی صدام دەیهێننە دی بەسەر دەستدرێژی رژێمی کینەلەدڵی ئێراندا لە پێناوی بەرگری کردن لە سەربەرزی و سەربەخۆیی نیشتمانیماندا و ٠ ٠ لە سێبەری دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی حەڤدەی تەمووزی گەورەدا ئەمڕۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لە هەولێر لە ناوەند بڕوایەکی تەواودا بە هێنانەدی سەرکەوتنی تەواو لە ژێر پێشەوایەتی یە مێژوویی‌یە دلێرەکەتانا بەسەر هەموو دوژمنانی نیشتمان و شۆڕشدا کاروبارەکانی دەکاتەوە ٠

ئەو وێنە نایابەی کە لە هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانا هاتە دی هەر بریتی نیە لە قۆناغێکی پێشکەوتووی ڕەوتی ئۆتۆنۆمی بە تەنیا بەڵکو هۆشیارانە کۆبوونەوەی جەماوەری گەلی کوردمان بە دەوری سەرکردایەتی‌یە بێ هاوتاکەتانا دووپات دەکاتەوەو بە شێوەیەکی ئاشکرا ئامادەیی تەواوی دەردەبڕێ بۆ فیداکاری و بەخشندەیی لە ڕێگای بنیاتنانی عیراقێکی گەشەداری باڵاو پتەوکردنی ئەو گیانی سەرکەوتنەی کە گەلە مەزنەکەمان وەدەستی هێناوە بەسەر ڕژێمی گومان‌لێکراوی ئێراندا کە بە ئامۆژگاری و هاندانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەستدرێژی

بڕوانە ل : ٧



لە ماوەی هەفتەی ڕابووردوودا ، سەرەکی فەرماندە بەڕێز صدام حسین، پێشوازی چەندان دەستەو کۆمەڵی جەماوەری گەلی کرد ، ئەوانەی پارەو زێڕیان بۆ پشتیوانی جەنگی ڕەوامان دژی دەستدرێژی ڕژێمی ئێرانی داخ لەدڵ بەخشیوە ٠

ئەم پێشوازیە ، کە لەم هەفتەیەدا ، جەماوەری پارێزگای سلێمانی و دهۆك و دیالەو نەینەوا و شاری نەجەفی پیرۆزی گرتەوە ، جوانترین وێنەی دەربڕی کۆبوونەوەی بەهێزی سەرجەمی گەلی عیراقی لەدەوری سەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین نواند ٠

لەم چاوپێ‌کەوتنانەدا ، منداڵانی کوردستان ، پیاو ژن و پیر ٠٠٠ هەروەك منداڵ و ژن و پیری نەینەوا و نەجەف و شارەکانی تری عیراق ، لەناخەوە گۆرانیان بۆ سەرکەوتن و رابەری سەرکەوتن و یەکێتی و سەربەرزی عیراق دەوت ٠

وێنەیەکی چەند شیرینە، منداڵانی کورد ، لەگەڵ هەموو منداڵانی عیراقدا ، گۆرانی بۆ سەرکردەو بۆ سەرکەوتن و بۆ عیراق دەڵێن ٠

لە سەرنجدانی ورد مانای سەرکردەدا ، وێنەی عیراقی مەزن تیشك دەداتەوە ، ئەو تیشکەی ، کە دوژمنە داخ لەدڵەکانی تۆقاندووە و هەر لەداخی ئەو تیشکەو لەترسی بڵندی مەزنی عیراق و گەلی عیراق و رابەری عیراقیشە هەمەجۆر پیلان دەگێڕن و هانی بەردەوامی شەڕ دەدەن تا کۆسپ بخەنە ڕێگای ڕەوتی سەرفرازی عیراق ٠

بەڵام ، هەرڕۆژی ڕادەبووری ، گەلی عیراق ، بە کوردو عەرەب و هەموو کەمایەتیە براکانەوە ، بە کردەوەی دیار : قوربانی دان و بەرگری مەردانە لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتمان و بەخشش و کاری بەردەوامی بیناکاری و زیاتر کۆبوونەوە لەسەر ڕێبازی شۆڕشی مەزن بەرابەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین ، بەڵێ گەلی عیراق هەموو ڕۆژێ ، دەیسەلمێنێ کە ڕۆژگار لەسوودی ئەم و ڕێبازی ڕاستیەتی و باوەڕی بە بەردەوامی سەرکەوتن زیاتر بەهێز دەبێ و ڕەوتی بەرەو پێشەوە ، هەر بەرەو بڵندی دەڕوات ، بە پێچەوانەی خەونەکانی دوژمنی داخ لەدڵەوە هەموو ڕۆژێ گەلی عیراق پتەوی و سەختی و ئازایەتی ساغ دەکاتەوەو لەسەر بەردی پتەوی یەکێتی نیشتمانی و بەرابەری صدام حسین دوژمن و خەونەکانی و داردەستەکانی وردو خاش دەبن ٠

دەست پێ کردنی دەورەی ئاسایی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

لەژێر چاودێری سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسیندا مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی، شاری هەولێر ، ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ڕۆژێکی مێژوویی بەسەربرد لە ژیانی نەتەوەی کورددا لەم ناوچەیە کە کاروباری خولی ئاسایی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەستی پێ کرد کە بۆ دووهەم جار ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێن لەوەتی بەپێی یاسای ژمارە ٣٣ی سالی ١٩٧٤ دامەزراوە ، سەرجەمی ئەم باسە لە ل٢دا بخوێنەرەوە ٠

سعودیە لێپرسراوانی ئێران بەدرۆ دەخاتەوە

سعودیە ئەو هێرشە ناڕەوایانەی لێپرسراوانی ڕژێمی ئێرانی بەدرۆ خستۆتەوە کە دەستیان پێ کردوە بۆ فتنە نانەوەو ئاژاوە دروست کردن لە وەرزی حەجدا ٠

بەیاننامەیەکی سعودی لەم بارەیەوە ڕوونی کردۆتەوە کە دەستەڵاتداریەتی سعودیەو دەزگا بەرپرسیارەکان بە خزمەتگوزاری حاجیەکان ئەمەسێ ساڵە هەست دەکەن کە خورەوشتی ئەوانەی ڕژێمی خومەینی بەناوی حەج کردنەوە دەیانێری بەئاشکرا لەمەبەستی بنەرەتی فەرزی بەجێ‌هێنانی حەج و خورەوشتی ئیسلام بەدوورن ٠

وتوویەتی : ئەوانە چەکێو بەیاننامەی هاندان بۆ بەگژدا چوونی ئەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیانە لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن کە ڕێبازی ڕژێمی خومەینی پەسەند ناکەن و دەیانەوێ ئاژاوە بنێننەوە ٠

بەیاننامەکە دەڵێ : دەستەڵاتداریەتی سعودیە کەمتەرخەمی ناکات لە بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی توندی دەیانەوێ ئاسایش بشێوێنن و فەرزی حەج تێك بدەن ٠

حاجی و ٠٠٠ تلیاك

تاران : هەواڵەکان :

تەبریزی ، داواکاری گشتی مەحکەمەکانی ئێران داوای لەهەموو حاجیە ئێرانیەکان کردوە کە دەچن بۆ مەکە بۆ حەج کردن تلیاك و شتی تری قەدەغە لەگەڵ خۆیان نەبەن ٠

تەبریزی لەو بەیاننامەیەدا ڕادیوی تاران بڵاوی کردەوە، داوای لە کاربەدەستانی ئاسایش لە فڕۆکەخانەکانی ئێران کردوە کە ئەم فەرمانەی جێ بەجێ بکەن و چاویان لەو حاجیانەوە بێ کە دەڕۆن و هەر کەرەستەیەکی وایان پێ بوو لێیان بسەنن ٠

ئەوەی جێگای سەرنجە، تەبریزی فەرمانەکەی بۆ ئەوانە نیە کە لەئێرانەوە دەچن بۆ وڵاتانی تر کە لەوە دەچێ بۆ ئەوانەی تر شتەکە ئاسایی بێ ٠

دیسان گومان لەوە دەکرێ کە پیاوانی ئاسایشی ئێران بەجێ‌بێنن ٠

ئێمەش دەپرسین : ئەوانەی سەفەر دەکەن، بەڕاست حاجین ؟!

گەرم بوونی چالاکی شۆڕشگێڕانی کورد لە ئێراندا

شۆڕشگێرانی کورد لە ئێران بەردەوامن لە جۆڵانەوەی چەکدارانە دژی دام و دەزگاکانی خومەینی و داردەستەکانی و زیانی زیاتریان پێ دەگەیەنن ٠

ڕۆژی شەممەی ڕابووردوو دەستەیەك شۆڕشگێڕی کورد هەڵمەتیان بردۆتە سەر بنکەیەکی پاسدارانی خومەینی لە شاری ورمێ و ژمارەیەکیان لە کاربەدەستانی پاسداران لەو ناوچەیە کوشتوە کە یەکێکیان ناوی ولدی شاهی‌یەو یەکێکی نزیان جمال هاشمی ٠

لە هەڵمەتێکی تردا هەر لەو ناوچەیە شۆڕشگێڕانی کورد چەندان پاسداری تریان کوشتوە لەوانە حمید ایة ئەندامی ناوێراو بە دەزگای ئایدولۆژی سیاسی پاسدارانی خومەینی کە خۆی خەڵکی ئەسفەهانە ٠

ئەم دوو دەست وەشانەی شۆڕشگێرانی کورد کاربەدەستانی ڕژێمی ئێرانی شێت گیر کردوەو کاشانی نوێنەری خومەینی لە ناوچەکە لەکاتی ناشتنی ولدی شاهی و جمال هاشمیدا هەڕەشەی کردوە بە تۆڵە کردنەوە ٠

لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (جمهوری ئیسلامی) دانی بەوەدا ناوە کە هێزەکانی رژیم بەردەوامن لە کوشتن و برینی کوردەکان لەم دواییەدا لە پەلامارێکی دڕندانەدا بۆسەر سێ گوند لە کوردستانی ئێران ٢٠٠ کەسیان کوشتوەو ئەم پەلامارەش لەناوچەی کامێران ڕووی داوە ٠

فڕۆکە جەنگی یەکانمان لەهێرشی نەبڕانە دەبەنە سەر سەنگەرەکانی دوژمن

هێزە چەکدارە پاڵەوانەکانمان ، لە چالاکی یە بەجەرگانەکانی خۆیاندا دژبە هێزەکانی ڕژێمی گومان‌لێکراوی خومەینی لە کەرتەکانی بەرەی جەنگدا بەردەوام بوون و لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دەستی دلێرانەیان لێ وەشاندوون و زیانی سەروماڵی زۆرتریان پێ گەیاندوون ٠

ئەوەبوو لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا فڕۆکەوانە بەجەرگ و ئازاکانی هێزی دلێری ئاسمانیمان بەردەوام هەموو ڕۆژێك هێرشی نەبڕانەی خۆیان پەرە پێ‌داوە بۆ سەر بنکەو سەنگەرەکانی دوژمن لە کەرتەکانی بەرەی جەنگ بەرانبەر بە سەنگەرەکانی هێزەکانمان لە کەرتی باکوورو ناوەڕاست و لە قووڵایی خاکی دوژمندا ، توانیویانە ئاگر لە سەنگەرەکانی دوژمن بەربدەن و ڕاستەوخۆ بیانپێکن و زیانی زۆری سەروماڵی‌یان پێ بگەیەنن ٠

هەروەها لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانمان لە هێرشی خۆیان بۆ سەر بنکەو سەنگەرەکانی دوژمن بەرانبەر سەنگەرەکانی هێزەکانمان لە کەرتی باکوورو لە قووڵایی خاکی دوژمندا بەردەوام بوون و توانیویانە زیانێکی سەرو ماڵی زۆر بە دوژمنی چەپەڵ بگەیەنن و هەموویان بۆ بنکەکانیان بگەڕێنەوە ٠

هەروەها چەند هێزێکمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی بەسرە هێرشێکی خێرایان بردووەتە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و چەندین زیانیان پێ‌گەیاندووەو پاش بەجێ‌هێنانی ئەرکەکانیان بۆ سەنگەرەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە ٠

لە ناوچەی حاجی ئۆمەرانیش چەند هێزێکی دوژمن وبستوویانە لە سەنگەرەکانی هێزەکانمان نزیك ببنەوە بۆیە بەرەنگاریان بوونەتەوەو زیانێکی گەورەیان لێ‌داوون و هێزەکانی دوژمن بە سەرشۆڕی گەڕاونەتەوە ٠

ئەمەو سەرجەمی زیانەکانی دوژمن لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا بەم چەشنە بووە ٠٠

نەوەد کوژراوو ، ژمارەیەکی زۆری بریندارو ، تێکشکاندنی بیست و نۆ ئۆتومبێل کە سێ ئۆتومبێلیان سەربازو پاسداریان تێدابووەو ، وێران کردنی چوار ڕووانگەو ، سێ و سێ سەنگەری پیادەو ، سێ سەنگەری ڕەشاشو ، تێکشکاندنی سێ تۆپخانەی ١٠٦ملم و کوشتنی تاقمی یەکێکیان و ، تێکشکاندنی دوو نەفەربەری زرێلی و ، چوار شەفڵ و ، تەقاندنەوەی پازدە کۆمەڵ تەقەمەنی لە هەموو بەرەکانی جەنگدا ٠

ئەمەو لەم هەفتەیەدا چەندین سەربازی دوژمن پەنایان بۆ هێزەکانمان هێناوە لە کەرتە جۆر بە جۆرەکانی بەرەی جەنگداو بە ساغی بۆ پشتی بەرەی جەنگ گوێزراونەتەوە ٠

Institut Kurde de Paris

چەند وێنەیەك لە چاوپێكەوتنەكانی سەرۆكی فەرمانده صدام حسین بە هاووڵاتییانی پارێزگاكانی باكوور كە زێڕو پارەیان بۆ پشتیوانی جەنگی ڕەوامان بەخشیوە

بەپێی بەجێهێنانی ئامۆژگارییەكانی بەڕێز سەرۆكی فەرمانده صدام حسین

چەند كۆڕێكی جەماوەری لە لایەن لیژنەی بەدوودا چوونی كاروباری هاووڵاتییان لە سلێمانی

جەماوەری قەزای هەڵەبجەو ناحیەكانی سیروانو خورماڵو بەرزنجەو هەردوو گوندی هاوچەرخی زەمقیو عەنەب لە پارێزگای سلێمانی سڵاویان لەو سەركەوتنە مەزنانە كرد كە سەربازە دلێرەكانی عیراق سەربازانی فەرمانده صدام حسین دژ بە هێزە دەستدرێژیكەرەكانی ڕژێمی ئێران تۆماریان دەكەن ٠

لەو كۆڕانەدا كە لیژنەی تایبەت بە دوودا چوونی كاروباری هاووڵاتییانی پارێزگای سلێمانی كە بە فەرمانی بەڕێز سەرۆكی فەرمانده صدام حسین پێكهاتووە ، سازی داوون ، ئەو هاووڵاتییانە پەیمانی خۆشەویستیو وەفادارییان بۆ بەڕێز سەرۆكی فەرمانده صدام حسین نوێ كردووەتەوەو ئامادەیی خۆیانیان پیشانداوە بۆ بەخت كردنی سەرومالو گیانیان لە پێناوی سەركەوتنی تەواوەتی لەم جەنگە پیرۆزەماندا ٠

بەڕێز بكر محمود رسول وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی سەرۆكی لیژنەكەو ئەندامانی لیژنەكە بەڕێزان بهاءالدین احمد جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیو سیروان عبدالله جافو ناجی عزت جافو دكتۆر ئومێد مدحت مبارك ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ووتاریان لەو كۆڕانەدا خوێندووەتەوەو دووپاتی بایەخ پێدانی سەرۆكی فەرمانده صدام حسین بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیو بەدوودا چوونی كاروباری هاووڵاتییانی ناوچەكە لە لایەن بەڕێز سەرۆكی فەرماندە خۆیەوە ، كردووەتەوەو ، باسی ئەو دەستكەوتە گەورانەیان كردووە كە شۆڕش بە درێژایی ڕێڕەوە سەركەوتووەكەی وەدی هێناوونو بەراووردیان كردوون لەگەڵ ئەو باری نالەبارەی كە گەلانی ئێران تێیدا دەژینو ئەو باری ستەمگەرییو چەوساندنەوەیەی كە گەلی كورد لە ئێراندا لەژێر زەبری دەستو تاقمی خومەینیی ڕەگەزپەرستدا بە دەستیەوە دەناڵێنێتو لە نێوان واقیعی گەشەكردووی گەلی كوردمان لە عیراقداو سوودبینینی لە بەرو بوومی ئۆتۆنۆمی

بەڕێزان لە ووتارەكانیاندا

بڕوانە ل : ٧

بەبۆنەی دەستپێكردنی دەورەی نوێی ئەنجومەنی یاسادانانەوە

لەسەر ڕێگای یەكێتیو سەركەوتنی بەردەوام

شەممەی ڕابووردوو، بەچاودێری سەرۆكی فەرمانده بەڕێز صدام حسین، یەكەم دەورەی ئاسایی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان دەستی پێ كرد كە ئەندامەكانی بۆ دووەم جارە لەكاتی دامەزراندنیەوەو بەپێی یاسای ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ لەڕێی هەڵبژاردنەوە پێك دێ ٠

دەستپێكردنی كارووباری ئەم ئەنجومەنەو لەم ڕۆژگارە ناسكەدا ، كەنیشتمانو گەلەكەمانی پیا تێدەپەڕێتو لەهەموو لایەنەكانی ژیاندا ، سەركەوتن تۆمار دەكاتو لە هەموو گرنگتر ، لە جەنگێكی توندایە دژی دوژمنێكی دڕندەو داخ لەدڵ كەدەیەوێ ڕەورەوەی ڕەوتی بەرەوپێشەوەمان بووەستێنێت، بەڵام، سەركەوتنمان لەم لایەنەشدا تاجێكی پرشنگدارە بەلووتكەی هەموو سەركەوتنەكانی ترمانەوە لە هەموو مەیدانەكانی تردا ٠ دەڵێین دەست پێكردنی كاروباری ئەنجومەنەكە لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لەمانایەكی قوڵی بایەخداری هەیە ،لەپێشەوەیان زیاتر سەلماندنی هەڵویستی بەباوەڕانەو مرۆڤایەتی ڕەوشت بەرزانەی سەركردایەتی حزبو شۆڕشەو لەپێشیانەوە ڕابەری كاروان صدام حسین ، كە سوورن لەسەر ئەوەی دەبێ ڕەوتی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان مەبەودای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێتو هەڵویستی حزبو شۆڕش لەم بارەیەوە، هیچ زروفو بارێك كاری تێناكات ٠ مانایەكی تری بابەخداری ئەم ڕووداوە، ئەوەیە، كە گەلی كورد، سەلماندی، بەوەفایە بەرانبەر بەو سەركردایەتییەو ئەو ڕابەرەی بەتەنگیەوە هاتو ڕێگای ژیانی سەربەرزیو سەربەستی لەبەردەما كردەوەو بەمەش ڕێگای لەبەردەم ئەو لایەنانەدا بەستەوە،كە.بازرگانیان بە گەلی كوردو مافەكانیەوە دەكردو لە هەمووجاریشدا سووتەمەنی چاوچنۆكی خۆیان گەلی كورد دەبوو،لەبەر ئەوە گەلی كوردمان لەعیراق، لەدەوری سەركردایەتی حزبو شۆڕش كۆبووەوەو سەركردایەتی بەهەڵویستی مەبدەئیو گەلی كورد بەئامادەیی لەسەر ڕێبازی بەوەفایی خەونی ئەو دوژمنانەیان گۆڕ كرد كە گرەویان لەسەر گەلی كورد دەكرد بۆ كەلەبەر خستنە ناو ڕەوتی شۆڕشی عیراقەوە ٠

دەستپێكردنی كاروباری ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان هەنگاوێكی تری ڕەوتی هەمیشە سەركەوتوی شۆڕشە لەسەر ڕێگای پتەوی یەكێتی نیشتمانی عیراقو پاراستنی گیانی سەركەوتن بەڕابەریی سەركردەی گشت گەلی عیراق صدام حسین و ٠٠٠ بەرەو پێشكەوتنی زیاتر ٠

● هاوكاری ●

٣ كۆڕی جەماوەری

لە قەزای كۆیسنجەقدا

جەماوەری قەزای كۆیسنجەق شانازی خۆیان بەرامبەر بە سەركردایەتییە مێژوویییەكەی سەرۆكی بەڕێز صدام حسین دەربڕی ٠

لەو ٣ كۆڕەی كە لە بارەگای تیپی طارقی كوڕی زیادی سەر بە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا بەسترا جەماوەری قەزاكە ئەوەیان دووپات كردەوە كە بە تەواوی ئامادەن بۆ هەڵگرتنی چەكو بەرەنگاربوونی دەستدرێژی ڕژێمی خومەینی تەلەكەبازو ڕێپیشاندەرانی خەیانەت ٠

لەم كۆڕانەدا بەڕێزان قایمقامی قەزاو هاوڕێ ئەمینداری نهێنی تیپ باسی ئامانجە بەرفراوانیەكانی ڕژێمی ئێران و نیازە چەپەڵەكانیو دەستدرێژییە پیسەكەیانیان كرد كە كردبانە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران ٠

بە سەرپەرشتیی سەرۆكی فەرمانده صدام حسین

بەڕێز طه محیی الدین معروف كاروباری یەكەمین خولی ئاسایی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان دەكاتەوە

لەنووسینگەی هەولێرەوە :

بە سەرپەرشتیی بەڕێز سەرۆكی فەرمانده صدام حسین ڕۆژی شەممەی ئەم هەفتەیە كاروباری یەكەمین خولی ئاسایی ساڵی ١٩٨٣ی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان دەستی پێ كرد ٠

لە جیاتیی بەڕێز سەرۆكی فەرمانده صدام حسین لە دانیشتنی كردنەوەی ئەنجومەندا بەڕێز طه محی الدین معروف ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش جێگری سەرەك كۆمار ئامادە بوو ٠

هەروەها هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەركردایەتیی هەرێمایەتی ئەمینداری نهێنیی نووسینگەی ڕێكخستنی حزب لە باكوورو بەڕێزان بكر محمود رسول وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی و اسماعیل عبدالله وەزیری دەوڵەتو بهاءالدین احمد جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیو ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیو جمال حاجی شریف سەرۆكی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستانو یحیی جاف











پارێزگاری هەولێرو جعفر عبدالكریم بەرزنجەیی پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێیان ئەندامانی نووسینگەی ڕێكخستنی حزب لە باكوور ئامادە بوون ٠

دانیشتنەكە بە چەند ئایەتێكی قورئانی پیرۆز دەستی پێ كرد پاشان ئامادەبووان یەك دەقیقە بێ دەنگ ڕاوەستان بۆ ڕێزی گیانی پاكی شەهیدە نەمرەكانمان ٠

بەڕێز نوێنەری بەڕێز سەرەك كۆمار لە دانیشتنەكەدا ووتەیەكی خوێندەوە تێیدا سڵاوی بەڕێز سەرۆكی فەرمانده (صدام حسین)ی بە ئەنجومەنەكە ڕاگەیاند لەگەڵ بڕوای بەڕێزی بە توانایان بۆ ئەوەی، ئەو لێپرسراوێتییەی خراوەتە ئەستۆیان ڕاپەڕێنن

، پێخۆشحاڵیی خۆیشی دەربڕی كە سەرۆكی بەڕێز لە جیاتیی خۆی ناردوویەتی بۆ ئەوەی یەكەمین خولی ئەنجومەن بكاتەوە ٠

ووتیشی ٠٠٠ مژدەیەكی گەورەو بەبیر هێنانەوەیەكی هەمیشەییە بە پێویستیی ووریابوونو چاودێری كردنی جمو جووڵەكانی دوژمنان كە مەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێتان شان بە شانی سەركەوتنە نایابەكانی گەلەكەمانو ڕۆڵەكانی بێت پاڵەوانانی هێزە چەكدارەكانمان لە

بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ستەمگەرانەی ئێران كە مەبەستی ناوچەی حاجی ئۆمەران بوو بە هاریكاریو ڕێ خۆش كردنێكی تەواوەوە لە لایەن ئەو خیانەتكارانەی كە خوێنو گەلو خاكی خۆیان بەنرخێكی زۆر هەرزان بە بێگانەو بە ئاغاكانیان پێكەوە فرۆشت٠٠ ئەم لەگەڵ یەك ڕێككەوتنەدا لە لایەكەوە سووربوونی عیراقییەكان دووپات دەكاتەوە لەسەر بەردەوامبوونی ڕەوتی شۆڕشی

بە شێوەیەكی كەمو كورتو شێواو جێبەجێی بكات تاوەكوو ئەوان ڕووپۆشی تەواوو بە توانایان بۆ ئامادە بێت جمو جووڵەكانی دژ بە گەلو بە شۆڕشە سەركەوتووەكەیان بۆ بشارێتەوەو بۆ ئەوەش ئەم ناوچەیە وەك بوارێكی فراوان بۆ وێران كردنی هەموو عیراق بەكار بهێننو لە چوارچێوەی ئەو كارەساتانەوە بە هەمان ناوچەی دەگەبەنن كە كەس سوودیان لێ نابینێت

ئاغاكانیان گرەویان لەسەر ئەوە دەكرد ئەم جەنگە ستەمگەریانە بۆ بەرژەوەندیو سوودی خەونە ڕەشەكانیان بێتە كایەوەو عیراق پارچە پارچە بكات ئەوا چوونی هەموومان بۆ ناو ئەم جەنگە پیرۆزە لە پێناوی داكۆكی كردن لە خاكو شەرەفو مێژووو نەریتمان مەبدانێكی زیندووانە بوو بۆ تێكچڕژانی نێوان ڕۆڵەكانی ئەم گەلەو بەو چەشنەی بەسەر زۆر

سەركەوتوو كە حزبی تێكۆشەرتان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە ١٧ـ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨دا تەقاندیەوەو سەركردەیی كرد كە هەرگیز لە هیچ سنوورێك ڕاناوەستێت ٠٠ هەروەها ئەوە بەبیری دوژمنان دەهێنێتەوە بەهەموو چەشنێكیانو شوێنەكانیان بەو مەترسییە گەورەیەی بەڵكوو چارەنووسیەتە كە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڕەشەیان لێ دەكات هەر كە ئەم تاقیكردنەوە مەزنە پتەوتر بووو بنكەكەی فراوانتر بووو بڵندتر بوو لە ویژدانی جەماوەردا دەچەسپێتو بە بەخششی زیندووی بەردەوام دێتەپێش چاو ٠

برایان دوژمنان هەموو لە ناو خۆو لە دەرەوەدا ئاواتی ئەوەیان دەخواست شۆڕش لە بەڵێنی خۆی لە جێبەجێ كردنی ئۆتۆنۆمی پاشگەز بێتەوە بان هەوڵی ئەوە بدات دوژمنانی نەتەوەو گەلو ڕق لە دڵەكانو دوژمنانی ئەم شۆڕشە سەركەوتووە نەبێت

كاتێكیش هیواكانی دەستكردەكانی دەزگا ئیمپریالیزمیەكانو كۆڵەكەكانیان بێ هوودە بوو لە دۆزینەوەی بارێكی گونجاو بۆ دەستگرتن بە سەر شۆڕشو بە سەر هەموو نیشتمانداو پارچە پارچە كردنیان ئەگەر چی چەندین هۆی وێرانكاریو شێوازی جۆراو جۆری پیلانگێڕانیان بەكار هێنا ئەوا پەنایان بۆ جادووگەری قوم برد تاوەكوو جەنگێكی دڕندانە دژ بە هەموو عیراقو ڕۆڵەكانیو دژ بە هەموو ڕۆڵەكانی نەتەوەی عەرەب دابگیرسێنێت بەڵكو دژ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامو نەریتە بەرزەكانیو پاشگەزبوونەوەیەكی تەواو لە هەموو ئەو نەریتانی شارستانی پێشكەوتنو بیناكارییەی مرۆڤایەتی بە ئەنجامی گەیاندوون ٠

لە كاتێكدا كە تاقمی لە ڕێ لادەری ستەمگەرو جادووگەرە گەورەكەیانو هەموو هاوسوێندو كەلێنو شتی سلبیدا سەركەوت كە دوژمنانی گەلو نەتەوە گرەویان لەسەر دەكرد ئەوە بوو ئەو سەركەوتنە نایابانەمان بەدی هێنا سەرەڕای بەدی هێنانی یەكێتییەكی وای لەسەر بنەڕەتی باوەڕبوونی هۆشیارانەو كۆتایی بە چارەنووسی هاوبەشو یەك دوا ڕۆژ بۆ هەموو ڕۆڵەكانی ئەم گەلە ٠

برایان ٠٠ ڕەوتی نایابی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووز لە هیچ سنوورێكی دیاری كراودا ڕانەوەستاوەو بۆ بەشێكی نیشتمان نەبووە ئەو بەشەكەی تری لێ بێ بەش بووبێت یان بۆ چینێك لە ڕۆڵەكانی ئەم گەلە بوو بێت چینەكانی تری لێ بێ بەش بووبێت بەڵكوو بەخششێك بووە بۆ هەمووان لە پێش ئەو هەموو شتانەوە كە شۆڕش وەدیی هێناوون دامەزراندنی دامو دەزگاكانی ئۆتۆنۆمیو پتەو كردنو پەرە پێدانو دەوڵەمەند كردنیانە بە هەموو ئەو شتانەی دەیانكاتە وێنەیەكی زیندووی تێكچڕژاوو بوارێكی هەمیشەیی بەخشش لە سەر قەناعەتو هەست بە لێپرسراوی كردن دامەزرابێتو دەست پێ كردن لەو خواستە سەربەستەوە لە بنیاتنانندا بۆ سوودی نیشتمان لە بچووكترین خاڵەوە تێیدا بە یەك تێڕوانینی تەواوەوە ٠

ئەمڕۆ ئێمە ڕاپەڕینێكی ڕاستەقینە لە ئەم بەشە بەنرخو ئازیزەی نیشتمانی خۆشەویستماندا دەبینین تەنیا خۆی لە هەیكەلەكانی دامو دەزگاكانی ئۆتۆنۆمی یان ئەو دەستكەوتە ماددییانەدا ناگرێتەوە ئەگەر چی گرنگیشنو زۆریشن بەڵكوو پەیوەستە بەو وێنە ڕاستەقینەی جەماوەری گەلی كوردمانەوە كە بۆ یەكەمین جارە خۆی دەبینێت بەشێكی كاریگەری ئەم بنیاتنانەیە لە چوارچێوەی واقیعی هەست پێ كراوەوە جگە ئەو پەیوەندی مێژوویییانەی كە لە ویژدانی هەمووانداە ٠

ئەگەرچی هێشتاكە چەند كەسێك هەن بەوە قایل بوون هەموو بەرژەوەندییەكی ڕۆڵەكانی نیشتمانەكەیانو گەلەكەیان پشت گوێ بخەنو لەسەر هەموو ئەم بنیاتنانە بڵندەوە باز بدەن بۆ ئەوەی وەك دەستو پێوەندی سەر

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

هێشتا.. نالبەند!

صدیق خالد هروری ـ

ئەحمەدێ نالبەند شاعرێ شعۆرەکا نەرمین و نازك ، بانگدەرێ ڕاستی‌یەکا بڕمونەق و شەفەق دای ، نژدەڤان و ئزیرەڤانێ هیڤبێید گەلێ خۆ ، نەخۆشێ دمردێ دایە بن و کیسە دای ، ڕەبەن و ژارێ بەر دەرگەهێ خۆدای ٠٠ هێشتا دبێت و دبێت ئۆ هێشتا بئێشا مەزن دنالیت و دکێت ٠

نالبەند ، هەرچەندە ئیرۆ خۆدانێ سێ دیوانایە بەلێ ئەڤێ هێشتا ژهنێرا نالبەندی کێم نەکری‌یە و فە برینا وی هێشتا کەواندی‌یە ٠٠٠

بەلێ ئەڤێ جارێ نالبەندی هەوارا خۆ بری‌یە بەر دەرگەهێ خودای و خۆ کری‌یە قەرەچەکێ بێ خوەی و بێ مال ٠٠! هەتا شیای جهێ خۆ دئازاکرنێدا بکەت و بهێتە غەفرین ٠

ئەز چووم و حەبیب هات و وەکی تێك تەفقین ئەم
وەك بەرق و بریسکێ ژ دلێ گەش برقین ئەم
عەسمانێ جەمالا تە عەجەب چەندی بلندە !
رۆژین سۆحارا سۆبەهێ لێ شەرقین ئەم
بەحرا مە درێ دا چ گەلەك کورو درێژە
مەلاح نەبی تۆبە خودێ دێ خەنقین ئەم
ئەم ئفرۆکە حەیرن نەحەلال و نە حەرامین
نا دەت لمە بائێ وەرە ژۆرو حەرقین ئەم
مادەم نەڤەخوینی مە بلۆطف و کەرەما خۆ
وەك هێکا هۆمانێ لچیائێ مەرقین ئەم
تبعەت قەرەچین و مە مشۆت ئانیە مالێ
بازاڕی بکە ژ مە ژ دەری نا قەلقین ئەم
هاتینە دەرێ پاکێ سەرائێ بفەقیری
ڕاوەستە نهۆ هات ئەمر پێ جنقین ئەم
پێ چەند مە ڕاکر بۆ دەرازین و حزۆرێ
دا دەستێ مە بگری تە نەگرت و چەلقین ئەم ٠
بەر چەندی موسیبەت بن و باڤێژی‌یە بەحرێ
دا زوو مە تژی‌کەی ئەڤە بەسن طەبقین ئەم
سەر شۆڕو شیرا چەند تو دەرێخی چی‌یە فابدە ؟
هاتین نەدەرێخە مە درەنگەو عەوقین ئەم
جاردا مەکەهێ نینە دالێ پڕ کەسەرێ مە
بەس لێ وەرە ئو بزفرە گۆناهەو تەرقین ئەم
ما چۆیفو قوتان بۆ مە بتنێ لازمو فەرزن
ڕهیەك مە نەما ساخو پەقینو دلەقین ئەم
مادەم تو دیاری شەڤو ڕۆژ بەس خۆ ڤەشێرە
خۆ دل نەوەکی چاڤی کولە دا بنفسین ئەم
هەر ئەصلێ وجودێ نوی دارا لشهودی
خێر بیتو گۆنەهـ ئاخری من گۆتو چەقین ئەم
نینە مەنزانی تو چەوانی ئەم چ شەئنە
ئەمما نە بدەستێ مە بتنێیە زەلقین ئەم
تێك چووینە بقەهارو بستاری وە بووبنە
غەفارە مە زانی ژڤێ بۆ فەفقسین ئەم
شۆلا مە نهۆ گۆت ئەوە ئەوەلو ئاخیر
خۆ ئەم نە خشیمین و وەك ژنوو خۆلقین ئەم
من هەر تو دڤێی حاسمە کو حاشالتە نەڤێم ئەز
ڕەحما تە وەکی حەددی نەبوو پێ عەلقین ئەم
مادێ تۆ بەکوفرێ مە مرینی لسەر کەراتێ
ڕەبی وەنەکەی چونکە بئیمان نەفقین ئەم
عالەم ژ عەدەم وەقتێ تە ئینایە وجودێ
ئیمان مە ڤیا ئو ئەبەد لێ عەشقین ئەم
حیلماتەیە گەمیا مە ئو ڕەحماتە گەمی ڤان
پاژو مەژڤێ بەحر بەلائێ هەزقین ئەم
هەرچەند تو گۆنەهکاری نهۆ ئەحمەدێ موخلص
لازم تە عەفوو کین کو ڕەبولفەلەقین ئەم ٠

● ـ ژدەستنڤێسا نالبەندی بخۆ هاتی‌یە وەرگرتن ٠

خوان ڕامۆن خیمینێس

شیعر لەهەندەران

محمد کاکەیی لە ئیسپانی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی

شیعر

سەرەتا بە پاکی هاتو
بەرگی بێتاوانی کردبووە بەر
وەك کۆرپەیەك
خۆشەویستیم ئاراستەی کرد
× × ×
بەڵام هەر کە ئاڵاو واڵا خۆی
نیشاندا
کوورەی ڕقم تەقییەوە
× × ×
کاتێ بووە شابانووێ
فیزی بە سامانەوە لێدەدا ٠٠٠
ئەوە چ نفرینێکی پیسە
بەسەر جیهاندا دەبارێ ٠٠٠
× × ×
خۆ کە شاڵە پاکەکەی جارانی
لەبەرابوو
ئەم جارەش وە کوو جارانی تر
چۆکم بۆی داو
کڕنوشم برد
× × ×
کە ئەو شاڵەشی فڕێدا
بە رووتو قووتی مایەوە ٠٠٠
دە وەرە! ئارامی دەروونی پەشێویم

ئەی شیعری رووت
هەتاوەکوو دنیا ماوە
تۆ بۆ منیو
منیش بۆ تۆ

لاوی

بۆ ماوەیەك
لە بانیژە
هەردووك
بە تەنیا ماینەوە
هەر لە سپێدەی ئەو رۆژەوە
بەلێنی دلداریمان
بەست ٠
× × ×
ئەم دیمەنە
سیحراوی‌یە
لە ژێر ئاسمانی پەمەیی‌یە وەنەوشەکەی
وەرزی خەزاندا
بۆ لایە لایەی
ڕەنگە ئاڵۆزەکانی دەکرد ٠٠٠
× × ×
پێموت : ئەمەوێ ماچت بکەم
بەبێ دەنگ
چاوانی داگرت
گوناى دامێ ماچی بکەم
هەروەك هەموو سامانی
بدۆڕێنێ
وا خۆی نواند
گەڵای مردوو
دادەرژایەنێو باوەش
باغی بێدەنگ
کەچی هێشتاش
بۆنی گوڵە بەرۆژەکان
پەیتا
پەیتا بە سەر دڵی باغدا دەڕژان ٠٠

● ● ●

نەبدەوێرا تەماشام کات ٠٠
کە پێموت : ئێمە
ئەویندارى یەکین
هەردوو چاوی بوون بە کانی
فرمێسکی بە گوڕیان
دابارلند ٠٠٠

خۆان ڕامۆن خیمینێس بە گەورەترین شاعیر لیریکی ئیسپانی سەدەی بیستەم دادەنرێت ٠ لە(٢٤)ی دیسەمبەری ١٨٨١دا لە دێی (مۆگیر) لە شاری (ئویلڤا) لە دایك بووە ٠ لە رۆژی (٢٩) مایسی ساڵی ١٩٥٨ لە (پۆرتۆریکۆ) گیانی بە خاك سپارد ٠
بەرهەمەکانی بریتین لە :
ـــ منو پلاتێرۆ (منو کەرەکەم) ٠٠ پەخشانە شیعرە
ـــ کۆمەڵە شیعری گیانی وەنەوشە
ـــ دیوانی باغچە دوورەکان
ـــ هۆنراوەی بەهار
ـــ دیوانی بەردو ئاسمان ٠

دراما چی یە؟

فاریقی مام شین ئامادەی کردووە

پرسیارێکی گەورەیەووەڵامدانەوەی ئاسان نیە ، یەکێ لەو تەگەرانەی کە دێتەسەر ڕێ ، ئەوەیە کە ووشەکە چەند مانایەکی جۆراو جۆردەگەیەنێ ٠ بۆ نموونە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا ، زۆرجار ئەم ووشەیەمان دەکەوێتە بەرچاو

کە ئەویش پەنجە بۆ هەندێ کارەساتی جەرگبڕ رادەکێشێ ٠

ئەوەی روونو ئاشکرایە ، ووشەکە زیاتر مانای بوون یان هەناسەدان دەگەیەنێ ، ئێمە هەندێ جار کە هەڵوێستی درامی یەکێ دەخوێنینەوە ، کە چۆن لە مەترسی رزگاری بووە ، یاخود دیمەنی یارییەکی فوتبۆلینی شەقوەشاندی توندو تیژی لە شێوەی دارما دێتە بەر چاوان ٠ لەبەر ئەوەی کە ووشەی دراما پەنجە بۆ کۆمەڵە کەسانێ رادەکێشێ کە لەبەرچاوی بینەران تەمسیل دەکەن ، جا بۆیە پێوستە لەسەرمان کە ووشەی دراما چۆن لە رۆژنامەکانی ئەمرۆماندا بەدی‌دەکەین هەر بەو جۆرەش تێبگەین ٠

گۆتمان دراما بەمانای تەمسیل‌کردنە لەبەر چاوی بینەران ، بەلام چ جۆرە بینەرێك ، بۆیە چەلەمەکە هێشتا وا بە ئاسانی چارەنەکراوە ٠ ئەی چی دەرباری گۆرانیو سەماو موسیقاو زەوەماند بێت دراما کەیو لەکوێ سەری‌هەڵداوە؟

بەرلەوەی زیاتر لەسەر مەسەلەکە بڕۆین ، ئەبێ بزانین کە بیروڕای رۆژئاوایەکانی دەربارەی دراما گەلێ جیاوازی جۆراو جۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی رۆژهەلاتیەکان ، هەندێ لەو جیاوازیانەش لە بەشەکانی داهاتوودا باس‌دەکەین ، بەڵام ئێستا ئێمە با وادابنێین کە باسی درامای ئەوروپاو جیهانی رۆژئاوا دەکەین ، ئەوەی راستینێ دەتوانین بڵێین کە تربیکەی هەموو یەکێ لە ئێمە مانان بەشدای دیمەنێکی درامی‌کردووە بەبێ ئەوەی هەستی پێ‌بکەین ، زۆربەی زۆری ئەو سەما میللیو نەتەوەیانەی کە لە شارەکاندا پێشکەش دەکرێ کە ئێمە مانان بەشداری تیا دەکەین کە زۆر لە شێودی دراما دەچن ٠

هەندێ جار کاتێ کە بەشداری نوێژکردنی بەکۆمەڵ دەکەین خۆی لە خۆیدا دیمەنێکی درامی دەنوێنێ هەربۆیەش سەبارەت بە درامای ئایینی کە بۆ ماوەیەکی چەند سەدە هەر بەهەمان شێوە پێشکەش‌دەکرا ، ئەو پێش‌نوێژەی کە قسەدەکات لەگەڵ قسەکردنیشدا دەستی دەجولێنێ بەجۆرێ لە ئەکتەرێ دەکات کە دەوری خۆی لەسەر شانۆ دەبینێ ٠ کاتی وا دەبێ کە دەمانەوێ قسەی هەندێ کەس دووبارە بکەینەوە بۆ ئەم کارەش ، دەبێ هەمان قسە بەشێوەیەکی لاسایکردنەوە بگرینەوە کە نارادەیەکی زۆر لەکردارو رەفتاری ئەو کەسە نزیك بێ ، با وایدابنێین کە خۆتو هاوڕێکەت چوون بۆ شانۆ دیتان دوو کەس لەسەر تەختەی شانۆکە لە نێوان خۆیاندا وتو وێژ دەکەت بەجۆرێ کە تارادەیەك کارێ تێ‌کردن ، پاشان دوای جێ‌هێشتنی شانۆکە ، ویستان هەمان دیمەن بە لاسایکردنەوە بۆ کەسانی تر بگیرێنەوە ، ئەو کارەی کە ئێوە پێ‌هەڵدەستن بەشێکە لە دراما ٠ ئەی باشە گەر بڵێین ئەی چی دەربارەی ئەو کەسانە بڵێین کە زۆر کاتی وا دەبێ خەڵك لە ئێستگەی رادیۆ لە شێوەی بازنەیی دانیشتوونە هەریەکێ بە دانیشتەوە بێ‌ئەوەی هیچ هاتو چۆو دەست بجولێنن دەوری خۆی دەخوێنێتەوە یا کەسانی وا هەن تێکستی شانۆیی دەخوێندنەوە لە هەردوو حاڵەتدا گوێگرێ یا خوێنەر ئەبێ شێوەی نواندی ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ بهێنێتە بەرچاو ٠

زۆر کەسی وا هەن دەڵێن کە گوایە ناوەرۆکی دراما ئەبێ مەرجی کێبەرکێی تیادا بەدی بکرێ ، ئەوەش مانای ئەوە نیە کە هەموو شانۆگەریەك دەبێ شەڕو بۆکسێنی تیادابێ ، بەڵکو دەبێ بەلای کەمەوە دوو دەستەی دژ بە یەکی تیدا بەدی‌بکرێ ، پەندێکی ئینگلیزی هەیە کە دەڵێ گێرمەو کێشە بەبەك کەس دروست نابێ ، لە کوردەیەکەی خۆشماندا «چەپلە بە دەستێ لێ نادرێ کە هەمان مانا دەگەیەنێ ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کاتی وا هەیە ، کە دەبینین کێبەرکێ لە ناو ناخی تەنیا مرۆڤێك ڕوودەدا بۆ رەنگدانەوەو پیشاندانی ناخی ئەو مرۆڤە لەسەر شانۆ ، پیوستمان بە دوو کەس یاخود جاری وا هەیە چەند کەسانێك هەبە ٠

دراما گەلێ جۆری هەیە ، بەڵام ئێمە لەم بەشەدا تەنیا پەنجە بۆ دووانی سەرەکی رادەکێشین ، کە ئەویش تراجیدیاو کومیدیابە ، تراجیدیا هەموو کات ئەنجامەکەی بە کارەساتی جەرگبڕو ژانلەدڵ دێت ، بەڵام هەرچی کۆمیدیایە ئەوە سەرەناو کۆتایی (پێکەنینە) لەگەڵ چێش لەراستییدا هەندێ جار زۆربەی زۆری کومیدیاش رەنگدانەوەی ئێشو ئازاری مرۆف دەخاتە روو ٠

دراماش هەروەکو لقەکانی تری هونەر بەشێکە لە ئەدەب هەروەك رۆمان چۆن بە شێکە ئەویش هەروا ، بەڵام ئێمە کە ڕۆمان دەنووسین زیاتر بۆ خوێندنەوەیە ، کەچی هەرچی درامایە یاخود شانۆنامە ئەوە زیاتر بۆ نواندن ، دەنووسرێت

هەڵبژاردەی هاوکاری

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

نووسینی یەشار کەمال

احمد محمد اسماعیل کردویەتی بە کوردی

ئەلقەی سێیەم

ساڵانێ لەمەوبەر ، تازە هاتبوونە ئەستەموول کابرایەکی پیری پەككەوتە پالتۆیەکی بەخەتۆکداری لەبەردا بوو ، لەگەل منالێکی حەوت هەشت ساڵاندا دەهاتە مەیدانی «تەقسیم» جارێکیان بینیم هەر لەوێدا پەلەوەری لە منالێکی ڕەنگ زەردی پێ پەتی یانزە ساڵی دەکڕیو ئازادی دەکرد ، یەکە یەکە باڵندەی ناو قەفەسەکەی دەکڕی جارێ خۆی جارێ منداڵەکە بەنۆرە بەرەڵلای ئاسمانیان دەکرد ، لەگەڵ ئازاد کردنی هەر مەلێکدا سێ کەس بەجارێ هاواری خۆشی‌یان لێ‌هەڵدەستا : لەولاشەوە کتکێك ، لەناو دار چنارەکاندا خۆی مت کردبوو ، هەندێ لەو پەلەوەرانەی بەرەڵلا دەکران نەیان دەتوانی بفڕن ، دەکەوتنە زەوی دەکەوتە نێوان پووشو پەلاشی نێوان دارەکانەوە پیرە پشیلەش پڕی تێدەبرد ، چنگی لێ گیردەکردو بە قەپاڵ پارچە پارچەی دەکرد کە لێدەبووەوە دەستی بە سمێڵا دەهێناو دووبارە خۆی مت دەکردەوەو بێجوولە چاوی دەبڕییەوە ئاسمان ٠

ئێستا جاران ئاسا لە پێش حەوشەی مزگەوتەکەی «ئەیووب» وەکوو پێشوو پەلەوور ئازاد ناکرێ منالەکان پەلەوورەکانیان بۆ بازاڕی پەلەووری «ئەمین ئوێنی» دێنن٠ مەلبازەکانیش دەکەونە ناوبانو لەناو سەدەها پەلەووردا چەندانەیەکی دەگمەنو چاکیان تیا هەڵدەبژێرن ئەمانیش بەو کەسانەیان دەفرۆشنەوە کە مەراقی مەلنو پەلەوور بەخێو دەکەن ٠ پاشماوەکەی لە ملیان دەمێنێتەوە خۆشیان نازانن چی لەم هەمووپەلەوورانە بکەن ٠

بە قەفەسی پڕو جەستەی ماندوو دڵشکاوییەوە دەگەڕێنەوە ٠

ئەوانەی مێژووی شاری ئەستەموول دەنووسنەوە ، گەر بێتو مێژووی پەلەوورەکانی دەشتی «فلۆریا»و ڕاوکەرانی فەرامۆش بکەن ، ئەوا بەلای منەوە نووسینەکانیان پوولێك ناهێنێو ڕەنج خەسار دەردەچن ٠٠ سەدان ساڵە خۆشی ملیۆنەها پەلەووری ئازادکراوی بەردەم تەوراتو کلێساو مزگەوتەکان تێکەڵ بە بزەو ختۆکەی مرۆڤەکان دەبێت ٠٠ ئەمە کارێکی کەمە؟؟ لەوە دڵنیام ٠ رۆژێك‌دێت ، زانایەك ، دڵپاکێ پەیدا ببێو مێژووی پڕ شانازی پەلەوورەکانی دەشتی «فلۆربا» دەنووسێتەوە ، ئەو کاتە ، ئەستەموول گەورەتر دەبێ ، ئارایشتی خۆی دەداو دەبێتە شارێکی زرمە ٠٠گەورەیی شاری ئەستەموول بە چییەوەیە؟ بە دەریاوە ، یان بە کۆشکو تەلارەوە یان بە ئاسمانی شینیەوە یاخود تەنیا بە مرۆڤەکانیەوەیە؟ یان بە پەلەوەرەکانی دەشتابیەکەی فلۆریاوەیە ؟٠٠٠٠

دوای چەند رۆژێکی کە «جانۆ»م لەگەڵ تۆغرولدا بینی بە تەنیشت یەکەوە دانشتبوون ، هەردوکیان چەنەیان خستبووە سەر چۆکیان ٠٠ دوو رۆژی نەبرد ، بوون بە شەش کەس ، دیسان بێووڕتە ، بێ ئەوەی تەماشای هیچلایەک بکەنو لە روویاندا هیچ شتێ بخوێنرێتەوە لە سەر تەپلێ سکەکەی تەنیشت تەلبەندەکەو لەپایین سەوزاییەکەوە دانشتبوون ٠

ئەوانەی لای چادرەکە ، ڕاوەستانیان نەبوو ، بەیەکدا دەهاتن ، شپرزەی کاری خۆیان بوون ، فیکەیان دەکێشا ، پەلەوورەکانیان بانگ دەکرد ، داوەکانیان بەسەر ئەو پەلەوورانە دادەدابەوە ٠ لەولاشەوە تۆغرولو هاوڕێکانی بێدەنگ دانشتبوون٠٠ ئەمانیش قەفەسیان لە یەکەوە دەبوو بە دوو ، دوو دەبوو بە سێ ، ئێستا وا ژێر چادرەکەیان سیخناخە لە قەفەسی پر لە پەلەووری زەرد ، سوور ، زەردی تۆخ ، سووری تۆخ ، شینی تۆخ ، وەك فڕێنك بە دەوری یەکتردا دەخولێنەوە ، باڵەفڕێیانە ، هەوڵی مەرگ دەدەن بۆ قورتار بوون ، بەتوندی خۆیان بە تێلی قەفەسەکاندا دەدەن ٠٠ قەفەسەکان پڕن ، هەشت قەفەسی پڕ لە پەلەوور ٠

ئەو قەفەسە ٥٠ سانتیم پانو ٨٠ سانتیم بەرزانە هەیە ، هەشت دانە لەو جۆرە قەفەسانە هەشتی تەواو٠

ئەم منالانەی «فاتحە» نییە ،٠ باشە من چۆن زانیم ئەم منالانە لە «فاتحەوە» بۆ ئێرە هاتوونها؟ ٠٠ نازانم من هەر لە خۆمەوە دەڵێم خەڵکی ئەوێن ببێتو نەبێت ئەمانە هەر خەڵکی «فاتح»ن ٠ ئەم «فاتح»یانە بە چاوی پڕ گومانو ڕقو ؟ ترسو سڵمانەوە دەیانڕوانییە ئەو شەش منالەی کە لەولایا وە بە چاوی گومانو شڵەژانو ترسەوە تەماشایانیان دەکرد ٠

ئەم ساڵ ، ساڵەکەی هاتە ، پەلەوورێکی یەکجار زۆر بۆ دەشتاییەکە هاتوون ٠ لە هەمە چەشنە ، لە وانەی کە تا ئێستا نەبینراونو نازانرێ ناویان چییە ، قەفەسەکانیان لێپڕ دەکردن ٠٠ شەش دانە لەو مەلانەی کە هەر یەکەی بەقەد دەستێك گەورەبوون خۆیان سوورو ژێر باڵ سپی‌یان گرتبوو ، خوا ئەیزانی هەر یەکەی حەوت لیرە دێنێ ٠

شاهۆیەکیانیش گرتبوو ، شاهۆکەیان بە تەنیا لە قەفەسێکدا هەموو رۆژێ پێنج شەش سەقاو « ئەسپینۆز »یان بە زیندوویی لەبەردەم دەنا ، شاهۆکەش بە تووڕە بونێکەوە چنگی لێ‌گیر دەکردنو بە دەنووك بەردەبووە گیانیان پارچەی

بروانە ل ٤

Institut Kurde de Paris

مرۆڤو

تارمایی پیری

لە دێرزەمانەوە مرۆڤ هەوڵی ئەوە دەدات دەرمانێك و چارەیەك بۆ پیری بدۆزێتەوە ··· پیری خێوێکی سامناکەو ترسی لەدڵی مرۆڤا چاندووەو شاوگەدا لە سەرەتای ژیانەوە هەتا ئەمڕۆ لە پیری دەترسنو بوەتە کۆسپێکی گەورەوخەمێکی هەمیشەیی بۆیان ··

دەڵێن :(دیفید شا) لەترسی ئەوەی پیری نەیگاتێ هەمیشە کچۆڵەی جوانی خواستووە بەنیازی ئەوەی گوایە شۆخیو قەشەنگی ئەوکچۆڵانە بۆخۆی هەڵمژێ بەڵام ئەم خەیالە بێ ئاکامیە دادی نەداوە ···

هەروەها باسکراوە کە -ئەلکیسی- پاڵەوانی ناسراوی یۆنانی قرتێنکی ورچی خواردووە بۆئەوەی تینو گوڕو چوستی لاوی بۆ لەشی خۆی دابێنێتەوە ···هەروەها پزیشکی هیندستانی (سوسروتا) کە لە ساڵانی -٨٠٠-ی دوای زایینیدا ژیاوە باسی ئەوەی کردوە کە نۆشینی شیری شێر بۆ بەرگری کردن لە پیری سوود بە لەشی مرۆڤ دەبەخشێ ··ئەمڕۆش مرۆڤایەتی بە گشتی لە پیری زۆر دەترسێو هەتائێستاش هەچ هەوڵێ بۆ بەربەست کردنی شالاوی پیری دراوە ··· بێ ئەنجام بووە ··· مرۆڤ بێ ئەوێو نەیەوێ لەگەڵ سووڕانی کاتژمێری کاتدا وردەوردە پیری لەشی دەتەنێ···و جێ پەنجەی خۆی لە شتیدا بەجێدێڵێ··· وەکو چرچو لۆچی دەمو چاوو پێستی لەشیو سپی بوونی مووی سەرو هتد ···

دەبێ ئەوە بزانین کە لەدوای سێ ساڵی هەردوو سیی مرۆڤو گورچیلەکانیو لێدانی دڵی و گوژمی خوێنی وردەوردە لە چاوجارانیدا سستدەبن ·هەروەها پێستی لەشیشی دەژاکێو هەرچی چەندی بیەوێ بە مەشقی وەرزشیو پشوودان بەرگری لە پیری بکات سوودی نیەو پیری هەر کەنەفتی دەکات···ویەکێ لە هۆیە هەرە گرنگەکانی بەزینی پاڵەوانی ناودار محمدعلی کلای لە تەمەنی -٣٨- ساڵیدا بەرامبەر پاڵەوانی لاو-لاری هۆلمز- بەساڵاچوونو بەرایی دیاردەی پیری محمدعلی کلای بو··· ژنان باش دەزانن کە پێست بەر لە هەموو بەشێکی تری لەش تیری پیری دەیپێکێ··· بەڵام ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە پێستدا هەیە ئەوە دەسەلمێنن کە پێستی ئافرەت لەو بارەیەوە پێوانە نیە بۆمەسەلەی پیربوونو بەتەمەنداچوونی ئافرەت ···چونکە پێست گەلێ جار گێچەڵی دەروونیو دادایی‌وخەمو جۆری خواردنو ئاوو هەواو تیشکی خۆریش کاری تێدەکەنو دەیژاکێننو تووی پیری تیا دەڕوێنن ··· لەم بارەیەوە ئافرەت ئەگەر بێتو هەر لەتەمەنی (٢٠-٣٠) ساڵی یەوە بایەخ بە پێستی لەشی بداتو خزمەتی بکاتو لە جگەرەکێشان دووربێ ئەوە دەتوانێ قۆناغی پیری دوابخات··· شایانی باسیشە ئەو کەسانەی کە ناتوانن واز لە جگەرەکێشان بێنن دەبێ فیتامین - E - زۆربخۆن چونکە ئەم فیتامینە گوڕوتینی خوێن بەهێز دەکاو چالاکی بەلەش دەدات··· هەروەها دەبێ فیتامین -ث- بخۆن چونکە ئەم فیتامینەش ژاراوو تاڵاوی جگەرە رادەماڵێو پارێزگاری پێستیش دەکات لە زوو ژاکان ··· چونکە کاژی - کولاغان - دەپارێزیو ئەم کاژەش وەکو دەڵێن کلیلی بەردەوامی لاویو چالاکی لەشە ··· لەم بارەیەوە - فکبت سلوکوم - خاوەنی پەیمانگای پەروەدەکردنی لاوان دەڵێ : لە ٨٠٪ خەڵك دەبێ چارەسەری خۆیان بکەن دژی زوو پیربوون چونکە ئەمانە جگە لەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیدا گەورەبوونو لە خواردنیشدا سەریان کردۆتە شیرینیو خواردەمەنی قوتوو چەوری ئاژەڵو شتی کیمایی بە زۆری دەخۆن··· ئەم کەسانە دەبێ زیاتر فیتامین - E - و - B15 - بخۆن ···جگە لەوەش ئێستا گەلێ تاقیکردنەوەی پزیشکایەتی هەیە بۆ تازەکردنەوەی لاوی تارادەیەك ··· ئیتر تاقیکردنەوە بەردەوامەو ئومێد لە بارەی تازەکردنەوەی لاوی‌یەوە زۆرە پاشە ڕۆژیش سەنگی مەحەکی تاقیکردنەوەکانە ···

ل·ت · کردویەتی بە کوردی

ڕەنگە ئێمە شارەزای جمو جووڵو خووی گەلێ لە ئاژەڵو باڵندەبین بەڵام ڕەنگە کەسمان نەزانین کە ئاژەڵو باڵندەکان لەناو خۆیاندا چۆن لە گەڵ یەکتردا ئەدوێنو لەیەکتر تێدەگەن ···

ئاژەڵو باڵندە
چۆن لەگەڵ یەکتردا دەدوێن

هەندێ لە گیانلەبەران بەو جۆرە لەگەڵ یەکتردا دەدوێن پەڕوو تووکیان گف بکەنەوەو هەندێکیان جۆری ڕەنگی لەشیان دەگۆڕنو هەمو جۆرە ڕەنگ‌گۆڕینێك واتایەکی تایبەتی هەیەو ئەو گیانلەبەرانە لەناو خۆیاندا لێی تێدەگەن ··· شایانی باسە ئەم جۆرە قسەکردنە زیاتر لە کاتی ناکۆکیو ناسازی نێوانیاندا ڕوودەدات·

سەمای هەندێ باڵندەو هەندێ لە جمو جووڵیان جۆرێکە لە قسەکردنو دەربڕین سەبارەت بە بابەتێك لەناو خۆیانداو هەرجۆرە ئاژەڵو باڵندەبەکیشی دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیەو هەندێکیان لە خودی خۆیەوەو بەخواستی خۆی ڕوودەداتو هەندێ جاریش بە بێ حواستی خۆیو بەم هەڵوێستێکەوە هەڵچوونو تووڕەبوونی تیابێ دەسبەجێ دەزگای (هەرس کردنو خوێن بە ڕەودەمارو مێشکی بەگوژم قوڵپ دەداو بەخێراییو قووڵی هەناسە

شێوەیە ڕوودەدەن : - ئەم خولی خوێن)ی دەگۆڕێو دەدات ··· وپلەی گەرمای گیانلەبەرە کە ئەکەوێتەوە لێدانی دڵی بەرزدەبێتەوەو لەشی زیاد دەکاو ئەم گاز انەش گۆڕان لە جۆری ڕەنگی لەشیو جووڵانەوەکانیدا دروستدەکات ··· هەندێ جاریش ئاژەڵەکە لە کاتی تووڕەییدا پیسایی یان میز بەخۆیدا دەکات یاخود بۆنێکی تایبەتی دەڕژێنێ بۆ نموونە سەگی گەماڵ لە کاتی تووڕەییدا بۆن دەڕژێنێ ·· ئەم بۆن ڕژاندنەشی جۆرە پەیوەندییەکی گرنگە لە نێوان گیانلەبەراندا ·· گەلێ جار لە باخچەی گیانداراندا کە زۆر چاودێری مەیموون بکرێو هەموو جووڵانەوەو هەستانو دانیشتنێکی ببەوێ ڕووی گرژدەکات ئەوەش مانای ئەوەیە ئەو کارەی پێ ناخۆشەو حەزناکات خەڵك زۆر تەماشای بکەن ··· شایانی باسە گۆڕانکاری لە خولی خوێنی ئاژەڵدا دەبێتە هۆی بزرکاندنی ڕەنگیو ئەم ڕەنگ بزرکاندنەش لە لای مەیموونو کەلێ لە باڵداران واتای تایبەتی هەیە ··· گۆڕانکاریش لە بارەی هەناسەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگو سووك بوونی هەستی گوێ وەکو لەبۆقو جۆرەکانی بۆقدا ڕوودەدات ··· لەکاتی گۆڕانی پلەی گەرمای لەشی گیانلەبەردا بەتایبەتی ئەو گیانلەبەرانەی شیریان هەیە ئەوکارە واتە گۆڕانی پلەی گەرما دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی بۆنکردنو بەهێزبوونی هەستی بۆن کردنیشی دەورێکی سەرەکی دەبینێ لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەو جۆرە گیانلەبەرانەوە··· شایانی باسیشە هەنگ ئەگەر یەکێکیان جۆرە خۆراکێکی خۆشبدۆزێتەوە ئەو دەکەوێتە سەماکردن بەدەوری کوورە هەنگەکەدا بۆ ئەوەی بەوشێوەیە هەموو هەنگەکانی کوورە کە ئاگادارکات ·· ئەگەر هاتو ئەو خۆراکەی کە هەنگەکە دۆزیو بەتیەوە لە نێوانی کوورە هەنگەکەو بەرامبەر بە خۆربوو ئەوا ئەو هەنگەی کە خۆراکەکەی دۆزیوەتەوە لەم سەرتائەو سەر دەکەوێتە سەماکردن·· ئیتر بەوجۆرە هەنگەکە هەمەرو هاوڕێکانی تێدەگەیەنێ کە خۆراکی لەکوێدا دۆزیوەتەوەو هەموو هەنگەکان لە خۆراکە دەوروژێن ···

زانستی هونەری سینەما

ماریای ڕەش
« فلمۆلۆجیا »

چەن ووشەیەکی پێویست :

ئەگەرچی تا ئێستا (بەداخەوە) سینەمای کوردی نییە بەڵام ناکاتە ئەوەی کە لە ماناو مەبەستو هۆی بوونی سینەما نەزانین ·· ئەمەو چەن هۆیەکی دی هانیدام کە ئەم باسە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی کورد · بەو هیوایەی توانیبێتم بەشێ لە ئەرکی سەرشانی خۆم وەجێ هێنابێو سوکە بەشدارییەکم کردبێ بۆ پڕکردنەوەی کەلێن لە کتێبخانەی کوردیو ئەم هونەرە مەزنو جیهانییەم بە زمانی کوردی بە نەتەوەکەم بگەیێنم ·· هیوادارم ئەم سووکە دیارییەم لێ قەبوڵ بکرێ ··

لەقتە

بەشێکە لە فلیمی چاو بە شێوەیەکی بەردەوامو بێ ڕاوەستان وێنەی ئەگرێ ئەمیش بە گۆڕینی کامیرا لە شوێنی دیاری کراوی خۆی تاوەکو ڕاوەستانی ئەبێ لەقتەی سینەماش بەپێی قەوارەو درێژیی ئەگۆڕدرێ ، هەر لەم لەقتانەش بەردەو هەڵوێست پێك دێ ئەم کۆمەڵەش لە چەند بەردەیەکە فلیمك دێنێتە بەرهەم ئەتوانین بڵێین لەقتە بریتیە لە یەکێتی زمانی سینەمایی وەك چۆن وشە زمانی ئەدەبی پێکدێنێ لەقتە لە ڕوانگەی وێنەوە بریتیە لە بەشێك لە فلیمی چاپکراو لە نێوان ئەو ساتەی کە وێنە ئەگیرێو ئەو ساتەی کامیرا ئەجوڵێتەوەو ئەو ساتەی کامیرا تیایا ڕائەوەستێ لە ڕوانگەی مۆنتاجیشەوە بریتیە لەو بەشەی ئەکەوێتە نێوان بڕینو بەیەکەوە بەستن ، لە ڕوانگەی بینەرەوە ئەو بەشەیە ئەکەوێتە نێوان دو پەردە ، یان قەوارەی دوو لەقتە جیاوازێکی زۆر لە نێوان بیرورای سینەماییەکان داهەیە لە دانانی سنورو قەوارەی لەقتە بەتایبەتی لە فەرەنساو بەریتانیاو وڵاتانی‌دیدا ڕێبازی گشتی لەسەر قەوارەی لەقتە وا بڵاوبوەتەوە لە لەقتەی نزیكو ناوەندیو گشتیدا ، بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە لەسەر سنوری لەقتە ڕێك‌کەون . جیاوازی بنەڕەتیش لەسەر لەشی مرۆڤو دیمەنی گشتیو ئەو شتانەی ئامادەی بۆ وێنەگرتن دایە .

لەقتە ناوەندی

ئەو لەقتەبەیە کە کامیرا تیایا لە لەقتەی گشتی نزیك تر ئەبێ ئەو نزیکیە نیە کە لە باری لەقتەی نزیکا ئەبێ بەگوێرەی مرۆڤەوە لەقتەی ناوەندی لە سەرەوە تاوەکو سەر ئەژنۆ ئەگرێتەوە ناونراوە بە لەقتەی ئەمریکی یان لەقتەی فراوان .
فراوان

لەقتەی گشتی ناوەندی .

ئەو لەقتەبەیە کە ئەکەوێتە نێوان لەقتەی گشتیو ناوەندی ئەمیش کۆمەڵێك خەڵك ئەگرێتەوە بە مەرجێك کامیرا چەسپاوو نزیك‌بێ ئەو کۆمەڵەش لە دوکە سەوە بۆ سێ کەس بێت .

لەقتەی گەورە

لەقتەیەکی زۆر نزیکە لە کامیرا ، هەموو چوارچێوەی وێنە ئەگرێتەوە وەك [ڕوی مرۆڤ - یان قوتوبەکی گەوهەر یان چەپکە گوڵێك] پیشاندانی ئەم جۆرە لەقتەیەش بۆ دەرخستنو چەسپاندنی شتێکی دیارە هەروەها نزیك کردنو ڕاکێشانی بینەرانە بۆ بینینیو بەرزبونەوەی ڕوداوی درامیو بایەخدانی زیاتر بە زنجیرەی ڕوداوەکە لە پێناوی چونە ناو پێستی کەسایەتی بەشێوەیەکی قوڵ کە بە جۆرە نیشانەیەکیش لە هونەری سینەما دائەنرێو جیاوازییەك لە نێوان سینەماو شانۆدا دروست ئەکا .

لەقتەی پانۆرامی

ئەو لەقتەبەیە کە کامیرا تیا ئەچەسپێو تەنها جوڵانەوەی بۆ لایەنەکانی تر ئەبێ ئەمیش بۆ بەردەوام بون لەگەڵ جوڵانەوەی دیمەن یان پیشاندانی دیمەن بەشێوەیەکی گشتی ئەم جوڵانەوەیە لە لای ڕاستەوە بۆ چەپ ئەبێ یان بە پێچەوانەوە جۆرێتی ئەم جوڵانەوەیەش لە خێراییو بەشێنەیی ئەکەوێتە سەر پێداویستی هەڵوێستو دیمەن گۆڕین قەوارەی وێنەش لە لەقتەی گشتیەوە بۆ نزیك یان ناوەندی هەر بەپێی پێداویستی دیمەنو هەڵوێستە ئەم کردارە بە ناوی (پان Pan) ناوی لە نێوان دەرهێنەرو وێنەگرەکان دەرکردوە

ماوەی لەقتە

ماوەی پیشاندانی کاتی لەقتە لە سەر شاشەی بچوك و گەورەدا بە چرکە یان دەقیقە ئەژمێردرێ بەڵام درێژی لەقتە بە پێ یان مەتر ئەژمێردرێ زۆر جاریش بە چوارچێوە واتە فریم (یەك وێنە) .

لەقتەی دور

بریتیە لەو لەقتەبەی کە لەدورەوە وەرئەگیرێ باتایەکی گەورە لە ئەرز پیشان ئەدا یان باتاییەکی گەورە لە دیمەنی گشتی سروشتی کە لە پێش‌چاوو پەخش کراودایە ..

بەختیار سیامەنسوری

باڵندەکان ـ پاشماوە

پارچەی دەکردنو دەیخواردن ·

لەم ناوەدا شاهۆ زۆر کەمە : بەدەست نەدەکەوت · ڕەنگە لە شوێنێکی دوورە هاتبێتن ، لەوانەیە هەرلەچەمەکەی «ئەسترانج»ەوە دوای ئەم پەلەوورە بچووکانە کەوتبێ تا گەیشتووەتە ئێرە · هاتو ، لە ئاسمانەوە وەك بروو سکە خۆی بۆ ئەو پەلەوەرانە شۆڕکردەوە ، کە بۆ فرێودانی پەلەوەرەکان بە بەن بەسترابوونەوە ·

ئەوەندی نەمابوو بەنومەن بیچرێنێ ئێتر لە پڕ تۆڕەکەی بەسەردا دادرا ، بەم حالەشەوە پەلەوورێکی بچووکی لە ناو تۆڕەکەدا بە چنگەوە گرتبوو ، چنگی لە تۆڕەکە گیرکردبوو تا لێیان کردەوە بە دەنووکی دەستو پلیانی خوێناوی کرد ·

شاهۆیەکی بازووە · بە سی لیرە بە «خلیل کاولی »یان فرۆشت ، دواجار دوو « باز »ی کەیان گرت ، ئەمانەشیان هەر یەکەی بە ٢٥ لیرە بە « خلیل کاولی » فرۆشت ئەم « خلیل »ە لە دێی « قەواق » ڕاوکەرەکانی فێری باز هەڵدان دەکرد ·

لە دوور ، بە ئاسمانەوە بەسەر دەریاکەوەوە بازێکی کە دەسووڕایەوە ، خۆم لە چادرکە نزیك کردەوە :

« تەماشاکەن ، ئا ئەوە شاهۆیەکە »

کورتە باڵا چاو سێ‌گۆشەیەکەیان ووتی :

« بینیومانە » ·

« دێت · ؟ »

« پاش تۆزێکی کە لێرەدایە » ، هەناسەیەکی هەڵکێشاو دووبارە ووتی « زۆر نابات بۆ ئێرە دێت ·· بەڵام ··· »

« بەڵام چی ؟ »

« ئەمانە تۆڕو داو پارچە پارچە دەکەن ، دواجار ، بێجگە لە خلیل کاولی کەسی کە عەودالیان نین ، ئەویش لە بیستو پێنج لیرە زیاتریان پێ نادات ··· خێریان نییە ، سەرە پیازێك ناهێنن ··»

باڵا درێژەکەیان ، وەك دەمێك بێ چاوەڕێی نۆرە قسەی بێ هەڵیدابە :

« مردم بە دەستیانەوە ·· هەر دووریان دەخەمەوەو دەگەڕێنەوە ·· لە ئاسمانەوە بۆ سەر تۆڕەکان شۆڕدەبنەوە ··· لە دوێکەوە گیانم دەرچوو ··· »

ووتم «باشە بیگرن»

کەلەگەتەکە ملی درێژکردو تەماشایەکی مەلەکەی کرد ، « زۆر نابات خۆی دێ ··» تا ماوەیەکیشی ملی هەر بەو ڕەپییە مایەوە ··

کورتە باڵاکە لووتێکی بۆ خوراندو ووتی : «بەزیادبێ نامەوێ»

ووتم « بیگرن ·· بیگرن » ·

لەیەك کاتدا هەر سێکیان چاویان بریسکایەوە ·

« چەندمان پێدەدەبت ؟ »

دوای کەمێ بیرکردنەوە ووتم «سەد لیرە »

کورتە باڵاکەیان بە دەنگێکی بەرز ووتی «بژی»

منیش بە دوایا ووتم « بژی »

منالە کەلەگەتەکە ، ملی درێژ کردبووەوەو تەماشای مەلەکەی دەکرد ، ئەوەندەی کە ملی باریك تر بووبووەوە ·

« وەرە ، دەی ، دەی وەرە » وەك مەلەکە زوان زانبێ ئاوا بانگی دەکرد ، ئاوورێکی لێدامەوەو ووتی :

« ئێستا دێ ·· هەر ئێستا ها ئە ·· »·

کورتە باڵاکەیان پێی ووتم «حەز دەکەی تۆ بڕۆ بۆ لای چادرەکە ·· ئێستا خۆی دێت ·· دەیگرینو تۆش بیکرەو بۆ خۆت بڕۆ ··· »

« باشە » ·

ڕۆیشتمو لە قەراغ ڕێگاکەوە دانیشتم ، لەو لامەوە پەلەووری ناو قەفەسەکان کردبوویانە ڕۆژی خۆیان ··

منداڵە ئارام لێبڕاوەکە لەبەر خۆیەوە ووتی « سەد لیرە »و پەتی داوەکەی لە مشت گرتو هەڵیسەنگاندو خۆی باشتر ئامادەکرد ·· « سەد لیرە » جارێکی کە ئاوای ووت · تەماشای ئاسمانی کرد · مەلەکە ڕووەو کۆشکی سەرەك کۆمار ملی نابوو · لەژێر لێوەوە هەر « سەد لیرە سەد لیرەی » بوو ، قسەکانیم دەبیستو نەدەبیست « سەد لیرەو سەد لیرە کردی دوو سەد · باشە · یەکێکی کە ، سەد لیرە ، دوو سەد ، پێنج · دە · بیست ·· دوو هەزار لیرە ····· »

منداڵە کورتە باڵاکە لەبەر خۆیەوە بەزمێکی سەیری دامەزراندبوو · بەدووبارە کردنەوەی ئاوازێکی بۆ دانابوو، ئارامی لێبڕابوو ، دەچووە دیار پەلەوورە بەستراوەکان · مەلە ڕەش‌و سپی‌یەکە هێشتا هەر بە ئاسمانەوە بوو ، باڵەکانی کردبووەوە ، سنگی دابووە باکە ، لە ناو تەمی دەریاکەدا باڵەکانی دەبریسکانەوە ، جارێ بە چەپ جارێ بەراستدا دەفڕی ·

کورتە باڵاکە ، ملی لێ‌درێژبووبووەوە ، شپرزە بووبوو هاتو لە بەردەمی‌دا چەقی ·

« چەند دانەت لەم مەلانە دەوێت ؟ » لەگەڵ قسەکردندا دەستی بۆ ئاسمانو مەلەکە درێژ کرد ، « تۆ تەماشاکە کاکە چەند جوان دەفڕێت »

ووتم بەراستی جوان دەفڕێت ·

« زۆر ناخایێنێ ئەم مەلە دەبێت بە مەلی تۆ»

لە خۆشی خۆشیدا بوو · بەنی قاچی پەلەوورە بچووکەکانی داتەکاند · بە بەرزی مەترێك بەرزبوونەوە ، بەنەکانی پێیان لەوە زیاتر ماوەی نەدەدان دەگەڕانە دواوە ·

● ماویەتی ●

Institut Kurde de Paris

«حاجی ئۆمەران»یش وەك هەموو خاکی عیراق سەربەرزە

● هەمیشە مێــــژووی سەرفرازی کورد ئـــەوەی سەلماندووە بە مێژوو کەفارسە رەگەزپەرستەکان رۆژێك لـــە رۆژان دۆستی گەلی کـــورد نەبوونەو نابن ...

خۆ چوارچرای گەشەدارو خوێنی پڕ لەتۆڵەی قازی محمدو کەریم‌خانی زەندو سمکـــۆی شکاكو زۆرانی‌تر گەواهی ئەم راستی‌یەن ...

رژێمی خوێن‌ڕێژی ئەمڕۆی ئێران هەر لەم رەچەڵەکەن‌و لەسەر هەمان هەڵوێستـــــی نالەبارانەو قین لەدڵانـــــەی خۆیان .... دوێنێ مەهاباد و شنۆو بۆکانیان بۆردومـــان کرد ئەمڕۆش خاکـــــــی کوردستانی عیراق، بـــــەڵام هەمیشە بەگوللەو تۆپ‌و تانك وەڵامیان دراوەتـــــــەوەو کوردستانیان لێ‌بۆتـــــــە گۆڕستان ...

«حاجی ئۆمەران» ناکەوێ‌و هەر زیندووەو خاکی ئێمەیە ...رژێمی خومەینی فاشست با ئەم واقعە باش بزانێ کـــە گەلی کورد لەعیراقدا شـــەڕ دەکات‌و خوێن دەرێژی بـــۆ سەرفرازی گەل‌و پاراستنـــــی ئەم خاکە پیرۆزە ....

● بەرێز حامد احمدحسین لەم رووەوە دەڵێ :ـ

میلەت لە وولاتی عیراقداوا بۆ سێ سال دەچێ بەهەموو جۆرێك شەڕ دەکات‌و بەرگری لەم خاکە دەکات هەر لـــــە بصرەوە تا دەگاتە کوردستان بەبێ ئەوەی تەنها رۆژێـــــك چەمابێ‌و بیری لە هیلاك بوون کردبێتەوە، چونکە گەلی عیراق بەکوردو عەرەبەوە دلسۆزی عیراقیەتی خۆیانن ، ئەمە خاکی ئەژدادیانە دەپارێزن ...

لە دوورترین سەنگـــەرسەرەك صدام حسین بـــــە دیداری جەنگاوەرەکانا شـــادەبێت‌و هەموو لایەنێکـــــی ژیانیان بۆباس دەکــــات‌و دوارۆژو ئێستای عیـــراق‌و میللەتی عیراق دەخاتە روو..جا ئەگەر لە هەموو ئـــان‌و ساتێکدا سەرکردە لەگەڵمانابێ‌دەبێ هەڵوێستمان چۆن بــێ‌و چۆن لەمە زیاتر جەنگـــاوەر نەبین‌و خاکی خۆمـــــان نەپارێزین‌و بصرەو کوردستان نەکەین بە گۆڕستان بۆ رژێمی خوێن رێژی خومەینـــــی‌ودارودەستەکەی ..

● بەرێز عمر محمـــــدمیکائیل وتی :ـ

مێژووی گەلەکەمـــــان‌ئەوەندەی فێرکردوویـــــن دەربازی فارسە دڵ‌ڕەشەکـــان، کە هەمیشە جەنگاوەر بین‌و رووبەروویان بوەستیـــــن بجەنگین ...

رژێمی ئەمڕۆی خومەینـــی‌بەکرێ‌گیراو هەمان رێبـــازی کۆنە شاهنشاهەکانی گرتۆتەبەرو دوورە لە هەموو عاداتێکی ئینسانی‌و ئاسایش ...

کە هێرش دەهێنێتە سەرخاکی عیراقمان چ لە عەمارەو زرباطیەو بصرەبێ یان لـــــەکوردستانەوەبێ دەبێ بەرگری بکەین، چونکە ئەگەر رژێمی‌خومەینی بێتە ناو خاکمـــــان نازانی کورد کێ‌یەو عـــەرەب کێ‌یە ... جا کەواتە با چەك هەڵگرین بۆ پاراستنی ئـــــەم‌خاکە پیرۆزە ...

● بەرێز حسین حســـن‌فواد وتی :ـ

با لە بیرمان نەچێت کـــەعیراق وولاتی هەموومانەو سێ سالە لە پێناوی‌دا دەجەنگین... بەڵام ئێمە گـــــەل‌و سەرکردەمان بۆ چەند جارێك‌زیاتر بانگەوازی ئاشتیمـــــان راهێشتووە کە ئێمە داواکاری‌شەڕنین ... کەچی رۆژلـــە دوای رۆژ رژێمی مـــــــەلاشەیتانەکان کەڵبەی خۆیان بۆ خاکەکەمان تیژتر دەکـــەن‌وئێمەش ناچارین کە هەمیشـــە بەرپەچیان بدەینەوەو لەناویان بەرین ...

خاکی کوردستانیــــــان لێ‌بکەینە کونە مشك، خەیاڵیان خاوە حاجی ئۆمەران هەرخاکی ئێمەیەو هەمیشە سەربلندە..

● بەرێز عبدالقادر عاـــی مصطفی دەڵێ :ـ

گەل، هەر ئەو گەلەیە کـــە رژێمە بۆگەنەکانی پێشووی تەفرو توناکردو لەنــــاوی بردوون، ئەمڕۆ لەشـــــای سەرەکی تێکۆشەر صـــــدام حسین زیاتر خەباتگێـــــرەو چەکمان لە شانە بـــــــۆ پارێزگاری‌کردن لە بستێکـــی ئەم خاکە ...

بووین بە جەنگاوەر لە بە سرای خۆڕاگرو تێکۆشـــەرو زەلکاوەکانی عەمارەی دلێـــر، ئەمجارەیان خوێنمان بۆ خاکی باوك‌و باپیرمان دەرێژین، هەر لونکە چیایەکی ئــــــــــەم کوردستانە دەکەین بە شوێنی نالەباری دوژمنی سەرشۆڕی ئێرانی ... حاجی ئۆمەران‌و هەموخاکی عیراق رۆڵـــــەی ئێمەن ... گۆشیان دەکەین.

ناظم دابەند

نووسینگەی هەولێر

بەشێك لە وەرزەکانی دوژمنکارانەی فارسی لە دژی کورد

صبیح عبدالمجید

لە بەردەم دەروازەی مێژووی هەولێرو لە قەلا بەرزەکەیدا یادی چەندین رۆژانی نـــــەمری خەباتمان ئەکەینەوە ، نەخوازەللا لەم رۆژانــــــەدا ، گالێسکـــــە ئاسنینەکانی دوژمن لەسەر شەقامەکانی هەولێر دێتە بەرچاومان ، بەرچاوی خەیاڵمان ... هـــــەر لەبـــــەر ئەو دەروازەیەشدا چەندین لاوەڕەی تازەی سەربازەکانی هەولێرو پاسەوانانی عەشتارو چوار خواوەندەکـــــە ئەخوێنینەوەو مێژووش بەرەو ئەو جەنگە مەزنـــــە دامان ئەکێشێ کە نزیك هەولێرو لە نێوان ئەسکەندەرو عەجەمەکان جەنگی (کان کامیلا ، سالی ٣٣٠ پ.ز) رویدا ئەو جەنگەی کە لاپەرەیەکی ڕەشی عەجەمەکانە لە دژی کوردو قەلاچۆکردنی گەلی کوردو نیشتمانـــی کورد ... لەو رۆژانەوە تا ئەمـــــڕۆ بە غەیـــــری دوژمنکاری‌و وێرانکاری عەجەمەکان نەبێت هیچ شتێ لە نێوان کوردو عەجەما نیە .. هەر لەو رۆژانەوەشـــــ تا ئەمڕۆ گەلی قارەمانی کورد ، بەهۆی قارەمانـــــە نەمرەکانی ، بەهۆی خوێنی شەهیدانی ئەو خاکە پاکەی پاراستوە ... لەو رۆژانەشدا سەربازانی هەولێـــــر پێشەنگی جەنگـــی (حطین) بوون لەسەردەمـــی مظفرالدین کوکبەری‌و لە رووی بایە زەردەکە وەستان‌و بەمەیش پێوەندی نێوان نەتەوەی عەرەب بە گەلـــــی کورد زیاتر دەروشایەوەو رەگی داکوتاو گەلێ لاپەڕەی سپی لە نێوان ئەم دوو گەلەدا نووسرابەوەو بەبامـــی ئیسلامەتی بەرزکرایەوە . بە پێچەوانەی عەجەمەکان کە هەمیشە رقیان لە کورد بووەو بەدرێژایی مێـــــژوو دوژمنی کورد بوون‌و کوردیان قەلاچۆکردوەو مێژووی هەموو عەرشە شلۆقەکانی عەجەمیش مێژوویەکـــــی رەش بوە لە دژی کوردو لەناوبردنی کورد بووە . شارە مێژوویەکانی کورد بەشێ لە وەرزەکانـــــی ئـــــەو کارەساتانە ئەگێڕێتەوە هەر لە زەمانی هەخامەنشی‌یەوە بگرە تا زەمانی پارتی‌و ساسانیەکانـــــــەوە کە چۆن کوردیان چەوساندۆتەوە خوێنی کوردیان رژاندوە ، کە خۆی لە خۆی‌دا بەڵگەیەکە بۆ رق‌و کینەی عەجەم لە دژی ئەم کوردە بێ‌وەیـــــە . لە هەمان کاتیشـــا نیشانەیەکە بۆ ئەو خەباتە خوێناویەی کە کورد لـــــە دژی دەسدرێژیەکانی عەجەمی کردبێت . لە پێنـــاوی پاراستنی قەوارەی خۆی‌و نیشتمانی خۆی‌و کەرامەتی خۆیی وە ، هەر ئەوەش پالی بە کـــــوردەوەنا کـــــە دەولەتێکی گەورەی (میدیا) لە باشووری ورمێ‌و تـــا ئەگاتە کرماشان‌و بەر لە (٢٤) سەدە دروست بکـــات لە دژی شالاوی عەجەمە رەگەزپەرستەکانی بووەستێت . سەرباری دامەزراندنی گەلێ میرنشینی تر کە لـــــە نێوان قەفقاسیاو باشووری چیای زاگرۆس لـــــە دژی هەر دوو ئیستعماری عەجەم‌و تـــوركو لـــــە پێناوی پاراستنی بوون‌و وجودی خۆی ... بە درێژایی (١٥٠) سالیش خوێنی گەشی کورد لە دژی عەجەمەکان رژاوە .. لە مێژووی هاوچەرخیشدا گەلـــێ نموونـــــەو بەلگەمان بەدەستەوەیە کە رق‌و کینەی عەجەمەکان لە دژی گەلـــــی کـــورد دەستانیشان ئەکـــەن . لەوانەش : دوای ئەوەی عەجەمەکان لە وەختی رەزاخان دا حوکمی‌یان گرتەدەست لـــــە سـالی ١٩٢٥دا ، رێگەیان بە خۆیاندا بە کەیفی خۆیان خوێنی کـــورد بڕێژن‌و قەلاچۆیان بکـــەن‌و ئاوارەو پەراگەندەبـــان بکەن‌و لە نیشتمانی خۆیان دووریان بخەنەوەو هەموو مافێکیـــان ، مافی روشـــــنبیری‌و نەتـــــەوایـــــەتیان پێشێل بکەن .. ئەوەبوو زۆربەی خێلە کوردەکانی خاکی ئێرانیان بەرداو تا جەنگی دووەمی جیهان‌و لە سالی ١٩٤١دا گەڕانەوە ئەو خاکـــــە .. لە سالی ١٩٤٢شدا کوردەکان یەکیان گرتـــەوەو حکومەتـــی (کۆمەلە)یان دامەزراندو ریسمان لە ڕووی دەستدرێژی عەجەمەکان وەستانـــــــەوە ، ئەمیشـــ لـــــە رۆژی ٢٢ کانونی دووەمی ١٩٤٦دا بوو کە بە یەکجـــاری کورد لە عەجەم جیابووەوە . کەچـــــی ئەوەندەی پێ‌نەچوو پیاو کوژەکانی عەجەم کەوتنە خۆو ئـــــەو کۆمارەیان روخـــــــــــــــــــاندو کوردستانیـــــان لە خوێن گـــــەوزانـــــدو ناوی رەزاخانیشـــــــس بە (قەســـــابی لورســـــتان) لە قەلەم درا .. ئەو قەسابخانەیەی کـــە میر ئەحمەدی پیاوکوژ لە لورستانا کردی‌و قەلای لوڕی گەمارۆداو لە پاشا قەلاچۆی کردو هەمـــــــوو دانیشتوانی نـــاو قەلاکەی لە منال‌و ژنەوە سەربڕی‌و دایانـــــە بـــــەر دەستڕێژی دەمانچە . با گوێ بـــــۆ لە یەکێ لـــــەو شایەدانە بگرین کە خۆی قەسابخانەکەی بە چاوی خۆی دیوەو ئەلێ : (کۆلۆنێل فەرمانی‌دا پیاوەکانمان بگرن‌و ئاگرێکی گەورەش بکەنەوە . من هەستم بـــــە

بڕوانە ل : ٧

بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی و

پێشانگای هاوبەشی حەوت هونەرمەند

به سەرپەرشتی بەرێـــز پارێزگاری سلێمانی لە رۆژی ١٩٨٣/٨/٦دا بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لـــــــە سلێمانی لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری سلێمانــــــــــی‌دا پێشانگایەکی هاوبەشی بـــۆ حەوت هونەرمەند کردەوە کە

ئەم هونەرمەندانە بـــوون : (ئاراس عبدالکریم - ئازا عبدالکریم رەشید - عمر رسول - سەعید باپیر - خالد رەسول - حەسیب قەرەداغی - حەمـــە - نەهرۆ شەوقی) شایانـــــی باسە ئەم حەوت هونەرمەندە هەموویان لاون‌و هەریەکـــــــە پەنجەی هونەری رێبازی خۆی هەیە ... لەو بەڵگەنامەیەدا کە بەرێوەبەرێتی جەماوەر بۆ پێشانگاکەیان چاپی کردووە. هونەرمەند قادر میرخـــــــان پێشەکی کورتی نووسیوەو تێدا دەڵێ : (بۆ شارەزابوون لە سروشتی کارێکی هونەری دەبێ راستەوخۆ بچینە نامێزی تاقیکردنەوەکان خۆیانـــــەوەو لێیان تێ‌بگەین .. ئەنجـــــا دەڵێ : ئازا - ئاراس - باپیر - خالد - عبدالکریم - عمر - نەهرۆ ... کۆمەڵـــێ لاوی هاوتەمەنن هیچیان خوێندنـــی هونەری‌یان تەواونەکـــردووە ئـــــەم پێشانگابــــــە کۆی کردوونەتەوە لەگــــەڵ جیاوازی شێوازو بیریان) لە راستیشدا هەروابو ئـــەوەی چاوێکی ئاسایی بـــــــــە پێشانگاکەدا بگێڕایە ئەوەی بۆ روون‌دەبووەوە کە هەریەکـــێ لەم هونەرمەندە لاوانـــــــــە شێوازی هونەری تایبەتـــــی خۆی هەیە... هەندێکیـــــان سەربەهونەری کلاسیکی بوون و هەندێکیان سەر بـــــــــە قوتابخانەکانی هونەری نـــوێ بوون‌و گەلێ تابلۆیشـــــــی تیادابوو کە لـــــە هونەرمەندە ناسراوەکانی جیهـــــــــان وەرگیرابوون ... شایانـــــی باسە پێشانگاکە هەتا رۆژی ١٩٨٣/٨/١٤ی خایانـــــــدو هەموو رۆژەکان کۆمەڵێکی زۆر لـــــــە هونەرمەندان‌و هونەردۆستان دیدەنـــــی یان‌دەکرد ... ئاواتـــــــــی پاشەرۆژی بەرز لـــــــە بواری هونەردا بۆ ئەم بـــــــــرا هونەرمەندانە دەخوازیـــــن‌و هیواداریشین بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لـــــــــە سلێمانی لە کردنەوەی ئـــــەم جۆرە پێشانگایانەدا هەمیشە بەردەوام‌بێ .

ئامادەکردنی :

لطیف محمود محمد

خوێنەواران ئەنووسن

ئەمە هەڵوێستی زۆربەی وولاتانە بەرامبەر خومەینی

● دڵشاد ●

ئاشکرایە ئەمڕۆی گەلانی ئێران رۆژگارێکـــی پڕ نیگەرانی‌یەو ناشاردرێتەوە ئەوەش ڕوون‌و ئاشکرایە سەرجەمی تاوانی گەورەو بچوکی خومەینی لـــە ژێـــر ڕوانیك‌و توێژینەوەی رۆژنامەو ئێزگەو کۆمەڵـــــی جیهانێکی فراواندایەو دەماودەم‌و بەڕوونی چ‌گۆشەیەکی رۆژنامەی وولاتان نەماوە تاوان‌و یاسا رەش‌و پڕ زەبرو زۆنگەکانی خومەینی لە خۆنەگرتبێ ئەم سەردەمەی کە میللەتان ڕووەو بوژانەوەو خۆڕاگرتن‌و بنیات نـــان هەنگاو هەڵدەهێننەوە .. خۆشبەختی بـــۆ گەلانیان بەدەست دەهێنن، خومەینی شملی شەر هاتە کابەوەو دیاردەیەکی لەگەڵ خۆیدا بەڕووی خاکـــی ئێـــران‌و سەروسیمای خەڵکی هەژارو بێ دەرکانی‌دا پژان .. جگەلەوەش ئاگری جەنگێکی هەڵگیرساند کە خوێن‌و شارستانیەت ومرۆڤایەتی کردە شا باشی ئەو جەنگەی دەمارگیران چنگی لەمێشکی گیرکردووە .

داخستنی کارگەو دامەزراوەکان لەلایەك .. کاول کردن‌و تێکشکاندنی شارستانیەت لەلایەکـــی‌دی .. داخستنی مەڵبەندی رۆشنبیری‌و هونەری‌و تاریـــك کردنی سەرجەمی خۆش گوزەرانی‌کەم‌و زۆر دیاری دەستی خومەینی مەرگ خواستـــە . لەکاتێکـــدا عیراقیەکان لەهەنگاونانداپوون ڕووەو پێشکەوتـــن‌و هەناسەی خۆشگوزەرانیان ئەدا .. لەکاتێکدا کارگەکان بەرهەم‌و داهاتیان جۆش پێ‌ئەدا .. زەوی عیراقـــی دەکێلرا .. رۆشنبیری‌و توانای رۆژنامـــەگـــەری‌و

بڕوانە ل : ٧

بیرورای خەڵك

دەبا پاکی دروشمی هەموو لایەکان بێت

سروشت خۆی پاکـــەو دروست کراوە، مرۆڤیـــش کەیەکەم هێزی کا...ی ئەم سروشتەیە بەپاکی خولقێنراوە ، بۆیە خاوێن ئاکە دروشم‌و پێوەری پلەی خاوەنەکەیەتی . ئێمەش ئێستا، کەلــــەم سەدەیەدا دەژین لەنـــــاو ئەوپەڕی نازو نیعمــــەت‌و تەکنیك شەپۆل دەدەیـــن‌و هەموو ئامێرێکی پاکیمـــان لەژێر دەستدایەو وەکو جاران نیە بەدەگمەن بە دەســـت بکەون .

لەم نووسینەمدا دەمـــەوێ بەتایبەتی لەسەر هێنـــدێ دیاردەی پیس‌و پەلۆســــی گەڕەکی -کووران- بدوێم کە لەسەر ڕێگەی دیبەگەیــــــە لەهەولێر ، لەم گەڕەکەدا ئەم دیاردە ناپوختانە هەن :ـ

(١) مانەوەی پەنچەرچیەکان‌و رۆ ن گۆڕەکان :ـ

هەرچەندە ماوەیەکـــی زۆر لەمێژە ئەمانە زەویان لـــــە شارەوانی وەرگرتوە، بـــۆ ئەوەی دوکانی لێ‌بکـــــەن‌و بگۆزنەوە ئەوەێ بەڵام تائێستا هەرماون‌و دیمەنی شەقامەکان بێزراو دەکەن. خۆ هەرچەندە لەم ژمارەیەی دوایی گۆڤاری حوکمی زاتی نووسرابوو کـــە هەتا مانگی شەشی ئەمســـاڵ دەبێ نەمێنن کەچی‌وا مانگی حەفتیش رۆیشت‌و ئـــەوان هەرماون ، جانازانم دەبێ هۆی چی‌بێ ؟ لەوانەیە دەستێـــك هەبێ ئەم شتا رابگرێـــت، بەڵام بائەم جۆرە دەستانـــە لەکاری خێر وەربدرێن نـــەك لەپیسکردنی دیمەنـــــی شارەکەمان .

(٢) ... او نەکردنی کۆلانە شۆستەکان :ـ

هێشتا چەند کۆلانێکـــــی کووران قیرتاو نەکــــراون‌و لەزستاندا دەبێتە قـــوڕو زێلاقێك مەگەر هەر خەڵکـــی کووران لێی دەربازبن ،خـــۆ شۆستە گەورەکەی شەقامـــە سەرەکیەی کووران ئەوەنـــدە بەرینە بەڵام بربا تەسك‌بایەو قیرتاو بکرابە، زستانی قوڕە برنجەو هاوێنی گووفەکی زبلە ،جانازانم دەبێ هیـــــچ بەرپرسێکی شارەوانی‌مالی لەم نزیکانە نەبێ بەچاوی خـــۆی ئەم‌وەزعەببینێ

(٣) جۆگەلەی ناو بازاڕی کووران :ـ

یاخوا هیچ زەوقێکی ساغ‌و چاوێکی گەش ئەم دیمەنـــــە بەدەی ئەم جۆگەلەیە نەبینێ‌و بەناو ئەم بازاڕەدا گوزەرنەکات چونکە هەرچەندە خـــــۆت بپارێزی ئەو لچکە عەبـــــاو دامەنی کەوای ژنان پیســـت دەکەن جگە لەو بۆنە پیسەی کەلێیەوە هەڵدەستێـــت . چارەسەرکردنی ئەم وەزعە زۆر پێویستە .

(٤) گووفەکی سەرشەقا... کۆلانەکان :ـ

ئەمەش سەیرتریـــن - دیاردەی پیسیە چەنـــــد جێگایەکی وامەیە لەســـــەر شۆستەی شەقامە سەرەکیەی کووران کەبوەتە زبڵـــدان‌و هەرکەس دێ زبڵی خۆی لـــێ دەرێژێ ،ئەم رێشتنەشـــس بەزۆری بەشـــەو روو دەدات چونکە تاوانکەر وەکـــــــو شەمشەمە کوێرە ناتوانێ لەبەر رۆژی راستی چاو هەڵێنێ، جا لێرەدا مۆری تاوان دەخەمـــە نیوچەوانی دوو لایەن .

ا ـ ئەو ماڵانەی کە ئـــەو زبڵە دەرێژن :ـ

دەبا ئەو ماڵانە تـــــۆزێ بیربکەنەوەو بەمێشکیانـــدا بچنەوە ،ئەوانە زبڵەکەیـــــان دەرێژن بۆ ئەوەی ماڵەکەیان پاك‌بێتەوە، کە تەنیا خۆیانی تێدابە، بەڵام سەرشەقامـــی پیس دەکەن کەمولکی هەموو کەسێکەو ئازاریان دەدەن .

ابراهیم احمد شەوان

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

شیعری پیرۆز

عبداللە عباس

پێشکەشە بە حسیب قەرەداخی شاعیرو باوك ·

بەر لە ئێستاو ، لە شوێنی تر ··
پێت گەیشتووم ··
ئەوساتانەش ، پێکەنینەکەت گریانی
لێ ئەباری
بەر لەئێستاو ، لە شوێنی تر
پێت گەیشتووم ···
بەر لەئێستا ···
بەر لەوەی ، ئاوا بتبینم ···
بروسکەی کوژانەوەی، زەردەخەنەکەسەر
لێوی «ناسك»(١)
وەك ئێستای تۆ ···
پێکەنینە گریاویەکەی
کردم بەگریانی بەکوڵ ··
بەر لەئێستا ··
لەو شوێنەی تۆ، ڕاوەستا بووم
هاوڕێکانم ···
دەستیان ئەکردە ملەو ···
ئەگریان و ···
من، ئەگریام ···
هەر شیعری خەم ··
لەڕووی جوانو
تیشکی چاوی
شینی «ناسك»
گەورەتر بوو···
هەر ئەگریام ···
شیعرو گریان
خەمی گەورە ··
خۆشەویستی هەردووکمانە
نانو ئاوو، هەنگاومانە
شەپۆلین···، لە شەپۆل ناچین ··
شەپۆل ···
یان، پێ ئەکەنێ، یان ئەگری
شەپۆلین و ···
کاتێ، قاقا پێ ئەکەنین ··
بەکوڵ، ئەگرین
شیعرو گریان، خەمی گەورە

* * *

هاوڕێم، پێ بکەنە، بگری
ئەوا «ناسك» چاوی لێك نا
ئەوا «کەژاڵ(٢)» چاوی لێك نا
پێکەنین، بوو بە گریان و··
خەمی گەورە···
گەورەترمان ئەکا لەمەرگ
بگری، هاوڕێم
گریانمان، لووتکەی پاکی یە
ئێمە لەنهێنیی گۆرانیی کۆچەرەکان ئەگەین
بگری، هاوڕێم ··
ئێمە، لەتاریکە شەودا··
لەنهێنیی پیرۆزی ڕووناکی ئەگەین ··
بۆیە شیعرمان خۆش ئەوێ··
عەسایەو دەستی پێ ئەگرین··
دەرك، بەنهێنی خەونەکانی داهاتوومان ئەکەین
بەر لەئێستا··
لە شوێنی تر
پێت گەیشتووم··
دوای ئێستاو لە شوێنانی تردا
پێت ئەگەمەو··
هەروەك ئێستاو··
بەڵکوو گەورەتر ئەتبینم··
شیعر تیشکە، بەڕووتەوە·

(١) «ناسك» ناوی کچە چاو شینە جوانەکەمە لە حەفتاکان کۆچی دوایی کرد ئێشی مەرگی ناسك لای منی باوك لەوەدا بوو، دوای هەشت مانگ ڕابووردن بەسەر کۆچیا هەواڵەکەم پێ گەیشت ·

(٢) «کەژاڵ» کچە جوانە مەرگەکەی مامۆستا حسیب قەرەداخی شاعیرە ·

پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و نووسین

لەتیف هەڵمەت

به ڕێکەوت کتێبێکی نووسەری تورکمانی (عبد اللطیف بندر اوغلو)م کڕی·· کورتەیەکی ژیانی و ژمارەی کتێبەکانی تیا بووە··· ئەوەی تیا بوو کە لە ساڵی -١٩٣٧-دا لە دایك بووەو هەتا ئێستا - ١٩٨٣ - (٣٥) سی و پێنج کتێبی خۆی بە چاپ گەیاندووە ···

هەروەها لە گۆڤارێکی (ئەقلام)ی عێراقیدا خوێندمەوە کە بەشار کەماڵ تەمەنی -٦٠- ساڵ دەبێ و تا ئێستا -٣٠- ڕۆمانی نووسیوە جگە لە ووتارو نووسینی تر·· هەروەها لە خوێندنەوەی ژیانی - ڕەسوول ڕەزا -ی شاعیری ئازربایجانی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لە ساڵی -١٩١٠-دا لە دایك بووەو لە ساڵی -١٩٨١-دا پەنجا -٥٠- کۆمەڵە شیعری خۆی بە چاپ گەیاندووە··· شاعیرو شانۆ نووسی ئینگلستانی بەناوبانگ - شەکسپیر -٣٨- شانۆیی درێژی نووسیوە جگە لە شیعرو سووناتەو شتی تر··· هەمنگوای و دۆستۆفسکی و ئەجاسا کریستی و مەکسیم گۆرکی و شتاینبیك و ڤیکتۆر هۆگۆو نەجیب مەحفوظو حەنا مینەو تۆفیق الحکیم و غادە السمان و سەدان نووسەری تر هەندێکیان زیاتر لە دە کتێب و هەندێکیان زیاتر لە -٢٠- کتێبیان نووسیوە جگە لە کورتە چیرۆك و ووتارو بەرهەمی ئەدەبیی تر··· لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا···

ئەگەر نەختێکیش لە بواری ئەدەبدا ووردبینی و ئاگاداریمان هەبێ ئەوە دەزانین عبدالوهاب البیاتی و احمد الصافی النجفی و الجواهری و نیزار قەبانی و بەدر شاکر سەیاب و گەلێك کە لە شاعیری تر یەکی زیاد لە -١٠- کۆمەڵە شیعریان بە چاپ گەیاندووە··· بگرە دەتوانم بڵێم هەندێکیان ١٥-٢٠ کۆمەڵە شیعریان بە چاپ گەیاندووە جگە لە نووسینی ترو کتێبی تر دەربارەی لایەنەکانی دیی ئەدەب و هونەر ··· مەبەستم لەم قسانە ئەوەبە مەسەلەیەك بخەمە ڕوو ··· ئەویش ئەوەبە : ئەگەر بێت و بەرهەمی زۆربەی ئەدیبان و شاعیران و چیرۆکنووسانمان لە گەڵ ئەوانەدا بەراوورد بکەین کە باسمان کردن··· دەبێ ڕادەی جیاوازییەکە چەند دەرچێ··· من لە ژمارەو حیسابدا زەینم کۆڵەو سەر ژمێرێکی ئەم بابەتەش لە ئارادا نییە مەسەلەکەی پێهەڵسەنگێنم ··· بەڵام هەر چۆنێ بێ ئەگەر بە ووردی

سەیری بەرهەمی گەلێ لە نووسەرانمان بکەین دەبینین بەرهەمی زۆربەیان لە چاو تەمەنی ئەدەبی یاندا کەمەو هەندێکیشیان لە ڕادەیەکی دیاریکراودا وەستاون و دەستبەرداری جیهانی نووسین بوون··· نووسەری واشمان هەن پێش پانزە بیست بان سیی ساڵ نامیلکەیەکی لە چاپ داوەو ئیتر پاڵی لێداوەتەوەو جار بە جار لە ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێکدا شتێك بڵاو دەکاتەوە ···

نووسەریشمان هەن کۆمەڵە بەرهەمی بۆ چاپ ئامادە کراوبان هەیە بەڵام دەیانەوێت دەسگایەك یان مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری بۆیان چاپ بکات چونکە لەوە دەترسن کتێبەکەیان بەسەردا بکەوێت و زیانی تێدابکەن··· من حەز دەکەم ئەو برا نووسەرانە ئەوە بزانن کە نووسین هەڵویستەو مرۆڤیش دەشێت زۆربەی جار لە پێناوی هەڵویستی خۆیدا زیان بکات ··· زۆر شتێکی ئاسایی یە نووسەرێك بۆ چاپکردنی کتێبێکی قەرزێکی زۆر بکات و دوایش کتێبەکەی بە ئاسانی پارەکەی خۆی دەر نەکاتەوەو نووسەرەکە تووشی گێرمەو کێشەیەکی وەکوو ئەوەی کاك جەمال شارباژێری شاعیر بێت کە لە ئەنجامی چاپکردنی یەکێك لە دیوانەکانیدا بەسەری هات ··· ئەوە بوو بەیتوانی ئەو پارە قەرزە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا بداتەوە کە بۆ چاپکردنی دیوانێکی قەرزی کردبوو ··· خاوەن قەرز شکاتی لێ کردو دەست بەسەر شرو شاتاڵیدا گیراو بە هەزار ناڵی عەلی تا قەرزەکەی قەپات کرد ··· هەروەها لە شاعیرانی جیهانیش ئەوەی بزانم شاعیری ناودار پابلۆ نیرۆدا بۆ چاپکردنی دیوانێکی پارەکەی هەندێکی کەڵ بوو ناچار سەعاتەکەی دەستی خۆی فرۆشتبوو ··· بۆ ئەوەی پارەی چاپ پڕ کاتەوە··· من کە ئەم قسانە دەکەم حەز ناکەم هەموو نووسەرێك دەردەکەی -لالە حەمە بکات- ڕەنگە بڵێن لالە حەمە کێ بوو چی کردووە··· دەڵێن لالە حەمە جارێکیان لە دێیەکی دەشتی گەرمیانەوە دەچێ بۆ شارو لەوێ لە ماڵی ناسیاوێکی کفتە دەخواتو زۆری بە لاوە خۆش دەبێ··· کە دەگەڕێتەوە باسی کفتە خۆشەکە بۆ ژنەکەی دەکات ژنەکەیشی دەڵێت جا ئەوە چییە من کفتەی لەوە خۆشتریش ئەزانم··· لالە حەمەش لە دارەی دنیادا تاقەگایەکیان دەبێ چەقۆ تیژ دەکاتو دەڕوات بەدوای خەڵکی ئاوایی دا بۆ ئەوەی گاکەی بۆ بگرن و سەری ببڕیت··· دەڵێن لالە حەمە مەسەلە چییە··· دەڵێ خازەی ژنم ئەڵێ کفتە ئەزانم··· بەو جۆرە لالە حەمە گاکەی سەر بڕی و خازەش کفتەی کرد··· بەڵام هەر ئەوجارە بوو ئیتر ببڕای ببڕ نە گا لە ماڵی لالە حەمەدا قۆڕانی و نە بۆنی کفتە لە ماڵیانەوە هات··· گرنگی نووسەرو نووسین لەوەدایە وەکوو لالە حەمەی بەسەر نەیەت هەر چی هەیە بیخاتە سەر نووسینەکەی و ئیتر وای لێ بێ زانی ئەوەی نەبێ کە ئیتر بیر لە نووسین و چاپ کردن بکاتەوە··· من دەزانم ئەو هەلو مەرج و ماوەو بوارەی بۆ هەندێك نووسەری جیهانی ڕێککەوتووە ئەتوانین بڵێین بۆ نووسەرانی ئێمە تا ڕادەیەك ڕێکنەکەوتووە···هەر بۆ نموونە من دڵنیام لەوەی کە نووسەرێکی ناوداری ئەوروپایی بیەوێ کتێبێك چاپ کات ئەگەر بیداتە هەر دەزگایەکی چاپ و بڵاو کردنەوە بە بێ سێ و دوو بۆی چاپ و دەکەن و لە ئەنجامیشدا نەك هەر زەرەر ناکات بەڵکوو قازانجێکی زۆریشی لێ دەکات··· خۆ ئەگەر لەسەر ئەرکی خۆیشی چاپی بکات ئەوە خوێنەرێکی ڕۆشنبیرو ووشە دۆستی زۆری هەیە کە چاوەڕوانی بەرهەمەکە دەکەن و هەر کە گەیشتە کتێبخانەکان دەقۆزرێتەوەو خێرو بێر بەسەر خاوەنەکەیدا دەبارێتەوە وەکوو کتێبی نووسەرانی خۆمانی بەسەر نایەت کە کەوتە بازاڕەوە بە تاك و بە

فەردە دەمێنێتەوەو خوێندەواران تەنیا هەر تەماشای پشتەکەی دەکەن و دەڵێن گرانەو نووسەرەکەی بازرگانی پێوە دکات··· لەو برایانە دەپرسم چەند نووسەری ئێمە بە قازانجی نووسین دەوڵەمەند بوون···! لە لای ئێمە نووسەرێك ئەگەر کتێبێك چاپ بکات دەبێ کوڕاو کوڕی قەرز بدەنەوە بەڵام نووسەرێکی ئەوروپایی ئەگەر کتێبێك چاپ بکات کوڕاو کوڕی لە قازانجی ئەو کتێبە دەخۆن··· لێرەدا دەگەینە ئەنجامێك کە هۆی گەورەی هەندێك بارو حاڵی کەم بەرهەمی هەندێك نووسەرو دەسهەڵگرتنی هەندێك نووسەری تر لە نووسین و چاپ کردن زیاتر خوێنەران دەگرێتەوە··· چونکە ئەگەر نووسەرێك سێ هەزار یان چوار پێنج هەزار دانە لە کتێبێك چاپ بکات و نیوەی زیاتری بمێنێتەوە ئیتر پێم ناڵێن نووسەر کتێب بۆ کێ چاپ بکات···؟!!! لە کۆتایشدا دەڵێم : (نەهرۆ ووتوویەتی هەر کەسێك ڕۆژی بە لای کەمەوە ڕۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە ئەوە نیوچە ڕۆشنبیریش نییە) ئێمە لە هەفتەیەکدا ڕۆژنامەیەکمان هەیە ئەویش ڕۆژنامەی (هاوکاری) یەو چوار پێنج گۆڤاریشمان هەیە (بەیان - ڕۆشنبیری نوێ - کاروان - نووسەری کورد··· ئۆتۆنۆمی) ئەگەر هات و زۆربەی یا نیوەی ژمارەکانی ئەم تاقە ڕۆژنامە هەفتانەیەو ئەم چەند گۆڤارە مانگانەیەی کە بە زمانی زگماکی خۆمان دەر دەچێ··· بمێنێتەوە ئیتر پێم ناڵێن کێ دەخوێنێتەوە!!! لە کۆتاییدا دەڵێم : میللەتان شانازی بەوەوە دەکەن کە کتێبیان زۆرە··· بەڵام وا دیارە ئێمە دەبێ شانازی بەوەوە بکەین کە کتێبمان زۆر زۆر کەمەو خەڵکی لای ئێمە پێویستییان بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب نیە·· چونکە هەموویان هەر کە لە دایك دەبن زاناو ئەدیب و فەیلەسووفن ! لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم نووسینەش بە بێ خوێنەر سەر نەنێتەوە··!

سروودی ژیان

ئازاد مەحمود مستەفا

چەند پیرۆزە
نیشتمانمان
هەوڵدانمان
بۆ خۆشەویستی و سەربەستی
بۆ ژیانمان

× ×

تیشکی هەتاو ڕوونتر ئەبێ
بزەی منداڵ جوانتر ئەبێ
جۆگەو کانی بەخوڕتر دێن
جووتیار بەرو بەرهەمیان
زیاتر دەخەمڵێن···

× ×

هەوڵ بدەین
بەهەموومان
چەند پیرۆزە

× ×

بۆ ئەوەی خۆشی هەمیشە بمێنێ
بۆ ئەوەی بولبول پڕ بەدڵ بخوێنێ
بۆ ئەوەی هەور خۆشەویستی بپرژێنێ
بۆ ئەوەی تاریکی لەژیاندا نەمێنێ
هەوڵ بدەین
بەهەموومان
چەند پیرۆزە
هەوڵ بدەین ···

× ×

سترانەك

مصطفى سليم سعيد ئاکرەیی

وەرە نارین ··
دابسترین ···
ب چینە دیلانێ ڤێ شەڤێ
ب چینە سەر ڕوبارو دەریا
مینا کەوا ···
ل ژێر سێتاڤا هەیڤە شەڤێ
لەوما دیلان خوشە شەڤێ
دابسترین ··· هند نەمابە ···
سپێدە دێ هێت و هەلێتن ··
دێ دزیتن ···
چاروك و ڕەشمالا شەڤێ
هەمی دەریا دێ هشیاربن
دێ گرنژن
ل سەر چاڤێت خو دێ ڤەمالن
کەڤێ و توزێ ···
هەمی ماسی ·· هەمی تێهنی ···
دێ سەرکەڤن ل سەر ئاڤێ
دێ هێن بو تەوافا ڕوژێ

× × ×

وەرە نارین ···
دابسترین ···
چاڤێت تە چینەنا کەسکە
گول و نێرگز تێدا گرین
لێڤێت تەژی ····
کانیا ڕاموسانی و ئەڤین
هزار ڕێبوار هزار تێهنی
د تێهنادا مرن خەندقین
نەگەهشتن ···
ل یارێت خورە ···
کو بمێژن ···
دەندکەکا خوناڤا لێڤا
یانژی ڕاموسان و ئەڤین

× × ×

ئەڤجا وەرە ··
نارین ··· نارین ··
دابسترین
مینا (مەم و زینا) شرین
ل دیمێ ئێك و دو بچەرین
دابسترین ···
بو ڕەوش و جوانیا سروشتێ
تژی ژین و مەرگ مانێ
بو نویژەنبونا ژیانێ
بو دیلانێ ··· ل ئەڤ دنیایێ
بو گرنژینا دەریایێ

دەنگی "وو" و "یی" و سەرنجێك

فواد محمود قادر

لەم بیست سی ساڵەی دواییدا کەم و کورت هەوڵی باش دراوەو لە لایەن کەسەوەیان لە لایەن دەزگای ترەوە بێت بۆ چەسپاندنی ڕێنوسی کوردی ·

بیرو ڕای سەربەست دەربارەی زمان و نووسین

ئەگەر چی زۆربەی ئەم تەقەلایانە لە سەر بنچینەیەکی زانستی نەبووەو لایەنێکی پسپۆڕو کاریگەر نەیگرتووەتە ئەستۆ ، لەبەر ئەمە ئەلفوبێی کوردی وەك ئەلف و بێی هەر زمانێکی زیندوو جێگەی سەرنج و تێبینیی من و ئەوی تێدا ماوە ···

دەنگی (و)و (ی) لە هەندێ ووشەدا دووبارە دەکرێ وەکوو بزوێنێکی درێژ بۆ نموونە سووك ، زوو ، مایین، پاییز یان وەکوو دەنگدارێك و بزوێنێ دەر دەکەوێت وەکوو دوواندن ··· لیژنەی کۆڕی زانیاری کورد بەتەنیا بڕیاری داوە نیشانەی «و ، ی» بۆ ئەم دوو دەنگە دابنرێت ئەمیش سەرباری زیاترە بۆ (ئەلف و بێ) کە لە تێکدا زمان هەموو زمانێك بەرەو سووك و ئاسانی دەڕوات تەنانەت لە فەرهەنگی مەهابادوا ئەم دەنگانە لە هەندێ ووشەدا

دووبارە کراوەتەوە کەچی ئێستا بەیەك (و) یان (ی) دەنووسرێت وەکوو جووڵان ، شووان پییس ، بییابان ·

جا وا بە باش دەزانم ئەم دەنگانە دووبارە نەبنەوە لەو ووشانەدا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :-

١ - لەو ووشانەدا ئەگەر دەنگی «و ، ی» دووبارە بکرێت و نەکرێت هیچ لە واتای وشەکە ناگۆڕێت و واتای تازەش نابەخشێت بۆ نموونە دوو = دو، بووك = بوك، مایین = ماین پاییز = پایز ·

٢ - کێ ئەڵێ ئەم دوو (و)ە یەکێکیان نیچە بزوێنی (ا) نی یە کە لە نووسینی عەرەبیدا دەرناکەوێت وەکوو دوو = ووشە =

٣ - ئەم دووبارەکردنەوە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی بەتایبەتی بۆ قوتابی سەرەتایی و بێگانە چونکە بە ئاسانی ناتوانێت ئەو ووشانە دەست نیشان بکات کە ئەم دەنگانەی تێدا دووبارە دەبێتەوە ·

٤ - هەندێ جار زیاتر لە چوار پێنج (و) پێکەوە دێن لە ڕستەیەکدا وەکو ئازادهاتبوو ووتی :

پاشان مەرج نی یە قوتابی ساوا شارەزای بزوێنی کورت و درێژ ببێت با لە قۆناغی ئامادەیی دا وەکو باسێك بخوێنرێت ·

★مەبەست لێرە «یی»ی ناوەڕاستی ووشەیە نەك کۆتایی ·

سەرچاوەکان :-

١ - مختصر صرف و نحوی کوردی = سعید صدقی کابان
٢ - قواعد زمانی کوردی = توفیق وهبی بە زمانی کوردی بەرگی ١ ، ٢ ·
٣ - قواعد اللغه الکردیه = بە زمانی عەربی توفیق وهبی ·
٤ - محاضرات د· نسرین فخری = بەشی کوردی بەغدا
٥ - محاضرات د· ابراهیم عزیز = بەشی کوردی ·

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

له بروسكه‌یدا : پاشماوه

ده‌كاته سه‌ر ولاته تێكۆشه‌ره‌كه‌مان • یه‌كێتی‌ی پته‌وی گه‌لی عیراقمان به عه‌ره‌بو كوردو كه‌مایه‌تی‌به براكانیه‌وه له‌وه‌دا ڕوون‌بوه‌وه كه هه‌موویان له ژێر پێشه‌وایه‌تی‌یه دووربینه‌كه‌تانا وه‌ك بینایه‌كی پته‌و وه‌ستان بۆ به‌رگری‌كردن له خاكی پیرۆزی نیشتمان له ڕیزه پێشووه‌كانی به‌ره‌و هه‌موو كه‌رته‌كانا به یه‌ك مێشك‌و یه‌ك ویسته‌وه‌و ڕووی تفه‌نگه‌كانیان كرده سنگی ئه‌و دوژمنانه‌ی كه ده‌یانه‌وێ زیان به سه‌ربه‌رزی‌و پێشكه‌وتنی عیراق بگه‌یه‌نن‌و به‌م جۆره ئه‌و هیواو ئومێد نه‌خۆشانه‌یانیان پووچه‌ل كرده‌وه كه نیازی فراوانكاری‌یان پێیان هه‌بوو و خه‌ویان پێوه ده‌بینی •

به‌م بۆنه مێژوویی‌یه‌وه سلاو له سه‌ركه‌وتنه‌كانی سوپا دلێره‌كانمان ده‌كه‌ین له هه‌موو ڕیزه‌كانی به‌ره‌ی ڕووبه‌ڕووبووندا‌و دووپاتی ده‌كه‌ینه‌وه كه‌وا ئه‌و گه‌لی كورده‌مان كه له خۆشی به‌ری ده‌ستكه‌وته به‌رزه‌كانی شۆڕشی حه‌ڤده - سی‌ی ته‌مووزی پیرۆزدا ده‌ژی‌و هه‌میشه سه‌ركردایه‌تی‌یه دووربینه‌كه‌تان چاودێری ده‌كا هه‌میشه ئاماده‌یه بۆ خۆبه‌خت‌كردن‌و به‌خشنده‌یی‌و به‌رگری‌كردن له سه‌ربه‌رزی‌و سه‌ربه‌خۆیی نیشتمانی خۆشه‌ویستمان‌و به خوێنی‌و به‌وه‌ی هه‌یه‌تی به به‌خشنده‌یی له ده‌ستكه‌وته‌كانی شۆڕشه پیرۆزه‌كه‌مان به‌رگری بكاو به تواناو پێویستی‌ی تر یارمه‌تی جه‌نگ بدا به‌ره‌و سه‌ركه‌وتنی كۆتایی‌و هه‌رچی هێزو توانای هه‌یه له پێناوی ئه‌و ڕه‌وته‌ی ئۆتۆنۆمی‌یه‌دا به‌خت‌بكا كه جه‌نابتان چاودێری‌یه‌كی تایبه‌تیتان كردووه‌و هه‌میشه پشتیتان گرتوه بۆ ئه‌وه‌ی بكاته ئه‌و په‌ڕ سنووری‌و به قوولی هاوبه‌شی بكا بۆ بنیاتنانی عیراقێكی شۆڕشگێڕی دیموكراتی‌ی گه‌شه‌دار •

هه‌ر سه‌ركرده‌و پێشه‌وای گه‌له مه‌زنه‌كه‌مان‌و شۆڕشه گه‌وره‌كه‌مان بن •

با ئالای برایه‌تی عه‌ره‌بو كورد هه‌میشه هه‌ر بشه‌كێته‌وه •

پیرۆزی‌و نه‌مردن بۆ شه‌هیده به‌وه‌فاكانمان •

احمد عبدالقادر نه‌قشبه‌ندی
سه‌ره‌كی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی كوردستان

بیروڕای : پاشماوه

خۆزگایه ده‌مزانی هۆی ئه‌و كرده‌وه‌یه چیه، هه‌موو ڕۆژێ تراكتۆرو ئۆتومبێلی شاره‌وانی ئه‌و زبله كۆده‌كاته‌وه‌و له جێگایه‌كی دوور ده‌یڕێژێ ،جا بۆچی له‌پێش ده‌رگه‌ی خۆت ئه‌م زبل‌و زاره ناده‌یته كه‌نناسه‌كان‌و بۆ ئه‌وه‌نده خۆت ماندوو ده‌كه‌یت‌و ده‌لیهێنیته سه‌رشۆسته‌ی شه‌قامه‌كه‌و تووڕی هه‌لده‌ده‌ی ؟

ب - كه‌نناسه‌كانی شاره‌وانی :-

ئه‌وانه‌ش كه‌ئه‌م كاره ده‌بینن پێویسته به‌خه‌لكی كۆلانه‌كان بلێن، كه‌ئه‌م كاره دوو باره - نه‌كه‌نه‌وه خۆ ئه‌گه‌ر دووباره‌یان كرده‌وه ئه‌وا شكاتیان لێ‌بكه‌ن‌و سزا بدرێن چونكه (مست له‌درێشه ده‌گه‌ڕێته‌وه) •

جه‌ماوه‌ری گه‌لی كوردمان ئاماده‌یی خۆی بۆ چه‌ك هه‌لگرتن‌و به‌رگری كردن له عیراق بلند پیشان ده‌دات

جه‌ماوه‌ری قه‌زای شه‌قلاوه له پارێزگای هه‌ولێر وه‌فاداری‌ی بۆ به‌ڕێزسه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین نوێ كرده‌وه له‌گه‌ل‌خۆناونووس كردن بۆ چه‌ك هه‌لگرتن له پێناوی داكۆكی‌كردن له عیراقی سه‌ر به‌رز •

له بروسكه‌یه‌كدا كه بۆ به‌ڕێزی ناردوویانه پاش كۆبوونه‌وه‌یه‌كی فراوانی جه‌ماوه‌ری له به‌رده‌می باره‌گای فیرقه‌ی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له شه‌قلاوه دووپاتیان كرده‌وه كه گیانی خۆیان له پێناوی نیشتمان‌و شۆڕشی ١٧-٣٠ی ته‌مووزی نه‌مردا به‌خت بكه‌ن•

به‌شداربووان نارەزایی‌یان ده‌رباره‌ی كاره‌خیانه‌تكارانه‌كه‌ی به‌كرێگیراوان له سه‌ركێشه خاینه‌كان ڕابه‌رانی خیانه‌تكار ده‌ربڕیوه ئه‌وانه‌ی كه ڕازی بوون شان به شانی ڕژێمی ڕق له دلی ئێران دوژمنی كوردو عه‌ره‌بو هه‌موو مرۆڤایه‌تی بووه‌ستن•

به‌ڕێز قایمقامی شه‌قلاوه‌و ئه‌میندارى نهێنی‌ی فیرقه‌ی حزب له كۆبوونه‌وه‌كه‌دا سه‌رو وته‌یه‌كیان‌دا تێیدا سلاویان به‌ره‌وپیری هاتن‌و ئه‌و غیره‌ته نیشتمانی‌یه راستی‌یه كرد كه جه‌ماوه‌ری گه‌لی كوردمان هه‌یانه له‌گه‌ل ئاماده‌بوونیان‌دا به‌رده‌وام ڕاوه‌ستن دژ به هه‌موو چاو چنۆكی‌یه‌كانی

ئه‌و خومه‌ینی‌یانه‌ی كه جۆره‌ها زولم‌و سته‌مگه‌ری دژ به گه‌لانی ئێران به‌تایبه‌تی گه‌لی كوردمان له ئێران‌دا به‌كار ده‌هێنن ••

له قه‌زای چه‌مچه‌مال‌و ناحیه‌ی سه‌نگاوی پارێزگای سلێمانی جه‌ماوه‌ری ئه‌و ناوچانه ناونووسی‌ی خۆیان ڕاگه‌یاند بۆ چه‌ك هه‌لگرتن‌و ئاماده‌بوونی هه‌میشه‌یان بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی هێزه‌كانی ڕژێمی خومه‌ینی‌ی جادووگه‌رو به‌كرێگیراوه‌كان له سه‌ركێشه خاینه‌كان •

جه‌ماوه‌ر له كۆڕێكی فراوان‌دا له مه‌لبه‌ندی قه‌زای چه‌مچه‌مال ساز درا شانازی‌ی خۆی به سه‌ركردایه‌تی‌یه مێژوویی‌یه داناكه‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین‌و ئه‌و سه‌ركه‌وتنانه ده‌ر بڕی كه سه‌ربازه دلێره‌كان دژ به هێزه ده‌ستدرێژی‌كه‌ره‌كانی ئێرانی به‌دی‌یان ده‌هێنن

به‌ڕێز جعفر عبدالكریم به‌رزنجه‌یی پارێزگاری سلێمانی‌و هاوڕێ ئه‌میندارى نهێنی‌ی سه‌ركردایه‌تی لقی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له سلێمانی

سه‌رو وته‌یه‌كیان‌دا ستایشی گیانی نیشتمانپه‌روه‌رانه‌ی به‌رزی جه‌ماوه‌ری قه‌زاكه‌یان كرد له‌گه‌ل سووربوون‌و بۆ پێشه‌وه چوونیان له به‌خششی به‌رده‌وام‌دا بۆ ئه‌وه‌ی وورزه‌ی نوێی تێكۆشه‌رانه به جه‌نگی قادسیه‌ی صدام ببه‌خشن •

هه‌ردوو وته‌كه باسی دۆخی تێكۆشانی ئێستاو لێپرسراوێتی‌و ئه‌ركی جه‌ماوه‌ری گه‌لی كوردمانیان كرد له‌گه‌ل به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی تیژ دژ به ده‌ستدرێژی ئێران كه مه‌به‌سی نیشتمان‌و شۆڕشه‌كه‌مانه‌و تێیدا سه‌ركێشانی خیانه‌ت ده‌وری ناپاكی خۆیان ، له یارمه‌تیدانی دوژمن، ده‌بینن، له ده‌هۆكیش چینی كرێكاران سلاویان ئاراسته‌ی سه‌ركه‌وتنه‌كانی سه‌ربازه دلێره‌كانی عیراق كرد به سه‌ر هێزه‌كانی ڕژێمی داخ له‌دلی ئێران‌دا له جه‌نگه‌كانی ئه‌م دوایی‌یه‌ی كه‌رتی باكوورو ناوه‌ڕاست •

له بروسكه‌یه‌كدا كه بۆ سه‌ره‌كی فه‌رمانده (صدام حسین)یان ناردووه پاش كۆڕێكی فراوانی كرێكاران دووپاتیان كردووه‌ته‌وه هه‌میشه ئاماده‌ن چه‌ك هه‌لبگرن‌و خۆ به‌خت بكه‌ن‌و دژی تاقمی كینه له دلی خومه‌ینی بجه‌نگن تا سه‌ركه‌وتنی كۆتایی وه‌دی دێت‌و یه‌كێتی‌ی گه‌ل ده‌پارێزرێت •

به‌سه‌رپه‌رشتی : پاشماوه

شۆڕ به بێگانه‌وه په‌یوه‌ست بن كه ڕقی له خۆیان‌و له شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی ئه‌وا ئه‌وه ئه‌و جیاوازی‌یه فراوانه‌ی نێوان ڕووناكی‌ی ئه‌م نیشتمانه‌و ڕووناكی‌ی ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌ندیان پێوه‌ی هه‌یه‌و ئه‌وانه‌ی به‌رگری‌ی لێ ده‌كه‌ن‌و له نێوان تاریكی‌ی دوژمنه‌كانیدا له چاوچنۆكان‌و ده‌ستدرێژی‌كه‌ران‌و ده‌ست‌و پێوه‌نده‌كانیان ده‌رده‌خات ئه‌وانه‌ی كه خیانه‌تیان له گه‌لی كردو بڕیاریان‌دا بۆ هه‌میشه ده‌ست له نیشتمان‌و نه‌ریت‌و مێژوو هه‌لبگرن‌و ئه‌وه‌یش سزایه‌كی دادوه‌ری‌یانه‌یه كه ڕۆله‌كانی گه‌لمان له كورده‌كان له‌م به‌شه خۆشه‌ویسته‌ی نیشتمانه ئازیزه‌كه‌ماندا شان به‌شانی پاله‌وانانی هێزه چه‌كداره‌كانیان به بێ به‌زه‌یی لێ‌یانیان دا بۆ ئه‌وه‌ی ڕیشه‌كێش كردنی جێ‌و شوێنی شه‌ر خوازی‌و پێشێل‌كردن‌و خیانه‌تكاری له هه‌ر كوێ بووبن •

برایان •• باوه‌ڕمان به گه‌ل‌و به شۆڕش‌و به دواڕۆژمان زۆر به‌رزه‌و ئه‌و ڕۆژه‌یش زۆر دوور نی‌یه كه له‌م شوێنه‌دا سه‌باره‌ت ئه‌و جه‌نگه ده‌ستدرێژی كه‌رانه‌و سته‌مگه‌رانه بدوێین كه تاقمی خومه‌ینی هه‌لیانگیرساندو سه‌باره‌ت ئه‌و چه‌ند كه‌سه كه‌مه‌ی كه ڕێگه‌ی ڕووناكیان لێ هه‌له بووو به‌وه قایل بوون بكه‌ونه هه‌لدێری خیانه‌تكاری‌یه‌وه سه‌باره‌ت ئه‌مه‌و ئه‌وه ده‌دوێین وه‌ك ڕابوردوویه‌ك لێی تێ‌ به‌ڕیبین‌و وه‌ك به‌كێك له‌و ده‌رسانه‌ی كه له‌وانه‌یه سوودیان لێ ببینین به درێژایی ڕێره‌وه شۆڕشگێڕانه درێژه‌كه‌مان تاوه‌كو ته‌واوه‌تی‌ی ئامانجه‌كانی گه‌له‌كه‌مان دێنه دی له

بنیاتنانی عیراقێكی گه‌شه سه‌ندووی ئه‌وتۆ ئالای سه‌ركه‌وتن‌و هیمنی به‌سه‌ره‌وه بشه‌كێته‌وه ، ئیتر سه‌لاوو به‌ره‌كه‌تی خواتان لێ بێت •

● ئینجا به‌ڕێز همزه باپیر ئاغا سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی كرد به‌و پێ‌یه‌ی كه به ته‌مه‌ن گه‌وره‌ترین ئه‌ندام‌بوو، بۆ هه‌لبژاردنی سه‌رۆك‌و جێداری سه‌رۆك‌و رازگری ئه‌نجومه‌نی یاسادانان ، به‌پێشنیاری نهێنی ئه‌م مامۆستایانه به‌ده‌سته‌ی سه‌ره‌كایه‌تی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی كوردستان ده‌رچوون :-

احمد عبدالقادر عبدالله نه‌قشبه‌ندی سه‌ره‌كی ئه‌نجومه‌ن •

حكمت حاجی سلیم جێداری سه‌رۆك •

جمال جلال حمه رازگری ئه‌نجومه‌ن •

● به‌ڕێز جمال حاجی شریف سه‌ره‌كی ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی كوردستان وته‌یه‌كی خوێنده‌وه‌و وتی :-

به‌ناوی ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی كوردستانه‌وه پیرۆزبایی‌یه‌كی گه‌رمتان لێ‌ده‌كه‌ین‌و پیرۆز بایی ئه‌و باوه‌ڕپێدانه‌تان ده‌كه‌ین‌و هیواخوازین له‌سه‌ر ڕێگای سه‌رفرازی گه‌ل‌و به‌ره‌وپێشه‌وه بردنی كاروانی ئۆتۆنۆمی‌و به‌شداری كردنی گه‌لی كوردمان له‌جه‌نگی ڕه‌واماندا به‌رده‌وام بن •

● ڕۆژنامه‌ی «هاوكاری» چاوی به چه‌ند ئه‌ندامێكی نوێی ئه‌نجومه‌ن كه‌وت :-

- كاك بایز عزیز رشید جاف له سلێمانیه‌وه وتی

به‌لێن بۆ سه‌ره‌كی فه‌رمانده هه‌ڤال صدام حسین كه هه‌میشه به گیانێكی پیرۆزه‌وه تێ‌بكۆشم له پێناوی پاراستنی خاكی عیراق ، له بڕیاری ئه‌نجومه‌نی

یاسادانانه‌وه كار بكه‌م‌و سه‌ربازی ئه‌م خاكه‌بم •••

كاك توفیق اسعد شێتنه له هه‌ولێره‌وه وتی :-

ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی كوردستان ده‌سكه‌وتێكی پیرۆزه ، بێ‌گومان هه‌لبژاردنی ئه‌مسال به ڕووداوێكی مێژوویی مه‌زن داده‌نرێت ، چونكه سه‌ره‌ڕای جه‌نگی ڕه‌وامان دژی ڕژێمی ئێرانی به‌كرێ‌گیراو توانرا به شێوه‌یه‌كی دیموكراتیانه هه‌لبژاردنه‌كانی ئه‌نجومه‌ن بكرێت •• سه‌رفرازی ئه‌م وولاته‌ش سه‌رفرازی هه‌موومانه •••

- كاك رمزی خورشید له ناوچه‌ی ڕه‌واندوزه‌وه وتی :-

ئێمه گه‌لێكین خاوه‌ن مێژوو، جه‌نگ‌و ده‌ستدرێژی دوژمنان كار ناكاته سه‌ر كاروانی ڕێره‌ومان ••

● مامۆستا همزه باپیر ئاغا پشده‌ری وتی :-

پێویسته هه‌موومان یه‌ك دل‌و گیان تێ‌بكۆشین بۆ پارێزگاری كردن له‌م وولاته، چونكه عیراق وولاتی كوردو عه‌ره‌به •••

● به‌ڕێزان خالد شیخ محمودو حمه‌كریم له سلێمانی‌و ئازاد عثمان میران‌و اسماعیل عبدالله له هه‌ولێر، دووپاتی دلسۆزی خۆیان كرده‌وه بۆ سه‌ره‌كی فه‌رمانده هه‌ڤال صدام حسین‌و خاكی عیراق •••

لیژنه‌ی : پاشماوه

باسی مه‌وداكانی قۆناغی تێكۆشانی ئێستایان كردووه له‌گه‌ل لێپرسراوێتی‌و ئه‌ركه‌كانی جه‌ماوه‌ری گه‌لی كوردمان له به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ده‌ستدرێژی‌یه‌كانی ڕژێمی داخ‌له‌دلی خومه‌ینی كه مه‌به‌ستی زیان‌گه‌یاندن به نیشتمان‌و شۆڕشه‌كه‌مانه

به‌خته‌وه‌ری

نووسینی أ•ن• دلسۆز

گومانی تیانیه هه‌میشه ئاواتی هه‌ركه‌سێ ئه‌وه‌ته ڕۆژێ له‌ڕۆژان ده‌ستی‌بگاته ده‌ستی «خۆش‌به‌ختی» واته به‌خته‌وه‌ربێت ، گه‌وره‌پیاوانی - گۆڕه‌پانی زانیاری سه‌باره‌ت به‌خۆش‌به‌ختی زۆریان باس‌كردوه ، كه خۆش‌به‌ختی به‌چی ئه‌لێن خۆش‌به‌خت كێ‌یه ؟ چۆن‌بگه‌نه‌خۆش‌به‌ختی ، به‌كورتی ئه‌كرێ بلێین خۆش‌به‌خت به‌كه‌سێ ئه‌وترێ له‌ژیانی‌خۆی ڕازی‌بێت ، یان‌خۆش‌به‌خت كه‌سێكه كه‌له‌ئێشو ئازارو كلۆلی دووربێت وه‌له‌خۆشیو شادی‌دا بێت ، یان هیچ‌نه‌بێ به‌شی‌شادمانیو شادكامی زۆرتربێ تا ده‌ردوسته‌مو‌ئازار :

جاهه‌ر له‌سه‌ر ئه‌م‌بناغه‌یه وه‌بۆگه‌یشتن به‌وئاواته‌یه مرۆڤ تێ‌ئه‌كۆشێ بۆئه‌وه‌ی خۆی وه‌گه‌لو ولاته‌كه‌ی كه له‌گه‌لیانا پێكه‌وه ئه‌ژین بگه‌نه ئه‌و پله‌و قۆناغه‌ی له‌ژیان كه خۆشیوشادی وڕه‌زامه‌ندی پتربێ له‌ناكامی‌و چه‌وساوه‌یی‌و ڕه‌نج‌و ده‌رد •

له‌ڕوانگه‌ی ئه‌م‌باوه‌ڕه‌و ئه‌م مه‌به‌سته‌وه‌یه ئه‌زانین گه‌لی‌ئیران بۆچی شورشی كردوه‌و چی‌ویستوه، بێ‌گومان ئه‌م‌گه‌له «به‌رزه‌فڕه»ش «طموح»ه‌ش تێ‌كۆشاوه بۆئه‌وه‌ی بگاته قۆناغی «خۆشبه‌ختی ، یان ، به‌خته‌وه‌ری» •

جا ئێستا پێكه‌وه‌سه‌رێك له ئێرانی «خومه‌ینی‌لێ‌داو» ئه‌ده‌ین‌بۆئه‌وه‌ی بزانین ئایا له‌ماوه‌ی ئه‌م چوارساله‌دا خومه‌ینی وه ڕژێمی له‌ڕێگای گه‌یاندنی ئه‌م گه‌له به‌و ئاواته‌یان چ هه‌نگاوێكیان هه‌لگرتوه ؟ ••

گه‌لی‌ئیران به‌رله‌شورش ئاراده‌یێ پاروه‌نانێكیان هه‌بو بیخۆنو ئاسایشێكیشیان هه‌بو وه له‌م‌باره‌وه واته چۆنیه‌تی ژیانی «ژیواری» یه‌وه باش‌بون ،به‌لام گه‌لی به‌رزه‌فڕ ته‌نها به‌دابین‌بونی ئه‌م باره‌ی‌ژیان دانامر كێت به‌لكو - شان‌به‌شانی دابین‌بونی لاینی ژیواری ، دابین‌بونی لاینی ئازادی و دیموكراتیشی ئه‌وێت ، ئه‌م گه‌له پێویستیان به‌دیموكراتی وه‌ئازادیش هه‌بو ئه‌یانه‌ویست ئیتر ناوی زیندان‌و وشه‌ی مه‌منوع له‌بیر به‌رنه‌وه ئیتر له‌ژێر ڕكێفی دیكتاتۆریه‌تی یه‌ك كه‌سه ده‌رچن وه‌باوه‌ش بكه‌ن به‌گه‌ردنی ئازادی‌و دیموكراتیه‌تی ڕاسته‌قینه‌دا •

گه‌لی‌ئیران له‌شۆڕشه‌كه‌یانا سه‌ركه‌وتن به‌لام به‌ئاوات هه‌ر نه‌گه‌یشتن‌و ده‌سیان‌نه‌كرده گه‌ردنی به‌خته‌وه‌ری ، وه‌پێش‌بینی‌یه‌كانیان به‌هه‌له ده‌رچو ، ئه‌وه‌ی چوارساله به‌سه‌ری‌ئێرانا هاتوه به‌سه‌ری دوشمنتا نه‌بێ ، ئه‌وگه‌له نه‌ك هه‌ر نه‌گه‌یشته‌ئاوات به‌لكو له‌و ته‌قه‌ته‌قه‌ش كه‌وتن وه ده‌ستیان له‌بنی هه‌مانه‌كه‌شه‌وه ده‌رچوو‌و خوێنی هه‌مری شه‌هیدانی ڕێگای شورشیش به‌فیڕۆچو ، نه‌ك هه‌ر به‌فیڕۆچو به‌لكو بویه ئاگرێك وه‌گه‌لی ئێرانی تیاپڕوزاو هه‌لفڕچا •

ڕاپه‌ڕینی ئیرانیه‌كان نه‌ك هه‌ر به‌ئاوات‌نه‌گه‌یشت به‌لكو بویه هۆی ئه‌وه‌ش برای هاوولاتی خۆی له‌ناوچێت •

هۆی ناكامی‌و نامورادی گه‌لی‌ئیران له‌گه‌یشتن به‌قوناغی به‌خته‌وه‌ری ئه‌وه‌بو كه‌برێ ده‌س‌برێ له‌خوانه‌ترس برێ گورگی كه‌ولی‌مه‌ڕله‌به‌ركردو جله‌وی ڕاپه‌ڕینه‌كه‌ی لێ‌وه‌رگرتن وه‌له‌ڕێ‌ڕه‌وی ڕاسته‌قینه لایان‌داو به‌ره‌ودوا بردیان ، ئه‌مه‌ش به‌هۆی كه‌لكی پێچه‌وانه وه‌رگرتن‌وبو له‌ناوی پیرۆزی ئاین‌و له‌باوه‌ڕی پاكی گه‌ل به‌ئایین وه پیاوه‌ئاینیه‌كان •

ئه‌مانه‌ی كه ئه‌بوایێ خۆیان «بت‌شكێن» بونایێ بونه «بت‌په‌رست» له‌باتی‌ئه‌وه‌ی گه‌ل له‌ده‌ستی زۆرداران ڕزگاركه‌ن خۆیان بونه خوێن‌مژو وه‌كو زالو دمیان نایه گه‌روی‌گه‌ل وه هه‌ریه‌كه‌ی كورسیێكی فه‌رمان‌ڕه‌وایی بۆخۆی دابڕ كردو ته‌خت له‌سه‌ری دانیشت ، ئه‌مڕۆ مه‌لای عه‌جه‌م بوه‌ته كارناسو پسپۆڕی ئابوری ، بازرگانی ، سوپایی ، كشتوكال ، ڕامیاری ، وه‌هه‌زاران ڕشته‌ی تری زانیاری‌و ولاتداری ،

خه‌لك له‌كاتی خۆیا له‌وه بێزاربون ئه‌بوایێ هه‌موی ئێران به‌ویستو خواستی یه‌ك‌كه‌س بچێته‌ڕێ‌وه واته «شا» وه‌پارتیش هه‌ر یه‌ك پارت‌بێ «ڕه‌ستاخێز» ، كه‌چی ئیسته‌ش مه‌لای‌عه‌جه‌م ئه‌لێن «ڕێبه‌ر ته‌نها ڕۆح‌الله پارتیش ته‌نها‌حیزب الله» •

جائیتر ئه‌مڕۆ له‌گه‌ل خولی «شا دا» فه‌رقی چی‌یه ؟ ته‌نها فه‌رقێكی بچوك ، ئه‌ویش ئه‌وه‌ته ئه‌گه‌ر هه‌ر ڕژیمه‌كه‌ی له‌وه‌پێش بوایێ ئێسته پێنصه‌ده‌هه‌زاركه‌س نه‌كوژرابو صه‌دوپه‌نجاهه‌زاریش له سێداره نه‌درابو دوملیۆن‌كه‌س به‌هۆی نه‌به‌رده‌وه له سه‌ر جێ‌وشوێنی خۆیان ده‌ربه‌ده‌رو ئاواره نه‌ئه‌بوبون چوارملیۆن ئێرانیش ئاواره‌ی ئێران ئاوا نه‌چه‌قیبوه قوڕ دانشگه‌كان ده‌ریان قوڕی پێوه‌نه‌درابو به‌لكو هه‌رئه‌وه‌بو كه‌ڕژیمێكی دیكتاتوری شاهه‌نشای فه‌رمان‌ڕه‌وایی ئه‌كرد كه به‌زۆری كوته‌ك ویستی‌خۆی سه‌پاندبو به‌سه‌ر گه‌لا ، وه هه‌والێكیش له‌ئازادی و دیموكراتیه‌ت نه‌بو •

به‌لام ئه‌مڕۆ ئه‌و ده‌ردو به‌لاو ناكامی‌و ناله‌باریه‌ی له‌وه‌وپێش هه‌رماوه‌ته‌وه‌و هه‌موی ئه‌م ناكامی‌یه تازانه‌و ئه‌م‌زۆروێژی وه كونه په‌رستی‌یه‌شی كه‌وتوه‌ته‌سه‌ر ، شه‌ڕێكی گه‌رمی ناوخۆیبو نه‌بردێكی مال‌وێران‌كه‌ری ده‌ره‌وه‌شی كه‌وتوه‌ته‌سه‌ر ، گرانی‌و ناهێمنی‌و بێكاری‌و ده‌ربه‌ده‌ریه‌كه‌شی بابمێنێ ، له‌هه‌موی خراپتر ئه‌وه‌ته جاران له‌دژی‌ڕژیم‌بوون ، ته‌نها یه‌ك تاوان‌بو ، ئه‌ویش ئه‌یانوت دژی ڕژیمه ، به‌لام‌ئیسته له‌دژی‌ڕژیم‌بون دژایه‌تیه له‌گه‌ل خواوئاینیشا وه مروڤی تێكۆشه‌ر له‌ناكاو سه‌ری له « مفسد فی الارض »‌ه‌وه‌ده‌رئه‌چێ •

به‌كورتی خۆش‌به‌ختی‌و به‌خته‌وه‌ری ئه‌وه‌نده له‌گه‌لی‌ئیران دوركه‌وتوه‌ته‌وه تازه‌كه‌س به‌ته‌مای گه‌یشتن به‌ئاوات نیه به‌لكو به‌نیوه‌ی سه‌رمایه‌كه‌ش ڕازین ، وه‌ئیسته ئه‌وگه‌له « به‌رزه‌فڕه » وای‌لێ‌هاتوه ئه‌لێ هه‌ر ئه‌م له‌خوا نه‌ترسانه مان له‌كۆل بێته‌وه هیچمان‌ناوێ نه‌ئازادی‌و نه‌دیموكراتی ، هه‌رئه‌م «سه‌ره‌تانه» شێرپه‌نجه‌یه‌مان له‌كۆل بكه‌نه‌وه •

« ئه‌وه ئه‌وپه‌ڕی خۆش به‌ختی‌مانه »

به‌شێك له : پاشماوه

بیلانی ئه‌و كولۆنێله كرد •• له پاشا مه‌نجه‌لێكی گه‌وره‌یان هێناو گه‌رمیان كرده‌وه • ئینجا فه‌رمانی‌دا یه‌كێ له دیله كورده‌كان بهێنن‌و سه‌ری بپه‌ڕێنن • ئینجا خۆی مه‌نجه‌له‌كه‌ی هه‌لگرت‌و ملی ئه‌و دیله‌ی پێ‌بژراندو ئه‌وه‌بوو ملكه له‌و لاوه كه‌وت‌و گیانی‌دا •• » له پاشا كولۆنێل وتی : (پیاوێكی درێژ داهۆلم بۆ بێنن ، ئه‌و پیاوه‌یان هێناو سه‌ریان په‌ڕاند ، تا په‌یتا په‌یتا سه‌ری هه‌موویانیان په‌ڕاندو مه‌نجه‌له‌كه‌شی هه‌ر جاره • گه‌رم‌و سوور ئه‌كرایه‌وه‌و بۆ هه‌مان مه‌به‌ست به‌كارده‌هات كولۆنێل‌و پیاوه‌كانیشی هاواریان ده‌كردو چاویان سوور ببوو داوای كوشتاری زیاتریان ئه‌كرد •••) •

ئه‌م كاره‌ساته نامرۆڤانه‌یه كه دژی گه‌لی كورد كرا تاوانێكی تری عه‌جه‌مه‌كانمان له دژی كورده زه‌ندیه‌كانمان بیر ئه‌خه‌نه‌وه ، كاتێ كه عه‌جه‌مه‌كان له وه‌ختی حكومه‌تی كه‌ریم خان هاتن‌و هه‌زاران هه‌زار چاوی مرۆڤی كوردیان سمی • كه مێژوو شتی واو كاره‌ساتی وای تا ئێستا نه‌گێڕاوه‌ته‌وه •• مه‌گه‌ر ئه‌م تاوانه تازه‌یانه نه‌بێت كه ئێستا به كورد ئه‌یكه‌ن‌و خومه‌ینیش به‌وپه‌ڕی شانازی‌یه‌وه دێت‌و مێژووه‌كانی

بابو باپیرانی داخ له دلی خۆی ئه‌گێرێته‌وه • ئه‌و كینه‌و داخه‌ی كه دوای روخانی حمه ره‌زای شاه جاڕ داو كه‌وته قه‌لاچۆكردنی كوردو كاره‌ساتی قه‌سابی دوباره خسته‌وه‌یادو پتر له (١٠)ده هه‌زار كوردی كوشت‌و به فڕۆكه‌و بۆمباوه كه‌وته وێژه‌ی دیهاتی كوردستان‌و مهابادی خوێنینی هه‌مدیسان له خوێنی خۆیا گه‌وزانده‌وه‌و گه‌مارۆی ئابووریشی له سه‌ر كوردستان سه‌پاند •• ئا به‌م چه‌شنه له‌و ڕۆژه‌ی خومه‌ینی حوكمی گرتۆته ده‌ست سه‌یری كوردو مافی كوردو نیشتمانی كورد ئه‌كات •• به‌مه‌ش حوكمی به‌ترانه‌كان‌و شاهه‌كانمان بیر ئه‌خاته‌وه • كه چۆن مه‌لاو ئاخوندو ئابه‌ته‌كان هه‌مان كاره‌سات به‌سه‌ر كوردا دا ئه‌بارێنن ئه‌مڕۆش ئه‌وانه‌ی كه خۆیان‌و وێژدانیان فرۆشتوه‌و • ناپاكی له‌گه‌ل ئه‌م كورده ئه‌كه‌ن • به‌تایبه‌تی كوردی ئێران ده‌ستیان خستۆته ده‌ست ئه‌و تاقمه پیاو كوژه‌ی تاران‌و هه‌مدیسان ده‌یانه‌وێ ده‌روازه‌ی هه‌ولێر بكه‌نه‌وه‌و بكه‌ونه كورد كوشتن‌و یادی قه‌سابی كوردستان‌و كاره‌سانی زه‌ندیه‌كانمان بیر بخه‌نه‌وه •• به‌لام به‌هیچ كلوجێ ئه‌مجاره ئه‌مه‌یان بۆ نالوێ‌و ئه‌مجاره‌یان كوردو عه‌ره‌ب له ژێر سه‌ركردایه‌تی‌ی سه‌ره‌كی مه‌زنی گه‌لمان صدام حسین‌و سوپای دلێرمان یه‌كده‌ستن‌و له ڕووی ئه‌و شالاوو تاوانانه‌ی ئه‌وه‌ستن‌و ئه‌یخه‌نه گۆڕه‌وه •••

خوێنه‌ران : پاشماوه

ڕاگه‌یاندن به‌ره‌و بره‌وسه‌ند هه‌نگاوی پڕحه‌زوو هیوای بۆ خۆش حالی عیراقیه‌كان ده‌نا •• شه‌یتانی شه‌ڕ ئاگری جه‌نگی ڕووه‌و عیراقی خۆ ڕاگر ئاراسته‌كرد •• عیراقیه‌كان له‌بنیات‌نانی سۆشیالیزمی‌و له‌به‌ره‌نگاری ئیمپریالیزمی جیهانی داهبوون له‌دروست كردنی یه‌كێتی عیراقی‌و له‌كارو هه‌لسانه‌وه‌دا بوون عیراقی تێرو پڕ هونه‌رو ڕۆشنبیری ، ده‌رۆیشت ڕووه‌و دروست بونێكی مه‌زن‌و به‌هێز •• چاوی پیس‌و نیازی شه‌ڕی خومه‌ینی بایه قوژی سه‌ده‌ی تاریكی ئێران جه‌نگی هاویشته به‌رده‌م ئه‌م ڕه‌وته پڕ مرۆڤایه‌تیه‌ی عیراقی مه‌زن ، جه‌نگێك كه ئه‌هر دواكه‌وتن‌و مال‌وێرانی‌و هه‌ژاری نیانه‌یێ •• ئه‌وا واله‌عیراق ده‌كات له‌ڕه‌وتی به‌ره‌وپێش چوون‌و دروست‌كردن‌و بنیات نانێكی خیرا بیوه‌ستێنی‌و به‌جه‌نگه‌وه شمه‌كی‌پیشه‌سازی‌و كشتوكال‌و خیروهێزی خه‌لكی قوربانی پڕ كردنه‌وه‌ی نشیوی

جه‌نگیك بكات كه مه‌به‌ست تیاباشكاندنی ئاره‌زووی ده‌مارگیرانه‌ی خومه‌ینی‌و دام‌و ده‌زگاكه‌یه‌تی‌و به‌س •

خومه‌ینی باش‌ده‌زانی ئه‌گه‌ر جه‌نگ نه‌بێت زوو له‌سه‌ر ئه‌سپی ده‌مارگیری ده‌یخه‌نه خواره‌وه ، به‌لام ئیسكاش ده‌ستی جله‌وی ئه‌و ئه‌سپی شه‌ڕه ناگرێ‌و په‌یتا په‌یتا به‌ناوخاكی عیراق‌و ئێراندا له‌سه‌روشتی ترس‌و مه‌رگ ڕاوه‌نرێ‌و خه‌یانی گه‌لانی ئێران زیاترو گه‌وره تر ده‌ستی پولایین له (خومه‌ینی‌و دام‌و ده‌زگای مه‌لایان) ده‌وه‌شێنێ •

خومه‌ینی نه‌یتوانی له‌درێژه‌دانی ئه‌م شه‌ڕه‌دا ته‌نانه‌ت هێزی خه‌باتی چه‌كداری وسیاسیانه‌ی گه‌لانی ئیران سه‌ركوت بكات ئه‌گه‌رچی سك گوشین‌و خوین ڕشتن تازه‌ترین هه‌ره‌شه‌یه‌تی خه‌لكی هه‌ر خۆڕاگرن •• كۆل‌ناده به‌ره‌وگۆڕ یه‌گۆڕكردنی جمهوری ئیسلامی له‌خه‌یاندان ئه‌م دیاردانه ئاشكران‌و •• له‌مه‌ش زیاترو اچڕ تر گۆڤارو رۆژمه‌كانی جیهانی پڕكردۆته‌وه •

Institut Kurde de Paris

لە كۆڕێكی لقی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی لە سلێمانیدا

نالی و نامۆیی

ئێوارەی (٥) شەممەی رابوردو لقی دەزگاكەمان ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی لە سلێمانی كۆڕێكی بە ناونیشانی (كاری نامۆیی لە شیعرەكانی نالی)دا لە هۆلی كتێبخانەی گشتی بۆ كاك ئومێد ئاشنا سازكرد ٠

كۆڕەكەش كە لە لایەن شاعیر لەتیف هەڵمەتەوە بەڕێوە دەبرا پێشەكی ناوبراو بە ناوی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردییەوە پێشوازی میوانەكانی كردو ووتی دەزگاكەمان هەروەكو لە رێگەی چاپەمەنیەكانی خۆیەوە ، هاوكاری و بەیان و رۆشنبیری نوێوە خزمەت بە ئەدەبی كوردی دەكات ، دەیەوێ لە رێگای ئەم جۆرە كۆڕانەشەوە ، جۆرە خزمەتێكی تری ئەدەبی كوردی بكات و ئەدەبی كوردی لەسەر كاغەزەوە بهێنێتە كۆڕی موناقەشەو مشتومڕەوە ٠٠٠ بۆیە هیوادارین خوێنەران و ئەدەبدۆستانی بەڕێز لەم كۆڕانەدا هاوكاریمان بكەن ، چونكە ئەم جۆرە كۆڕانە بۆ ئەوانە ٠

دوابەدوای ئەمەش كاك ئومێد ئاشنا دەستی كرد بە پێشكەش كردنی باسەكەی و لە سەرەتاوە دەست نیشان كردنی ئەو خاڵەی كە تائێستا نەمانتوانیوە بەپێی پێویست دەربارەی ناودارەكانمان بنوسین و لێرەشەوە پەنجەكێشان بۆ گەورەیی نالی و پێناس كردنەوەی بەوەی كە هەموو دەمێك دەتوانرێ زانیاری نوێی لەسەر بنوسرێ و لەم روانگەشەوە بەسەركردنەوەی ئەو رۆشنبیرانەی كە تا ئێستا دەربارەی نالیان نوسیوە ٠٠٠ لێرەشەوە چونە نێو ناوەرۆكی سەرباسەكەی و قسەكردن لەسەر نامۆ بوون و ماناكانی نامۆ بوون دوابەدوای ئەمانەش ئاشكراكردنی دوو لایەنی زانستیانەی نامۆیی لای نالی : یەكەمیان نامۆی بابەتی (موضوع)و لەم روەشەوە هێنانەوەی چەند نمونەیەكی شیعری نالی و پاشان شی كردنەوەی ئەم دوو لایەنە لای نالی بە شێوەیەكی فراوان و هەروەها بەسەركردنەوەی ئەو هۆیانەی كە بونەتە هۆی هەست پێ كردنی ئەم دابڕدەیە لە شیعرەكانی نالی داو لەم روەشەوە دووپات كردنەوەی خاوەن باس لەسەر ئەو رایەی كە جێ پەنجەی ئەم نامۆییە لای نالی تەنها لەبەر جێ گۆڕكێی شاعیر بووە و دەبینین نالی لە وڵاتی خۆیدا نامۆ نەبووە و لە شیعرەكانیشیا هەست بە نامۆبوونی ناكەین بەڵكو دوای ئەوەبوە كە لە سلێمانی دەرچوەو ماوەیەكی دوورودرێژ ئاگاداری وەزع و بارودۆخی وڵاتەكەی نەبوەو ئەم كارەش لەو فەترە زەمنیەدا بەئاشكرا لە ناوەرۆكی شیعرو بەكارهێنانی ووشە شیعرەكانیدا وەدەردەكەوێ٠ ئەمەش بە پێشكەش كردنی باری سەرنج و تێبینی میوانەكان دەربارەی ناوەرۆكی باسەكە كۆتایی هات ٠

● فریا ●

تیشكی خۆر ٠٠ زۆر نزیكە

كۆمپانیایەكی شارەزا لە وزەی خۆردا جۆرە ئەستێلێكی دروست كردوە بۆ ئاو هەڵگرتن زۆر سادەو ساكارەو پاداشتی یەكەمیشی وەرگرت لە پیشانگای تازەكاریدا كە لە جنێڤدا كرایەوە ٠

ئەم ئەستێلە دەتوانێ ئاوی ساردو گەرمت بۆ ئامادەبكا بە هۆی ئەو وزەیەوە كە لە خۆرەوە وەری دەگرێ و هەرگیز كۆتایی نایە ٠٠ هەرزانی وزەكەیشی لەوەدایە خۆر هەرچەندە دووربێ دەتوانی تیشكەكەی بمژێ و سوودی لێ وەرگرێ ٠٠ ئەو كارەبایەیش كە پێویستیەتی بۆ كاركردنی زۆر كەمە ٠

خەیاڵێكی سوپەرایی

وێنەهەڵكەنی سوپەرایی پۆل كیفلمان بەوە ناوبانگی دەركردوە كە كۆمەڵێكی زۆر ئامرازی ئاڵۆزو سەرەتایی لە جۆرەها كان دروست دەكاو ئێستا هەندێكیانی لە پاریسدا پیشانداوە ٠

بەڵام ئەی بۆ زاناو داهێنەرەكان بیر لە دروستكردنی شتی وا ناكەنەوە ٠٠ هۆیەكەی ئاشكرایە چونكە ئەم ئامرازانە هەر بۆ سەیركردن دەست دەدەن ٠

ئامرازێكی سووك بۆ ڕووناك كردنەوەی ڤیدیۆ



لە دەرەتانی وێنەگرتندا ڕووناك كردنەوە بە كامێرای ڤیدیۆ گیروگرفتێكی زۆری لەگەڵە ٠٠ هۆیەكەیشی ئەوەیە چرای ڕووناك كردنەوە وزەیەكی زۆری كارەبای دەوێ و لە هەمان كاتیشدا زل و قورسە ٠

بەڵام لەم دواییەدا یەكێ لە كۆمپانیاكان چرایەكی وای دروست كردوە لەو هیوایەدابە چارەی ئەم گیروگرفتە بكا ، چونكە سووكە ، دەكرێ بە كامێراكەوە و هەڵدەگیرێ و كەم مەسرەفیشەو بە چرایەكی «هالوجین»ی ٥٠٠ واتی ئیش دەكاو تەمەنی درێژەو ڕەنگی باشیش دەبەخشێ ٠ بێجگە لەمەیش چراكە پێچراوە بە لوولەیەكی كوارتزەوە لە سووتان دەپارێزێ و پلەی ڕووناكییەكەیشی بە ئارەزووی خۆتەو بێ وەستان ٧٥ سەعات دەتوانێ ئیش بكا٠

لە گۆڤارو ڕۆژنامە جیهانیەكانەوە بە تایبەت بۆ «هاوكاری» كراون بەكوردی

جیهانی ڕەنگاوڕەنگ

ئەنتیكەكانی لادێكانی پاریس

لە ئێستكە كۆنەكەی باستیلدا لە پاریس لەم چەندانەدا هەندێ شاكاری ئەنتیكە فەرەنسایی یە كۆنەكان پیشاندرا كە بەكێكیان ئەم ئەنتیكەیەبوو كە لەم وێنەیەدا دەیبینن و بەرگدرووەكان بەكاری دێنن و دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٨٨٠٠

وێنەی ئەم ئەنتیكەیە بریتییە لە وێنەیەكی شایی لادێ كە بە دەست دروستكراوەو بە جوانترین شێوە ڕازێنراوەتەوە ٠

چاوەكانی جۆزیا ٠٠

ئەم كیژۆڵەیەی كە لە وێنەكەدا دەیبینی كچێكی سیازدە ساڵەی خەڵكی دێیەكی پۆلۆنیایە ٠

هیچی لە هاوڕێكانی جیاواز نیە ئەوە نەبێ بە سەیركردن دەتوانێ لە دوورەوە شت و مەك بجوولێنێ ٠٠ چەندەها جار بەم جۆرە كتێب و پەرداخ و چەرچەف و شتی تری جوولاندوە بە تەنیا چاولێبڕین٠

دەنگوباسی جۆزیا جیهانی گرتوەتەوەو تەلەفزیۆنی ژاپۆن بە تایبەتی سەری لێداو چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ سازكرد ٠٠

جۆزیا خۆی گوێ بەم هەراو هوریایە نادا و خەریكی خوێندنەكەیەتی ٠

داهێنەران

ئاو ٠٠ لە هەموو شوێنێكدا !!

ئەم بەهارە لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا بارانێكی زۆر باری و باراناوەكەی بە زەویدا نەچوو ٠ لە بریتانیا باران كە ماوەی ٤٢ ڕۆژ خۆشی نەكرد لەوەرگەكانی (دیڤۆن)ی كرد بە گۆماوی قوڕاوی فراوان لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕووباری (ڕاین)و (موسێل) لە مانگی نیسان و مایسدا لافاویان هەڵچوو ، زیانێكی گەورەیان لە مەڕو ماڵات و دەغڵ و دان دا ٠

حەوت كەسیش گیانی خۆیان لە دەست دا كاتێك لافاوی تیژ شەمەندەفەری خێرای ئەورووپای لە سەر هێڵ نزیك بە شاری (كۆلۆن) دەر كرد ٠ لە فەرەنسایشس دوو كەس لە ئاوی لافاودا خنكان و ، پۆلیس و سوپایش بەلەمی ئەوتۆیان بۆ یارمەتیدانی جووتیارەكان بەكار هێنا بۆ ئەوەی بەزوپۆلەكانیان پێ بگوێزنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لە مەترسی لافاوەوە دوورن لە ئیتالیایش كارەساتەكە دڵتەزێن تر بوو كاتێك لافاوی لیتە دوو گوندی داپۆشی و بوو بەهۆی ئەوەی ١٧ كەس گیانی خۆیان لەدەست بدەن و پێنج هەزار كەسیش لەناوچەی (ئەتلۆئێدج) دەربەدەر ببن ، زانایانی ئاوو هەوا نەیانتوانیوە ئەو هۆیانە بزانن كە وایان كردووە لە ئەروپادا باران بەم زۆرییە ببارێت ٠

خۆیدا ڕاكێشا كە لە هەموو لایەكی ئەورووپاوە هاتبوون٠ لەم ماوەیەدا زێتر لە سەد جۆرە باڵۆن باڵ درانەوە ٠ بەم بۆنە مێژووییەوە وێنەی باڵۆن لەسەر چەترو لە نێو شەقام و لەسەر چكلێت و جل و بەرگ كێشرا ٠

٢٠٠ ساڵ بەرزبوونەوە بەرەو ئاسمان

ئەگەرچی داهێنان لە پێویستیەوە هاتووە ، ئەو ئەم پێویستییە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك شتی سەیر سەیر ! بۆ وێنە ئەو ڕووداوە سەیرەی كە لە ساڵی ١٧٨٢دا [illegible] كابرایەكی فەرەنسەوی بەناوی جۆزێف مۆنتكۆلفایەر هات ، ئەوەبوو لەبەر چەند هۆیەك كە خۆیشی نەیدەزانین جۆزێف كراسێكی تەڕی بەدەستەوە بوو ، دەیویست ووشكی بكاتەوە ، بۆ ئەوەی زووتر ووشكی بكاتەوە پەنای بردە بەر ئاگرو یاخەی كراسەكەی بەستەوەو لە بەردەمی ئاگرەكەدا گرتی ، بۆیە كراسەكە بە ئاسماندا باڵی لێ پەیدا بوو ، ئەم ڕووداوە هیچ كاردانەوەیەكی لە لای جۆزێف پەیدا نەكرد٠ بۆیە پاش حەوت مانگ خۆی و خوشكەكەی كاغەزێكی بەر مۆسیلینیان دوری و یەكەمین باڵۆنیان بە هەوای گەرم باڵ دایەوە ٠

ئاهەنگی پێنج ڕۆژە سەدودەهەزار كەسی بەلای

سوودی جگەرەكێشان !

جگەرەكێشەكانی جیهان زۆر بە سەرسامی و دڵخۆشییەوە ئەو قسەیەی پرۆفسۆر وایتبایان وەرگرت كە وتی جگەرە سوودی هەیە بۆ نەخۆشی [illegible] و هەڵاوسانی وردەدەمارەكانی هەناسەدان و دڵ ٠

تا ئەو كاتەی ئەم پرۆفسۆرە ئیسپاتی ڕاكەی دەكاو پسپۆڕان ڕای خۆیان دەڵێن با جگەرەكێشەكان بە ئارەزووی خۆیان جگەرە بكێشن ٠٠ ڕەنگە وای لێ بێ جگەرەكێشان ببێ بە دەرمان بۆ هەندێ نەخۆشی ٠

---

١٥ هەزار وێنە لە ٠ قەوانێكدا

كۆمپانیایەكی پیشەسازی كارەبا لە ژاپۆندا بڵاوی كردەوە كە وا توانیویەتی جۆرە سیستەمێكی تازە بدۆزێتەوە بۆ هەڵگرتن و تۆماركردنی زانیاری بە وێنەو دەنگەوە ٠ ئەم سیستەمە تازەیە هیچ هاوتایەكی نیە لە جیهانا ٠

ئەوەی شایانی باسە هەر ئەم كۆمپانیایە لە ١٩٨١دا ئامرازێكی دروست كرد بۆ تۆماركردنی ١٥ هەزار وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر قەوانێكی ٢٠ سانتیمەتری و سیستەمێكی تریشی دروست كرد كە لە لاپەڕەیەكدا بتوانێ بیست هەزار وێنە هەڵگرێ ٠

ئەم سیستەمە زۆر بەكەڵكە بۆ كتێبخانە گشتییەكان و نووسینگاكان و لە هەموو سیستەمێكی تر جێگای زۆرتری هەیە ، هەزارجار لە قەوانەكانی پێشوو و ١٥٠ جار لە قەوانەكانی كۆمپیوتەر شت زیاتر دەگرێ ٠

چیرۆك بۆ منداڵان

مار و پیاوی دارستان

هەبوو نەبوو ، پیاوێكی پیرەمێرد هەبوو ، لەگەڵ كوڕە ساواكەیدا لەناو كوختەیەكدا لە دارستانێكی گەورەدا دەژیاو ، لەسەر بەروبوومی دارستانەكەو ڕاوكردنی گیانلەبەرو باڵندەكانی دەژیان ، ڕۆژێكیان ، پیرەمێردەكە دەیویست میوەی درەختێك بكاتەوە ، بینیی شتێك فووی لێ دەكات ، گورج تەماشای كرد ، دیتی مارێكی گەورەیە بۆیە درەختەكە بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە، بەڵام ئاگاداری كوڕە گەنجەكەی ناكات ٠

ئەم ڕۆژەكەی تر بە ووریاییەوە لە هێلانەی مریشكە كێوبلەیەك نزیك دەبێتەوە ، بەڵام مارەكە لە ناوەڕاستی ڕێگەكەدا ڕادەوەستێت ، ئەمیش لە ترساندا دەگەڕێتەوەو ، بە كوڕە گەنجەكەیشی ناڵێت ٠

ڕۆژی سێیەمیش مارەكە لەناو پووش و پەڵاشەكەدا ڕادەوەستێت و ناهێڵێت كەروێشكێكی بچووك ڕاو بكات٠

پیرەمێردەكە لە كوختەكەدا بە غەمگینی دادەنیشێت و ، لەبەر ئەوەی لە كوڕەكەی دەترسێت شتێكی بەسەر بێت پێی دەڵێت :

«وەرە با بۆ ئەو دیوی دارستانەكە بگوێزینەوە تاكوو لەوێ نێچیر بگرین» ٠

بەر لەوەی قسەكەی كۆتایی پێ بهێنێت ، پیرەمێردەكە گوێی لە دەنگی خشەی مارەكە دەبێت ، ئەنجا سەری دەبینێت بەرانبەری ڕاست دەبێتەوە ، بیری كردەوە خۆی و كوڕەكەی لە كوختەكە دەرباز بكات بۆ ئەوەی لەم مارە دوور بكەوێتەوە كە زمانی بۆی دەردەكردو ددانەكانی دەخستە دەرێ تاكو بیترسێنێت ، بەڵام نەیتوانی ئەو كارە بكات چونكە مارەكە زۆرتر هاتە پێشەوەو سەری لە سەری كوڕەكەی نزیك بووەوە ٠

پیرەمێردەكە لە شوێنی خۆیدا چەقی ، ئەگەر قسە لەگەڵ كوڕەكەیدا بكات یان ئیشارەتی پێ بدات ، ئەوا مارەكە هێرشی دەباتە سەرو بە كوڕەكەیەوە دەدات ، بۆیە خێرا بیری لە شێوازێك كردەوە لەم مارە ڕزگاری ببێت ، ئەنجا چەقۆ درێژەكەی خۆیی بیر كەوتەوە كە لەلای پێی دایە ٠

دەستی بردو دەستكی چەقۆكەی گرت و ، لەناكاودا بێ ئەوەی كوڕەكەی بەئاگادابێتەوە ، یان مارەكە بزانێت خێرا دەستی خۆی دەوەشێنێت ٠

كوڕەكەی بە واقوڕی هەڵدەستێتە سەرپێ چونكە سەری بڕاوی مارەكە لەلای پێیدا دەكەوێت ، لەپشتەوەشی لاشەی مارەكە توند بە زەویدا دەدات ، لە هەمان كاتدا بەسەر لێوی باوكیەوەو بە روخسارو دەم و چاویەوە بزەیەكی گەورە دەبینرا كە ئەوەیش بەزەی سەركەوتن و ڕزگاربوون بوو٠

هكرم رشید تاڵەبانی
كردوویەتی بە كوردی

شیعر بۆ منالان

خومەینی

خومەینی بەد فەڕو گیێن
چۆن بەدرۆ ئەكا نوێژ
ئەڵێ مـن ایـةاللە
كلیلی بەهەشت لـەلام
من پێغەمبەری دووهـەم
لەسەر ئەم زەمینە هـەم
منالان وەرن ئێـوە
بەهۆی ها گشت بەرێوە
لەكۆلان و لەجـادە
دژی ریش سپی سـادە
خەلكی پێی خەڵەتـاون
لەباوەڕیـان دۆڕاون
كۆتای فاشیست وونـە
دوارۆژی هـەر مردنـە

وشیار ئەحمەد كۆیی

هاوكاری
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی
بەغداد : شەقامی ((الخلفاء)) مەیدانی ((الخلانی))
تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

Institut Kurde de Paris

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصطفی جلالی

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە

● پێنج شەممە ١٩٨٣/٩/١ ژمارە ٧٠٢ ● ٨ لاپەڕە ● بە ٥٠ فلسە ● الخميس ١٩٨٣/٩/١ العدد ٧٠٢ ●

لەم ژمارەیەدا
● کۆبوونەوەی سکرتاریەتی گشتی بەرەی نیشتمانی ل ٢ ٠
● بەرهەمی لاوان ، یانەی هاوکاری ل ٤و٥ ٠
● کۆڕێکی هونەری دەزگاکەمان لە هەڵەبجە ل ٨

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین مەدالیای ئازایەتی بە کۆمەڵێك ئەفسەرو جەنگاوەری پاڵەوان دەبەخشێت

هەموو بستێك لە خاکی کوردستان دەکەینە کڵپەی ئاگر دوژمنان بسووتێنێت

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە کە هەموان بۆیان دەرکەوت کە عیراقیەکان توانای پاراستنی ماڵی خۆیان هەیەو توانای ئەوەیان هەیە ئەو دەرسەی دوژمن دابدەن کە شایەنیەتی ٠

بەڕێزی لەو ووتەیەدا کە ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممەی ڕابووردوو ئاراستەی کرد لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بەدەستەیەك ئەفسەرو جەنگاوەرانی پاڵەوان بەرامبەر ئازایەتیی و پاڵەوانیەتی دیاریان بۆ بەرگری لە بیروباوەڕو پاراستنی خاکی نیشتمان وتی : دەبێ خومەینی بزانێ ئەو بازوانەی ڕووبەڕوویان دەبێ ، ئەو بازوانەن کە لەجەنگدا ژیاون و دەژین لەپێناوی حەقداو هەتا ناحەق مل کەچ دەکات ٠

دیسان بەڕێز سەرۆکی فەرماندە وتی : عیراقیەکان خومەینیان خستە ئەو شوێنەی کە دەبێ لێی بێ تا ڕووی قەڵبی هەتا لە ئێرانیشدا کەوتە بەرچاو کورسیەکەی شەقی شڕبووەو لەهەموو لایەکەوە ئاگری تێبەربووە تا شەڕ درێژە بکێشێ زیاتر دەسووتێ و بەرەو زەلکاوی ئەو نەهامەتیە دەچێ کە شایانیەتی ٠

ئەمەو لەم بۆنەیەدا بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێز خالد عبدالمنعم سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو فریق روکنی یەکەم عبدالجبار شنشل سەرۆکی ئەرکانی سوپاو چەند ئەفسەرێك لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ئامادە بوون ٠

دەقی ووتەکە لە ل٣ بڵاوکراوەتەوە ٠

جەنگاوەرە مەردەکانی سوپای عیراق بەردەوامن لە پاراستنی سنووری وڵات و تەمێ کردنی دوژمن

هێزە چەکدارە پاڵەوانەکانمان لە زەوی و ئاسمان و دەریادا ، کە بەووره‌یەکی بەرزەوە دژ بە هێزە دەستدرێژکەرەکانی خومەینی جەنگاوەن لە بەرگری کردن لە خاکی عیراقی مەزن داستانی بێوێنەی پاڵەوانیەتیان تۆمار کردووەو دەکەن ، هەمیشە ئەو بازووە درێژەپێدەرو بەهێز دەبن بۆ پاراستنی سنوورو خاک و ئاوو ئاسمانمان و زیانی گەورەتر بە دوژمن دەگەیەنن ٠

ئەوەبوو لە ماوەی ڕابوردوودا هێزەکانمان چەندین نیشانی دەریایی دوژمنیان لە سەرووی دوورگەی خارگی ئێرانیەوە بەدی کرد بەرەو ڕۆژئاوا بۆ قەناتی خۆر مووسا دەهاتن و نیازیان بوو بگەنە بەندەری خومەینی ئەوەبوو هێزی دەریایی و فڕۆکە جەنگیەکانمان بەرەنگاریان بوونەوەو بە گوێرەی نەخشەیەکی ڕێك و پێك توانییان دەستیان لێبووەشێنن و چوار نیشانیان لێ تێك بشکێنن و ئەوانی دی هەڵبێن ، ئەو چوار نیشانەیش ئاگریان تێبەربوو بۆیە دوژمن هەوڵی دا ڕزگاریان بکات بەڵام هەوڵەکانی بەفیڕۆ چوون ٠٠ لە ئەنجامی ئەم زیانە گەورەوە دوژمن فڕۆکەیەکی جەنگی نارد هێرش بباتە سەر بەندەری قول ٠٠ هێزەکانی بەرگری ئاسمانیمان بۆی ئامادەبوون و بەرەنگاری بوونەوەو پێکایان و توانییان بیخەنە خوارەوەو بینرا بە سووتاوی و گڕگرتوویی دەکەوتە دەریاوە ٠

هەروەها لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ، فڕۆکە جەنگیەکانمان هێرشی توندیان بردووەتە سەر سەنگەرو بنکەکانی دوژمن لە کەرتی باکوورو ناوەڕاست و قووڵایی خاکی دوژمن و فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانیشمان چەندین جار هێرشی سەرکەوتووانەیان بردووەتە سەر بنکەو سەنگەرەکانی دوژمن لە کەرتی باکوورو ڕاستەوخۆ پێکاویانن و چەندین ئامێری هەمە چەشنەی دوژمنیان تێکشکاندووەو ڕاستەوخۆ پێکاویانن و زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاندووەو بە ساغی بۆ بنکەکانیان گەڕاونەتەوە ٠

ئەمەو سەرجەمی زیانەکانی دوژمن لەم ماوەیەدا بەم چەشنەی خوارەوە بووە :
٥٨ کوژراوو ، ژمارەیەکی زۆری بریندارو، تێکشکاندنی دە ئۆتۆمبیل کە یەکێکیان تۆپی ١٠٦ ملیمی بە سەرەوەبووە ، ڕووخاندنی ١٩ ڕووانگەو ، ٨ سەنگەری پیادەو ، ١٢ کۆمەڵ تەقەمەنی و ، یەك تۆپخانەو ، یەك نەفەر بەری زرێلیی و ، چوار تانك و دوو شەفل و ، دۆزینەوەی یەك تۆپی ١٠٦ملم لە کەرتی میسان ٠

هاوڕێ عزة ابراهیم سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکات

دووپات کردنەوەی بەرەوپێش بردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ جەماوەر

هاوڕێ عزة ئیبراهیم جێنشینی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست جێنشینی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش شانازی هاوڕێی سەرکردە ئەمینداری نهێنی قوتر صدام حسێنی دەربڕی بەرامبەر بەو تێکۆشانەی کە جەماوەری گەلمان دەیکاو ئەو قوربانیانەی کە دەیداتە پێناوی قووڵکردنی ڕەوتی شۆڕشگێری بۆ بنیاتنانی نیشتمان و بەرگری کردن لە سەربەخۆیی ٠

هاوڕێ جێنشینی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری ئەمەی لەو وتارەیدا وت کە لەو کۆبوونەوە فراوانەدا خوێندیەوە کە بە سەرۆکایەتی ئەو کراو هاوڕێیان سعدون شاکرو محمد حمزەو عبدالغنی عبدالغفورو سمیر محمد عبدالوهاب و سعدی مهدی صالح و عبدالحسن راهی فرعون ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حزب و هاوڕێ علی حسن المجید ئەمینداری گشتی نووسینگای نهێنی قوترو بەڕێزان پارێزەران و ئەمیندارە نهێنیەکانی لقەکانی حزب لە پارێزگاکان و سەرۆکی ڕێکخراوە پیشەییەکان و ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان و هاوڕێیان ئەندامانی نووسینگای سوپایی و هەندێ لە کاربەدەستان ئامادەی بوون ٠

هاوڕێ عزة ئیبراهیم جێنشینی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری وتی شێوەی دەربڕینی باری نیشتمانی ئەم قۆناغە مێژووییەی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان دژی دەستدرێژی ئێران و زایۆنیزم و ئیمپریالیزم لەو کارە هۆشیارە دڵسۆزەدا دەردەکەوێ کە دەکرێ بۆ پتەوکردنی بەرەی جەنگ بە جەنگاوەران لە پێناوی بەردەوامبوونی گیانی سەرکەوتن و بەزاندنی دەستدرێژی و گۆڕکردنی نیازە چەپەڵەکانی دوژمندا ٠

ئەنجا هاوڕێ جێنشینی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش باسی دەوری دەزگا حزبی و ڕەسمیەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانی کرد لە کۆکردنەوەی جەماوەرو گەرمکردنی بەشداری کردنیاندا بۆ مسۆگەرکردن و ئامادەکردنی جەنگاوەران بۆ ئەوەی خاکە پاکەکەمان بکەین بە گۆڕستان بۆ هەموو هێرشبەرو تەماعکارێك ٠

هەروەها ئەوەی دووپاتکردەوە کە دەزگا حزبی و ڕەسمی و میللیەکان پێویستە یارمەتی یەکتر بدەن بۆ سازکردنی پێویستیەکانی ئەو جەنگاوەرانەی کە بەرگری لە سەربەرزی و سەربەخۆیی نیشتمان دەکەن ٠

بڕوانە ل : ٢

بەیروت جارێکی تر دەبێتەوە سەنگەری شەڕو کوشتار

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو شاری بەیرووتی پایتەختی لوبنان بووەمەیدانی جەنگ ئەم لایە لەوی تری دەداو ئەوی تریش لەئەمو هەندێکی تریشی چڵ و بەرگی جەنگ کردنی پۆشیبوو ٠

بۆ یەکەمین جاریشە لەو کاتەوە فەلەستینییەکان بەیرووتیان بەجێهێشتووە لە زۆربەی شوێنی ئەو شارەدا بەستی چەکدارانەو سەنگەری خۆقایم کردن بەرچاو دەکەوێت ، لە کاتێکدا چەکدارەکان بە زۆری بەرچاوەکەوتن و چەکی قورس و سووکیان پێبوو ٠٠ چەندین ناوچەی بەیرووتی ڕۆژئاوایش جموجووڵی چەکدارانەیان بە خۆوە دیت و سەنگەرەکانی لوبنان لە بەیرووتدا تووشی چەندین هەڵمەتهێنان بوون و چەکدارەکان توانییان کۆنتڕۆڵی گەڕەکەکانی ناوەوەی شار بکەن و یەکێك لە چاودێرەکان ووتوویەتی ئەمە لە چەشنە ڕاپەڕینێك دەکات چونکە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا توانیی هەموو ئەوە بڕووخێنێت کە دەستەڵات لە ماوەی ساڵێکدا بنیاتی ناوەو زۆربەی بنکە سوپاییەکان تووشی هەڵمەتبۆهێنان بوون

هەروەها گەڕەکی عەینول ڕومانە بۆردومان کرا ٠

دەنگ و باسەکان وا دەگەیەنن کە زۆرتر لە پەنجا کەس کوژراوون و بریندار بوون و هەندێك سەرکردایەتی مەدەنیش داوای کۆبوونەوەیەکیان کردووە لە ناو خۆیاندا لەوانەیشە بەیاننامەیەکی گرنگ لەو کۆبوونەوەیەوە دەربچێت ، لەم بارەیشەوە ئەنجوومەنی وەزیرانی لوبنان سوپای لوبنان و پۆلیسی ڕاسپارد ئاسایش بۆ بەیروون بگەڕێننەوەو ئەو هێزە چەکدارانە لەناوبەرن سەرەڕای پاراستنی دانیشتووانی شار ٠

ئەمەو سەرکردەی ئەو هێزە فەرەنسەوییەی لە لوبناندایە ڕایگەیاند کە سێ سەربازی فەرەنسەوی لەناو ئوتومبیلێکدا بەر نارنجۆکێك کەوتوون و بریندار بوون و پاشان یەکێکیان مردووە ٠٠ هەروەها باڵیۆزخانەی فەرەنسەیش بەر بۆردومان کەوتووەو سێ سەربازی تێدا بریندار بووە ٠

شایانی باسیشە کە ئاشتبوونەوەیەکی کاتی سەرلەبەیانیی سێشەممە ڕاگەیەنرا پاش ئەو پێکدا هەڵپڕژانە خوێناوییە کە نزیکەی چل کەسی تێدا کوژراو سەدو پەنجا کەسی تریش بریندار بوون ٠

کۆنگرەی جیهانی سەبارەت فەلەستین دەستی پێ کرد

لە کاتژمێری پێنج و سی و پێنج دەقیقەی سەر لە ئێوارەی دووشەممەی ڕابوردوو کۆنگرەی جیهانی سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف لە ٢٩ ئابەوە تا ٧ی ئەیلوول ڕێکی دەخات ، دەستی پێ کرد ٠

بەڕێز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڤییر بیرێز دی کویلار کۆنگرەکەی بە ووتارێك کردەوە تێیدا پەنجەی بۆ کارەساتی گەلی فەلەستین ڕاکێشا کە لە نێوان دەربەدەری و داگیرکردندا دەژیت ٠

هەروەها پەنجەی بۆ ئەو کارەساتە خوێناوییە ڕاکێشا کە لوبنان پتر لە ساڵێکە لە ژێر داگیرکردنی زایۆنی و ئەو تاوانکاریانەدا بە سەری دەبات کە داگیرکاران لە صەبراو شاتێلاو بەیرووت دژ بە گەلی فەلەستین و لوبنان ئەنجامیان داوە ٠

هەروەها پەنجەبشی بۆ ئەو بۆچوونانە ڕاکێشا کە لە لای دەستە نێو دەوڵەتیەکان سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین و مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتوونەتە ئاراوە بە کشانەوەی تەواوەتیی هێزەکانی (ئسرائیل) لە زەوی و زاری داگیرکراوی عەرەب و بە تەواوەتی ددان نان بە مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لە سەر خاکی فەلەستین و باڵکێشانی ئاسایش و ئاشتی بەسەر هەموو دەوڵەتانی ناوچەکەداو چارەسەرکردنی مەسەلەی قودس بە گوێرەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەوەی کە بەشێکە لە خاکی زەوتکراوی عەرەب ٠

پاشان باڵیۆز مازامبا ساری لە سەنیگال سەرۆکی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندار بە مەسەلەی مافی گەلی فەلەستینەوە ووتارێکی خوێندەوە تێیدا ستایشی تێکۆشانی گەلی فەلەستینی کرد لە پێناوی مافە ڕەواکانی خۆیداو ستایشی ئەو نوێنەرایەتی کردنە بەرزەی کۆنگرەکەو ئەو دەرك پێکردنە قووڵەی پەرەسەندووەی کرد سەبارەت بە مافەکانی گەلی فەلەستین لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی جیهانەوە ٠

بڕوانە ل : ٢

ناکۆکی نێوان «ئەنجوومەنی شووراى» ئێران لە پەرەسەندندایە ٠

ناکۆکی نێوان دەستەو تاقمی ڕژێمی خومەینی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەسەنێت بەشێوەیەك خەریکە ڕژێمەکە بەرەو هەڵدێری هەرەس هێنان دەبات ٠

ئەوەبوو عباس شیبانی نوێنەری خەڵکی تاران وازهێنانی خۆی لەوەی پێی دەووترێت ئەنجوومەنی شوورا پێشکەش کردووە ٠

ڕەفسەنجانیش ئەم وازهێنانەو دەست لە کار کێشانەوەی قبوڵ نەکردووە ئەوبش لە هەوڵدانێکدا بۆ سووك کردنەوەی بوغزو قینی خەڵکی چونکە شیبانی لە ناوەندی بازرگانەکانی ئێراندا لایەنگرانی زۆری هەیە ٠

جەردە بەکرێگیراوەکان وا بیر دەکەنەوە ٠

تاران -٣٠- ئا٠د٠ف - ڕۆیتەر : تەلەفزیۆنی ئێران لە کاتژمێری یازدە بە گوێرەی کاتی بەغدا ئەمشەو ڕایگەیاندا کە چوار بەکرێگیراوی ئێرانی لە ڕفێنەرانی فڕۆکە فەرەنسەوییەکە کە لە دوێنێوە لە فڕۆکەخانەی تاراندا نیشتووەتەوە ، بە فڕۆکەکەوە فڕۆکەخانە بەجێدەهێڵن و لە ئاسمانی عیراقدا دەیتەقێننەوە ٠

ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسەوی ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە بەڵام هیچ ڕوون کردنەوەیەکی تری تا ئیستا پەخش نەکردووەتەوە

بڕوانە ل : ٧

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابووردوو

● فەلەستین :

ئەنجوومەنی بەرزی کرێکارانی فەلەستین ڕای گەیاند کە پشتیوانی بێ سنووری سەرکردایەتی شۆڕشی فەلەستینە بەرانبەری یاسر عەرەفات و بە هیچ دەست خستنە کاروبارێکی ناوخۆی شۆڕش ڕازی نابێ ٠

● قاهیرە :

میسر لەمدواییەدا سێ فڕۆکەی تری لەجۆری (ئای /١٣٠) وەرگرتوە کە بەوەوە ژمارەیان دەبێ بە ٢٣ فڕۆکەو بۆ گواستنەوەی سەربازی بەکاردێن ٠

● جەزائیر :

سەرۆکی مۆریتانیا بەم گەشتە جەزائیر بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ شاذلی بن جدید سەرۆکی جەزائیر دەربارەی مەسەلەی بیابانی ڕۆژئاوا ٠

Institut Kurde de Paris

چەند وێنەیەکی هەڵبژاردەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك ئەفسەرو جەنگاوەری پاڵەوان

بەپێی ڕاسپاردەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین

لیژنەی لێپرسینەوەی باری ژیانی هاووڵاتیان لە پارێزگای سلێمانی بەردەوامە لە کاروباری

ئەو لیژنە تایبەتی‌یەکە بە خواستی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام‌حسین پێکهاتووە بۆ ووردبوونەوەی ژیانی خەڵکی- لەپارێزگای سلێمانی لە قەزای ڕانیەو قەڵادزێو دووکان زنجیرەیەك کۆڕی بەست •

بەڕێز بکر محمود رسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی‌و سەرەکی لیژنەکەو ئەندامانی لیژنەکە بەڕێزان بهاءالدین احمد جێگری سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و سیروان جافو دوکتۆر ئومێد مدحت مبارك‌ی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە کۆڕەکاندا قسەیان‌کردو دووپاتی بایەخدانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌یان کردەوە کە بە ناوچەی کوردستان دەیداتو دووپاتی ئەو بەدواچوونو سووربوونە زۆرەی بەڕێزیان کردەوە کە بە ژیانی هاووڵاتیان‌و ئامادەکردنی هەموو چاودێری‌و پێویستی‌یەکی زۆری ژیان‌و ئارامدار بۆیان هەیەتی‌و ئەو دەسکەوت‌و وەدیهاتوانە-شیان باس‌کرد کە بۆ جەماوەری ناوچەکە وەدیهاتوون •

قسەکاران لە قسەکانیاندا بەراوردی ئەو دۆخە نالەبارانەیان کرد کە لە ئێراندا هەن‌و لە گەلی کورد لە ئێراندا چۆن لە سایەیەکی ڕەگەزپەرستی‌و چەوساندنەوەو کوشتن‌و بڕین‌و قەڵاچۆکردندا دەژی‌و ئەنجامی هاتنە سەرکاری ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست دەیچێژن‌و لە نێوان ئەو واقیعە گەشەسەندوەدا کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیەتی‌و چۆن مافی نەتەوایەتی وەرگرتووە •

قسەکان هەموو سڵاوبوون لە سەرکەوتن‌و داستانە دلێرەکانی پاڵەوانە نەبەردەکانی عێراق کە دژی ڕژێمی ئێرانی دەستدرێژکار لە کەرتی باکوورو ناوەڕاستدا وەدیانهێناوەو باسی ئەو دەورەشیان کرد کە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان شان بە شانی هێزە چەکدارە ئازاکانمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خواستی دوژمن‌و لوتشکانیان لە کەرتی سەروودا دیویانە •

بەشداربووانی ئەم کۆڕانەی کە لە قەزای ڕانیەو قەڵادزێو دووکان‌و ناحیەی بنگردو دێی پیماڵك‌و بێستێنی هاوچەرخ بەستران شانازی‌ی خۆیان بە سەرکردایەتی‌ی مێژوویی بێ‌هاوتای بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌و سەرکەوتنەکانی سەربازە دلێرەکانی‌یەوە دژی هێزەکانی ڕژێمی ئێرانی دەستدرێژکار دەربڕی‌و گەشکەداربوون بەو چاودێری‌یەی کە بەڕێزی دەربارەی ڕۆڵەکانی ناوچەکە دەیکات •

کۆبوونەوەی سکرتاریەتی گشتی بەرەی نیشتمانی

• نعیم حداد سڵاو لە پاڵەوانێتی گەلی کوردمان دژ دەستدرێژکاران دەکات

سکرتاری‌یەتی گشتی‌ی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز پاش نیوەڕۆی ٢٩-٨-١٩٨٣ بە سەرەکایەتی‌ی بەڕێز نعیم‌حداد ئەندامی سەرکردایەتی‌ی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو سکرتێری گشتی‌ی بەرەکۆبووەوە •

هاوڕێ نعیم حداد لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو کارانەی کردکە مسۆگەرن بۆ گورج‌و گۆلی پێدانی کاری بەرە بەو جۆرەی کە خزمەتی ئامانجەکانی ئەمڕۆ بکەن‌و جەماوەر ئامادەبکەن کە لەسەر چوونە ناوەو یارمەتیدانی شەڕی ڕەوامانی دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرست‌و چاوچنۆکی ئێران بەردەوام بن‌و دووپاتی یەکێتی گەلە جەنگاوەرەکەمان‌و کۆبوونەوەی لە دەوری سەرکردایەتی‌ی بە توانای سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین بکەنەوە تا سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو

ئەندامی سەرکردایەتی‌ی نەتەوەیی حزب‌و سکرتێری گشتی‌ی بەرە پەنجەی بۆ دۆخی جەنگی عێراق‌و ئێران ڕاکێشاو دووپاتی ئامادەبوونی هەمیشەیی گەلی عێراقی مەزنمانی کردەوە بۆ بەرپەچدانەوەی خواستی چاوچنۆکانەی ڕژێمی ئێران کە بەرانبەر بە ووڵاتە تێکۆشەرەکەمان هەیەتی‌و سڵاویشی لە گیانی دلێرانەی گەلی کوردمان‌و ئەو هەڵوێستە دلێرانە کرد کە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی‌ی ڕژێمی ئێرانی بۆ سەر سنووری سەروومان هەیانەو ئەم هەڵوێستانەشی دووپات کردەنەوەی توانای بەرزو گیانی نیشتمانیانە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشە مەزنەکەمان‌و پووچەڵ‌کردنەوەی نەخشەو خواستی بەربڵاوی ڕژێمی ئێرانی نەزان کە لە لایەن ناپاکەکانی نیشتمان‌و نەتەوەوە یارمەتی دەدرێ ئەندامانی سکرتاری‌یەتی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ئامادەیی ڕۆڵەکانی گەلە تێکۆشەرەکەمانیان بە هەموو لایەن‌و پارتە نیشتمانی‌یە پێشکەوتووەکانیانەوە بۆ پتەوکردنی توانای سوپا دلێرەکەمان‌و بەهێزکردنی جەنگە ڕەواکەمانیان بە ناردنی هەزاران جەنگاوەر بۆ بەرگری‌کردن لە خاکی نیشتمان پیشاندا •

هاوڕێ عزة - پاشماوە

هاوڕێ عزة ئیبراهیم وتی بارودۆخی جەنگی ڕەوامان ئەرکی ئەوەی خستوەنە سەرمان کە بە قووڵی لەو هۆیانە بکۆڵینەوە کە پێویستن بۆ کۆکردنەوەی جەماوەرو گەیشتن بەو وێنەو شێوەیەی کە دەمانەوێ لە پێناوی جەنگ‌و پێداویستی‌-بەکانیاو ئەو پەڕی هۆشیاری لای هاووڵاتی‌یان دروست‌بکەین بەو ئەرکەی کە لە سەریانە بۆ هەڵگرتنی چەك‌و قوربانیدان لە پێناوی عێراقی مەزندا •

پاش ئەمە داوای لە ڕێکخراوە حزبی‌یەکان کرد کە لەو دیاردانە بکۆڵنەوە کە لە ڕێگای هێنانەدی بەرزترین ڕادەی کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕانەدا پەیدا دەبن چ لە بارەی قانوونی یا ئابووری یا کۆمەڵایەتی‌یەوەو پشت ببەستن بە شێوەی شۆڕشگێڕانە لە ڕاپەڕاندن‌و جێبەجێ‌کردنی بەرنامەو ئامۆژگاری‌یە ناوەندی‌یەکانی سەرکردایەتیدا بە سەرەکایەتی هاوڕێ سەرکردەی فەرماندە صدام حسین‌و ‥ کۆبوونەوە بۆ جەماوەر سازبکەن‌و کۆڕیان بۆ بگێڕن بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستی‌یەکانی بەردەوامی ئەو سەرکەوتنەی کە هێناومانەتە دی لە جەنگی ڕەواماندا دژی ئێرانی دوژمن •

ئەنجا هاوڕێ عزة ئیبراهیم جێ‌نشینی سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی پێویستە دەزگاکان باری خۆیان چاکتر بکەن لەو خزمەتگوزاری‌یانەی کە پێشکەشی جەماوەری دەکەن

لە کۆتاییدا ستایشی ئەو دەستپێشخەری‌یانەی کرد کە لە ڕێکخراوە حزبی‌یەکاندا کراوە بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە پێناوی جەنگی شەرەف‌و سەربەرزیدا •

دەستپێ‌کردنی - پاشماوە

ڕەخنەیشی لە هەڵوێستی ئەمریکا گرت سەبارەت ڕاوەستانی دژ بە خواستی نێودەوڵەتی‌و ئەو ڕەنجانەی دەدرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەگەرەیە کە زیاتر لە ٣٦ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە •

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە یارمەتیدانی (ئیسرائیل) لەلایەن ئەمریکاوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان‌داو بەکارهێنانی (ڤیتۆ) بۆ بەرژەوەندی‌ی ئەو پاڵی پێوە دەنێت بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ نەکات •

پاشان بەڕێز عبدو نکرۆما سەرەکی لیژنەی پاك‌کردنەوەی ئیستیعماری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ووتارێکی خوێندەوەو بەڕێز یاسر عبد ربە ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین نامەیەکی بەڕێز یاسر عەرەفاتی خوێندەوە بۆ کۆنگرە ناردبووی پاشان وەزیری دەرەوەی هندستان نامەکەی خاتوو ئەندێرا غاندی‌ی خوێندەوە بە ناوی بزووتنەوەی بێ‌لایەنەوە پاشان بەڕێز حبیب الشطی سەرەکی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ووتارێکی خوێندەوەو بەڕێز شاذلی القلیبی ئەمینداری گشتی‌ی جامیعەی عەرەب ووتارێکی خوێندەوە ، ئەنجا مستەفا نیازی لە سەنیگال بە شێوەیەکی گشتی بە سەرەك بۆ کۆنگرەکە هەڵبژێررا •

١٢٥ دەوڵەتیش لەم کۆنگرەدا بە نوێنەرانی خۆیان ئامادەبوون هەژدە وەفدیان چاودێرن ‥ وا چاوەنواریش دەکرێت وەفدی تریش بگەنە بەستی کۆنگرەکەدا •

کادرەکانی لقی یەکی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ئامادەی چەك هەڵگرتنن بۆ

بەرگری لە سەربەرزی عێراق

کادرو ئەندامان‌و لایەنگیرانی لقی یەکەمی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەچنە ریزەکانی سوپای میللی بۆ لێدانی دایەرەی خومەینی داخ لە دڵ بۆ ئەوەی کە بەرگری‌لە نیشتمان‌و خاکە پیرۆزەکەی بکەن •

ئەمەش لە بروسکەیەکدا ڕاگەیەنراوە بەرزیان کردەوە کە جەماوەری گەلی کورد ئەمڕۆ لە بەری دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی مەزن دەخۆن لێپرسراون بەرگری لە هەموو بستێك لە خاکی کوردستانی عێراق بکەن بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە وەدیهاتوانەی ‥ ئەندام‌و لایەنگیرانی پارتی لە ریزەکانی سوپای میللیدا ڕەنگدانەوەیەکی گەورەیەو واتەیەکی گەورە دەبەخشێ چونکە بەم کارە دووپاتی یەکێتی عێراقی‌یەکان‌و وەستانیان کردەوە دژی دەستدرێژیکارو داخ لە دڵ‌و چاو چنۆکی کار بەدەستانی ئێرانی نەزان •

دووپاتی ئەوەشی کردەوە کە دەستدرێژیکاری ڕژێمی ئێران بۆ سەر کوردستانی عێراق بە یارمەتی خۆفرۆشە ناپاکەکان مەبەست کاروانی ئۆتۆنۆمی کە شۆرشی ١٧ - ٣٠ی تەموزی مەزن وەدی هێناو بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین خۆی چاودێری دەکات •

لقی یەکەمی پارتی شۆڕشگێری کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ کادرو ئەندام‌و لایەنگیرەکانی پێکهێناو هاوڕێ عبدالستار طاهر شریف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتەکە وتی ئەو پێویستی‌یەی ئەمڕۆ لە ئەستۆی جەماوەردایە بەرگری کردنە لە نیشتمان‌و خاکە پیرۆزەکەی‌و بەشداری کردنی ڕاستی کادرو

لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئامادە بوون •

خۆئامادەکردنی لاوانی هەولێر بۆ یادی سێ ساڵەی جەنگ

یەکێتی گشتی لاوانی عێراق لقی هەولێر بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ یادی سێ ساڵەی دەستدرێژی ڕژێمی ئێرانی دوژمن بۆسەر وڵاتە تێکۆشەرەکەمان ئامادەکردووە

بەرنامەکە بریتی‌یە لە سەردانی پێشەنگ‌و مێردمنداڵان لەبەڕێز پارێزگاری هەولێرو سوپای میللی بۆ پیرۆزبایی لێ‌کردنیان لەو سەرکەوتنانەدا کە سوپا دلێرەکەمان دژی ڕژێمی ئێرانی دوژمن وەدی‌هێناون •

هەروەها بەرنامەکە بریتیشە لەو نامانەی کە پێشەنگ‌و مێردمنداڵان دەینووسن بۆ جەنگاوەرەکانمان‌و لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێ‌نیشانداني سیاسی‌یەوە دەنێردرێنە بەرەکانی جەنگ‌و دەشچن سەر لە خەستەخانەکان دەدەن •

لەلایەکی تریشەوە پیشانگەی وێنەو نیگاری پێشەنگ‌و مێردمنداڵان دەکرێتەوە کە دەربڕی پاڵەوانێتی‌یەکانی سوپای دلێرمانە لە شەڕی قادسیەی صدامی نەمردا •

پاشان بەردەمی مەڵبەندی لقی ناوبراوو لیژنە ناوخۆی‌یەکان بەشتی جوانی ڕەنگاوڕەنگ‌و دروشم دەرازێنرێنەوەو ئاهەنگی هونەری شان‌بەشانی ڕەوتی بەرهەمدان لە کارگەو کومپانیادا پێکدەهێنرێ •

لەگەڵ ئەم بەرنامانەشدا بەرنامەیەکی تایبەتی هەبە کە سەردانی خێزانی شەهیدو بەدیل‌گیراوو ون‌بووەکانە •

چالاکی ئافرەتانی دهۆك لەیادی سێ ساڵەی جەنگدا

یەکێتی ئافرەتانی عێراق‌لقی دهۆك بە بۆنەی سێ ساڵ تێپەڕبوون بە سەردەستدرێژی ڕژێمی ئێرانی نەزانەوە بۆ سەر خەکەکەمان‌بەرنامەیەکی ئامادە کرد •

بەرنامەکەش بریتیە لەسەردان لە خێزانی شەهیدو بە دیل گیراوو ونبووەکان‌و نەخۆشی خەستەخانەکان‌و دیاریان بۆ ببەن‌و سەر لە کەرتەکانی سوپای میللی بدەن کە لە ناوچەکەدان •

هەروەها بەرنامەکە بەشداری کردنیشە بەو تیپە هونەری‌یانەی کە سەربە یەکێتی‌یەکەیانە لەو ئاهەنگە جەماوەریانەدا کە دەگێردرێن •

بەردەوامی چالاکی جەماوەر بۆپشتیوانی جەنگ

● هەولێر :

کرێکارە کشت‌و کاڵی‌یەکانی ناحیەی دیانای سەر بە پارێزگەی هەولێر کۆڕێکیان بەست ژمارەیەك لە کرێکاران دەربارەی مەوداکانی دەستدرێژی کردنی ڕژێمی ئێرانیان بۆ سەر کەرتی باکورمان‌و دەوری کرێکارانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن باسی‌کردوو ژمارەیەکی زۆری کرێکاران بۆ سەربازی کردن‌و چەك هەڵگرتن‌و دوژمنایەتی کردنی دوژمن خۆیان ناونووس کردوو ژمارەیەکیان نیوەی مانگانەکەیان بۆ پتەوکردنی جەنگ بەخشی‌و بەڵێنیان بەسەرەکی فەرماندە صدام حسین‌دا کە بۆپاراستنی شۆڕش‌و دەسکەوتەکان سەربازی دلسۆزبن •

● سلێمانی :

لەپارێزگای سلێمانیش ئەوانەی سەر بە نیقابەو پیشەو کارەمیللی‌یەکانن کۆڕێکیان بەست تیایا باسی ئەو داستانە پاڵەوانیانەیان کرد کە سەربازەکانی سەرەك صدام حسین بۆ بەرگری لە عێراقی مەزن‌و دەسکەوتەکانی شۆڕشە باڵاکەمان وەدییان هێناوە •

هاوڕێ رازگری نهێنی سەرکردایەتی حزب شوعبەی سلێمانی لە وتەیەکی‌دا باسی ئەو دۆخەی تێکۆشانی کرد کە ئیستا هەیەو وڵاتەکەمانی پێدا دەڕوات کە پێویستی بە تەقەللای کۆکی زیاترە بۆ بەردەوام‌بوونی سەرکەوتنەکانی جەنگە مەزنەکەمان‌و پەنجەشی بۆ دەوری ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان بۆ تێگەیاندن‌و ئامادەکردنی جەماوەر ڕاکێشا کە ئەمەش بە ڕێبازی بەرزکردنەوەی بەخشش‌و بەشداریان دەکرێ بۆ پتەوکردنی جەنگەکەو بەهێزکردنی سەرکەوتنەکان‌و ناردنی جەنگاوەرە ئازاکان بۆ ناوجەنگ تاوەکو سەرکەوتنی خواستراومان دژی هێزەکانی ڕژێمی ئێرانی دەستدرێژکار وەدی‌دێت •

Institut kurde de Paris

دەقی ووتارەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك لە ئەفسەرو جەنگاوەرانی پاڵەوان

هەموو بستێکی خاکی کوردستان دەکەینە بڵێسەی ئاگر لەژێر پێیان داو ... بەگرانیش لە سەریان دەنیشێت لەوەی کە لە خاکی بەسرەو لە خاکی میسان دا لە سەریان نیشت و نەیانتوانی ئامانجە نەخشە بۆ دانراوەکانیان بەدی بهێنن

بەخێرهاتنی جەنگاوەرە ئازاکان دەکەین کە لە ئازایەتی یاندا هەڵکەوتوون لە عیراقی یەکانو لە پێشەوەشیان جەنگاوەرانی کوردستانی عیراقو جەنگاوەرانی تری هێزە چەکدارەکانو سوپای نەبەردمان • ئێوە هەموتان لە چالاکی یەکبوودا بەشدارن ئازایەتی ی دەربڕیون لە بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی ی ستەمگەرانەی ئێران بۆ سەر باکووری نیشتمانەکەمان لە کەرتی حاجی ئۆمەران بەڵام جەنگاوەرێکی ترتان لە گەڵدایە ئەویش ـ برای فاتمەیە ـ بەم چەشنە دەیناسم زۆرتر لەوەی ناوەکەی بزانم کە مولازم (محمد صباح)ەو ناوی باوکی نازانمو نعێمی یە بەسەرهاتێکی دیکەی هەیە غەیری بەسەرهاتەکەی ئێوە وەك بەسەرهاتی جەنگاوەرە بەجەرگە هەڵکەوتووەکان سا هەموتان بەخێربێن •

خومەینی ماوەی چواردە ساڵ لە عیراقدا ژیاو خۆراکی ئێوەی خواردو لە ئاوی ئێوەی خواردەوەو دانیشتووانی نەجەفو کەربەلاو عیراقی یەکانی تر میوانداری یان کرد •

دەزانن ئێمە بەسەرهاتی مێژوویی دەگێڕینەوە بۆ ئەوەی لەبیر نەچێتەوە پاشان بۆ بەسەرهاتەکەی ئێوە دەگەڕێینەوە •

● خومەینی بەهەڵەدا چوومو شەڕانی یە ●

ئەم خومەینی یە لە ئێران چووە دەرەوە حکومەتی ئێرانی دەری کردو سواری فڕۆکەی کردو پێی گوت بڕۆ لە ئێراندا مەمێنەوە یەکێك بوو لە ژمارەیەکی زۆر بە سەدانو بە هەزاران لە سەردەمی شادا لە ئێران چوونە دەرەوە خومەینی هات بۆ عیراقو ئێمەی عیراقی پێشوازیمان لێ کرد بەو سیفاتی چاو تێری و پیاوەتی و مەردایەتی یەو دڵنەرمی ی هۆشیارانەی پێی ناسراوین دڵنەرمی ئەوساکەو ئێستایش هۆشیارانەی دەخەینە سەر چونکە ئەم دڵە پاکە هۆشیار بووەوە بەتایبەتی پاش جەنگێ پتر لە کاتی پێشی جەنگ •

دەڵێین عیراقی یەکان کە بە دڵنەرمی ی هۆشیارانە ناسراوون خومەینی یان قبووڵ کردو پێیان گوت بەخێر هاتیتو خوا دەستت بگرێتو بەشێوەیەکی چاك میوانداری یان کرد • ئەو خومەینی یەی کە چواردە ساڵ لە عیراقدا مایەوەو تەمەنی لە حەفتا ساڵی تێپەڕی کردووەو ئەو دەڵێت پیاوی ئایینیم ئەوا شتێکی ئاسایی یە چاوی بە کەم کەس بکەوێت واتە ئەو خەڵکەی چاوی پێیان دەکەوێت کەمن وا دیاریشە ئەوانەی دەهاتنە لایو قسەیان سەبارەت بە عیراق پێ دەگەیاند ئەوانە کەسانێکن هەندێکیان وەك خۆی شەڕانینو هەندێکیان وەك خۆی بەهەڵەیشدا چوون کەواتە ئەو بە هەڵەدا چووەو شەڕانیشە نەك تەنیا بەهەڵەدا چووە •

● چەند ئەڵقەیەکی ناوەوەی شۆڕشی ئێرانی ●

پاش چواردە ساڵ لە دەرچوونی خومەینی لە ئێران شۆڕشی ئێرانی ڕوویدا بە چاو پۆشینیش لەوەی دەگوترێت لە ڕۆژنامە بێگانەکانداو شیکردنەوەکانو لە دەزگاکانی ئیستیخباراتی جیهانیدا ئەوا ئێمە دەڵێین لە ئێراندا شۆڕشێك دژی شاو دژی ڕژێمێکی بۆگەن رووی دا کە شا سەرەکایەتی ی دەکرد بەڵام وا دەردەکەوێت لە ناوەوەی ئەم شۆڕشە کە شۆڕشی گەلانی ئێرانە دژ بە شا چەند ئەڵقەیەکی تەکنیکی هەبوون وەك هەر شۆڕشێکی گشتی ی دیکە •

شۆڕش ئەڵقە تایبەتەکانی پاك ناکاتەوە ئەو کاتە نەبێت کە ئامانجە تایبەتی یەکانی خۆی دیاری دەکات ، ئێمە کاتێك دژی دەستەڵات شۆڕش دەکەین هەموو خەڵکی لە گەڵماندا شۆڕش دەکەن ، بەڵام پاش وەرگرتنی دەستەڵات چی دەکەیت ئاشکرایە لە ناوەوەی شۆڕشدا ڕێوی و شێرو چەشنو ڕەنگی جۆر بە جۆری خەڵکی بمێننەوە وا دیارە لە ناوەوەی شۆڕشی گەلی ئێراندا چەند ئەڵقەیەکی تەکنیکی هەبوون خزمەتی چەند لایەنێکی بێ شومار دەکەن هەندێکیان دەیانویست خزمەتی گەلی ئێران بکەنو دەیویست پەیوەندی ی لە گەڵ عیراقو لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی تردا باش بێتو هەندێکیشیان شەڕانی یان ئەڵقە لە گوێی گومان لێ کراو بوو نیازی شەڕ خوازی ی هەبوو •

تەنیا ئێمە نیین بڵێین چەند ئەڵقەیەك لە ناوەوەی شۆڕشی ئێراندا هەیە وا دیارە کە تەکنیکی بوون هەندێکیشیان گومان لێکراو بوون ‥ بگرە خومەینی خۆی بە نیشتمانپەروەرەکان یان بەر هەڵستکەرانی ڕێڕەوەکەی خۆی دەڵێت ئەوانەی کە لە سەر کردایەتی ی دەستەڵاتو شۆڕش لابران پێیان دەڵێت خاینو ئەڵقە لە گوێی ئەمریکانو ئەوسا بە ئەمریکای دەگوت ـ شەیتانی گەورە ـ ئێستایش وا دیارە پەیوەندی ی لە گەڵ ئەمریکادا خەریکە بەرەو باشی دەچێت ‥ کەواتە خومەینی چواردە ساڵ لە عیراقدا ژیاو خەڵکی عیراق میوانداری یان کردو کاتێك بوو بە فەرمانبەدەستی ئێران بیری کردەوە چۆن چاکەی ئەو وولاتە بداتەوە کە میوانداری ی کرد بینی ی باشترین شتێك چاکەی عیراقی پێ بداتەوە‥ چونکە ناتوانێت چاکە بداتەوە ئەویش ئەوەیە ئەو حاڵەتە بگۆڕێت کە میوانداری ی کرد تاوەکوو لە گرێکوێرەی چاکە دانەوە ڕزگاری ببێت چونکە لە سیفاتی ئەو نی یە چاکە بداتەوە •

ئەو ئیشارەتە کەسایەتی یەی پێشکەشی دەکراو ئەو باری پارچە پارچەیی یەی دەیبینی وەبیردەهاتەوە ئەوەبوو دەستی بە پێوانە کردنی هەڵە دەکردو گوتی ئێمە شامان دەرکردو لە بیری چووەوە لە وولاتەکەی خۆیدایە شای ئێرانەو ئێرە عیراقەو جیاوازیش لە نێوان عیراقو ئێراندا هەیە •

ووتیشی مادامەکێ شا دەرچوو کەواتە ئێمە دەتوانین ڕژێمی دەستەڵات لە عیراقدا بگۆڕینو عیراق بکەین بە بەشێك لەو ئەمپراتۆریەتە گەورەیەی کە دەیەوێت خومەینی چوار مشقی لە سەری دانیشێت •

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژ ئاواو ئەمریکاو بەتایبەتی زایۆنی پفیان بە خومەینیدا کرد بەو وێنەیەی کە دەیزانن شتێکی ئاشکرایشە خوێندووتانەو بیستووتانە کە وێنەکانی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەو بەرگی یەکەمی گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرایەوەو دەنگو باسەکانی مانشێتە سەرەکی یەکانیانی داگیر دەکرد هەروەها ئێستگەکانی تەلەفزیۆنی و ڕۆژ ئاوا دەنگو باسەکانیان بڵاو دەکردەوەو وێنەکانیان تێدا پێشان دەدا •

ئێمە کە ئەم حاڵەتەمان دی و ئەو وێنەیانەی دەستیان بە تەنینەوەی ڕۆژ ئاوا کرد بینی دەستمان بە لە خۆ پرسین کرد ئایا مەبەستی چی بێت ‥ پەندێکی تورکی هەیە وا بزانم دەربارەی ـ یاپراخ ـ بەوەی ئەم واتایە دەگەیەنێت بۆچی ـ یاپراخ ـ دەپێچنەوە بەم شێوەیەو خۆراکی تر بەشێوەیەکی ئاسایی دروست دەگەن ‥ کەواتە دەبێت ئەمە هۆیەكو بەسەرهاتێکی هەبێت •

● بۆ چوونی خومەینیو بە هەڵەدا چوونی ●

ئێمەیش ووتمان بەسەرهاتی خومەینی هەمان بەسەرهاتی «یاپراخە» وەك چۆن لە پەندە تورکی یەکەدا باس کراوەو ووتیشمان ئەوانە دۆستی شان دەبێت وێنەی خومەینی بەو شێوەیە گەورەیە نەخەنە پێش چاو دەبێت بڵێین خومەینی باش نی یە ئەدی وا نی یە‥ هەروەك لە ساڵی ١٩٥٨دا وایان پێ گوتین لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا کەچی ئێمە پێش ئەمەیش بە ماوەیەکی دوورو درێژ لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٢٠و شۆڕشی ساڵی ١٩٤١ەوە شۆڕشمان کردووە ئەدی وا نی یە ‥ ئێستایش کە عیراقی دڵگیر ببێت ئەوا شۆڕشی تر بەرپا دەکات ئەوان زۆر دووا کەوتن ـ لە شۆڕش بەرپا کردندا ـ خومەینی دەڵێت ئەوان دوو هەزار ساڵ دووا کەوتن تاکوو شۆڕشیان کرد ‥ بەوەی کە لە ئیسلام تێ دەپەڕێتو ددانی پێدا نانێت ‥ بۆیە دەڵێت دوو هەزار ساڵ تێپەڕی کردو شۆڕشێکمان نەکردو کۆیلە بووین ئێمەیش پێی دەڵێین چۆن قبووڵ دەکەیت بەم حسێبی خۆتە دوو هەزار ساڵ لە شۆڕش بەرپا کردن دووا بکەویت ‥ خومەینی منەت بە سەر خەڵکەوە دەکاتو وای بۆ چووەو بە هەڵەدا چووە لەبەر ئەوەی شایان لادا ئەوا لە توانایدایە بە داردەستی سیحراوی عیراق هەرەس پێ بهێنێتو بیکات بە پاشکەو دەبێتە ئەمپراتۆرێکی زۆر گەورەو لە جیاتی ی ئەوەی دوورگە عەرەبی یەکان بگێڕێتەوە کە شا زەوتی کردنو ئەو هەڵەیانە چاكو ڕاست بکاتەوە کە بەرانبەر بە عیراق کردنی ئەوا دوورگە عەرەبی یەکانی نەدایەوەو دەستی بەوە کرد لەسەر حسێبی عیراقو کەنار فراوان ببێتەوە •

بەیادیدا هاتەوەو ووتی مادامەکێ کەسانێکی کەمی خەڵکی نەجەف ئەوانەی کە بینییانم پێیان گوتومو ڕژێمی دەستەڵاتداریەتی لە عیراقدا باش نی یەو گەل پەشێوەو ڕقی لە ڕژێم دەبێتەوەو شۆڕشی دژ بەرپا دەکات ‥ بۆیە خومەینی بە خودی خۆی گوت ، بە هەڵەدا چووبوو ، مادامەکێ شام ڕووخاند کەواتە دەتوانم رژێمی دەستەڵات لە عیراقدا بڕووخێنم تاوەکوو کاروبارم بۆ بڕەخسێتو ئەگەر عیراقی بەستی بە هێز بەم چەشنە بە هەڵەدا چووو دەستی بە بۆردمان کردنی مەخفەرەکان کردو دەستی بە هێرش هێنان کرد بۆ سەر دەوریەو مەخفەرەکانی سەر سنوور ‥ تاوەکوو لە ڕۆژی ٤ـ٩ـ١٩٨٠دا ئەو جەنگەی بۆ سەر شارەکانمان دەست پێ کرد کە زانراوە •

● هیچ شتێکمان لە بەردەمدا نەمایەوە جەنگین نەبێت ●

پاشان مەسەلەکە وای لێ هات ـ عەمامەیان

> **عیراقی یەکان خومەینی یان خستە ئەو شوێنەوە کە پێویستە تێیدا بێت**

عەگالی لە گەڵ دا لە سەر نەکرێت ـ وەك پەندە کوردیو عەرەبی یەکە وا دەڵێت ئەدی وا نی یە بۆیە هیچ شتێکمان لە بەردەمدا نەمایەوە جەنگین نەبێت •

ئەوەبوو جەنگاینو ‥ خومەینیمان بەو کوڵە سووکەوە کرد کە شایانیەتی ‥ لە جیاتی ئەوەی وەك زایۆنیزم وێنەکەی خستە پێش چاو ببێتە ئەمپراتۆری هەموو دەوڵەتە موسوڵمانەکان کە ویستیان لە ژێر دەواری ئەودا بن کەچی بە نەفرەت لێ کراوی لە شوێنی خۆیدا مایەوەو گەل ڕاستی ی ئەوی بۆ دەرکەوتو ئەو ڕاستی یەی لە مێژوودا دەمێنێتەوە کە ئەوانەی پارە قەڵپەکەی ئەویان دەرخست ئەگەر چی بە بریقەیەکی زەرد داپۆشرابوو عیراقی یە مەردەکان بوون ئەمەیش بە کارێکی گەورەو سیفەتێکی دەرکەوتوو ی عیراقی یەکان دەمێنێتەوەو پاش چەند ساڵێکی تر ئێرانی یەکان بە چاکە شایەدی بۆ ئێمە دەدەنو دەڵێن خوا وێنەی ئەو عیراقی یانە زۆر بکات کە ئەم جادووگەرە گەورەیەیان بۆ پەردە لە ڕوو لادایەن کە دەیبینین لەم بارە خراپەدایە دێت ووتارێك دەخوێنێتەوە تێیدا هەڕەشەو گوڕشە دەکاتو دەیەوێت سزا بدات ئەم ئەمپراتۆرە قەڵپە دەیەوێت سزا بداتو هەموو ڕۆژێك هەڕەشە لە فەرمانڕەوایانی عەرەبو خەڵکی کەنار دەکات واو واتان پێ دەکەینو ئەگەر پاشگەز نەبنەوە ئەوا سزاتان دەدەین وەك بڵێیت قسە لە گەڵ یەکێك دەکات « کارگێڕی لای ئەو بێت » •

قسە لە گەڵ سەرکردەکانی عیراقدا دەکات وەك بڵێیت «کارگێڕ بن » لە لای ئەو ئیش دەکەن کە واو وا دەکەینو سزاتان دەدەین با دەمو لەوسی لێك نێت ئەو ترسنۆکەی کە وولاتەکەی چواردە ساڵ بەجێ هێشت با دەمو لەوسی لێك نێتو قسە لە گەڵ ئەو کەسانەدا نەکات کە بە مەرگ مەحکووم کرابوونو نەیانویست عیراق بۆ ماوەی مانگێك یان دوو مانگ بەجێ بهێڵن چونکە لە سەردەمی کاری نهێنیدا ڕاو نرابوون کەچی ئەو وولاتەکەی بۆ چواردە ساڵ بەجێ هێشت دەبێت خومەینی بزانێت ئەو بازووانەی بەرانبەری ڕاوەستاوون بازوویەکن لەسەر جەنگین لە پێناوی مافدا تاوەکوو ناهەق چۆك دا بدات ژیاوونو دەژین •

● عیراقی یەکان خومەینی یان خستە ئەو شوێنەوە کە پێویست دەکات ●

خومەینی وای دەزانی شتەکە زۆر ئاسانەو بۆ ئەوە هاتبوو نیازی چەماندنەوەی دەستی عیراقی یەکان بوو بەڵام عیراقی یەکان خومەینی یان خستە ئەو شوێنەوە کە پێویست دەکات لەسەر محەك بێت بۆ ئەوەی بە پارە قەڵپەکەی بزانرێت ‥ ئەوا ئێستا لە ناوخۆی ئێراندا پێی زانراوە ‥ ئێستایش لە هەموو لایەکەوە ئاگر لە تەختە شلۆقەکەی چووەو هەر کە جەنگ درێژە بکێشێت زۆرتر بەرەو ئاگرەکەو بەرەو زەلکاوی خراپەکاری بەر دەبێتەوە کە شایانیەتی چونکە جادووگەرێکی گەورەیەو لەبەر ئەوەی خراپەی دژ بەم گەلە کرد کە چواردە ساڵ میوانداری ی کردو لەبەر ئەوەی بەبێ هۆ دەستدرێژی ی دەست پێ کرد پاش ئەوەی لە ئەیلوولدا شکستی ی هێناو سوپا دەستدرێژی کەرەکەی لە ناو براو بۆ سنوور گەڕاینەوە لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٢دا وەك دەزانن هەوڵێ هێرشی بۆ سەر بەسرە داو پاشان بۆ سەر میسانو ئەنجا بۆ سەرمەندەلی، ئەوە بوو ڕاوێژکارەکانی لە دراوسێکانمانەوە بۆ هات لە ـ براکەی ـ حافظ ئەسەد هەروەها ڕاوێژکارە زایۆنی یەکانو لێرەدا نامەوێت دەست بە بەختی خۆمەوە بنێم چونکە هیچ پێویست ناکات یەکێك بێت بۆ لایو پێی بڵێت من ناوم فلانە کەسەو جوولەکەم دەمەوێت یارمەتیت بدەم نەء ئەوان بە شێوازی دیاری کراو دێنو جوولەکەیش لە ئێراندا زۆر هەنو بەر لە ماوەیەك جوولەکەکانی ئەوێ شتیان بە دەستو تاقمی خومەینی بەخشی بۆ بەردەوام بوونی جەنگیان دژ بە عیراق •

ئەوان یەکێك دەنێرن لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کە گوایە دۆستی شۆڕشی ئیسلامی ی ئێرانە لە ئایلەندەوە بۆ وێنە هاتووە بۆ لایانو ڕاوێژکاری ی سوپایی یان پێشکەش دەکات براکانیشیان کار بە دەستانی دیمەشق بە ئاشکرا ئەم ڕاوێژکارانەیان پێشکەش دەکەنو کەسانی تریش پێیان ووتن ئێوە لەم کەرتانەوە شکستتان هێنا بۆیە دەبێت بۆ ناوچەی کوردستان بگوێزنەوە چونکە لەوێ کوردەکان دژ بە حکومەتن بۆیە جارێکی

تر بە هەڵەدا چووەوە ‥ لەوەو پێش کاتێك خومەینی لە نەجەف بوو بۆ لای دەهاتنو بە گوێیاندا دەچرپاندو دەیانگوت هەموو شیعەکانی عیراق دژ بە ڕژێمنو سونی یەکانی عیراقیش دژ بە ڕژێمنو دەستیان بە جیاکردنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی دەکرد کە فلان دژ بە فلانو فلانی تر دژ بە فلانە بۆیە خومەینی گوتی کەواتەئەممەسەلەیە ئاسانە پێشیان گوت تۆ تەنیا دوو بست بجۆرە خاکی عیراقەوە ئەنجا دەبینیت شتەکان چۆن ئاسان دەبنو هەموو شتەکان بەسەر ڕژێمدا دەشکێنەوە ئەبوو سلەیمانی فەرمانبەدەستی سووریا بەم چەشنەی پێ گوت •

● فەرمانبەدەستی سووریا بەم چەشنە خومەینی بە هەڵەدا برد ●

ئێمە بە دوورو درێژی دەزانین ئەوەی پێ گوتو بە هەڵەیدا برد کە ئەو لە لایەنی مێژووەوە گوناهی کوژراوەکانی ئێرانو شەهیدەکانی عیراقی دەکەوێتە سەرو ئۆباڵی ئەو تێکەوتنەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بۆ خومەینی برای دروستی کرد ‥ خومەینیو • دەستو تاقمەکەی گوتیان باشە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوێزینەوە بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران • مادامەکێ کوردە عیراقی یەکان دژ بە ڕژێمن کاتێکیش گەیشتنە یەکەمین چیای بچووك بە ناوی بەهەشتی یەوە ناویان لێ نا واتە دەستیان بە گۆڕینی ناوە کوردی یەکان کرد تاوەکوو باش بزانن تا چی ڕادەیەك ئەم خومەینی یە (گلاو)و داخ لە دڵەو چەند خراپیشە بگرە ناوەکانیشی گۆڕی •

ئێزگەکەیان دەڵێت فلانە ناوچەمان ڕزگار کردو بەناوی بەهەشتی ناومان ناو فلانە ناوچە ناوە کوردی یەکەمان گۆڕی بە ناوێکی تر •

ئێمە ئەگەر هەناسەیەکی درێژمان هەبوایەت دەمانخستە ناو ئەم چیایانەوەو لە گەڵ سوپاکەیدا تێیدا وێڵمان دەکردو هەموو سوپاکەیمان تێدا لەناو دەبرد بەڵام دژوارە بۆمان سوپای دوژمن بێتە ناو خاکمانەوە بە بێ ئەوەی وەك پێویستە دژی نەجەنگینو دەسڵەمێینەوە هەندێك ناپاك بڵێن تەماشا بکەن رژێم بۆ بەرگری لە خاکی میسانو بەسرە دەجەنگێت بەڵام بۆ بەرگری لە خاکی حاجی ئۆمەران ناجەنگێت ئەوەبوو براکانتان لە هێزە چەکدارەکاندا دژیان جەنگانو ئێوەیش ئەی پاڵەوانانو کەسانی تری ڕۆڵەکانی گەلی کورد دژیان جەنگان ئەو جەنگینەی کە پێویستە لە سەر عیراقی پێی بجەنگێت کاتێك وولاتەکەی دەکەوێتە بەر مەترسی یەوە •

نرخێکی گرانتر دەدەن

بە یارمەتی خوا هەموو بستێکی خاکی کوردستان دەکەین بە ئاگر لە ژێر پێیانداو نرخێکی گرانتر دەدەن یا وەك ئەو نرخەی کە لە خاکی بەسرەو میساندا دایانو نەیانتوانی بگەن بەو ئامانجانەیان کە لە نەخشەی دەستدرێژی یەکەیانا هەبوو ‥ لەو کارو بارانەی کە خومەینی بە هەڵەدا چووبو تیایا ئێوە لە بیرتانە ئەوسا مەسەلێکی بڵاو هەبوو لە عیراقدا ئێستە ئەم مەسەلە بەسەر چوە کاتێ کە یەکێ سەرزەنشتی یەکێکی تری دەکرد یا کاتێ کە بە توندی لەگەڵ یەکدا قسەیان دەکرد پێی دەوت ئێمە عیراقین سوودی نیە لەگەڵمانا ‥ ئەم مەسەلەیە پێش شۆڕش وابووو تا پێنج ساڵیش پاش شۆڕش هەر مابووو ئێستە لە ناو چوو‥ چۆن ئێمە خەڵکی عیراقینو نابین بە شت ‥ ئێمە خاوەن شارستانیو ئێمە خاوەنی صەحنی گەورەو خاوەنی شمشێری پانین ئیتر چۆن نابین بە شت بەڵام بێگانە مەسەلی وای خستبوە مێشکمانەوە پاش ئەوەی عیراقی فەرتاندبووو ماندووی کردبوو ‥ هەزار ساڵ بوو عیراق لە ژێر باری حوکمڕانی ی بێگانەدا دەیناڵاندو تورکو فارس یەك لە دوای یەك حوکمیان دەکردو پاش ئەوانیش مەغوولی یەکان هاتن بۆ حوکم کردنو وێران کردنی شارەکانی ‥ تا توانی یان بیرو باوەڕی وا هەڵە بخەنە مێشکی عیراقی یەکانەوە ئەو دەورە مێژویی یەیان لەبیر بەرنەوە کە پێش هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی کەوتوە لە شارستانیو ئەو دەرەتانانەدا کە باسم کردن تا وای لێ هاتعیراقی یەکان ئەم مەسەلەیان ئەوتەوە کە ئێمە عیراقینو هیچ شتێ سوودی نیە لە گەڵمانا •

● کاتێ کە عیراقی سەری فارسەکانیان لە خۆڵدا گەوزاند ●

ئیستە ئەوە دەزانن کە عیراقی یەکان هۆ بۆ ئەوانە دادەنێن کە هۆیان نیەو جارێکی تر خومەینی بە هەڵەدا چوو وەك چۆن خستیانە مێشکیەوە کە پێیان وت خەڵکی بەسرە لە

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

یەک دوو وشە دەربارەی
«زمانی یەکگرتوی ئەدەبی»

نووسینی : هیمداد حوسێن

هەوڵدان بۆ یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و ڕێککەوتن لەسەر نووسینێک هەموو ناوچەکانی کوردستان[1] پێی بنووسن وەنەبێ شتێکی تازە بێ، بەڵکو دەمێکە ئەم فیکرەیە لە ئارادایەو نووسەران درکیان پێ کردووە، بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا چەند برا نووسەرێکی دڵسۆز دوو بارە جموجۆڵەکەیان خستۆتەوە ناوەو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و لە بەرنامە تایبەتیەکانی ئیستگەو تەلەفزیۆن بانگەوازو داواکاری خۆیان دووپات کردۆتەوە. بە ڕاستی زۆر بە تەنگەوەن (خوا وێنەیان زۆرکات)، هەنگاوێکی ئێجگار پیرۆزەو شایانی ڕێزو شانازی گەلەکەمانن. منیش لێرەدا خۆم بە بەختەوەر دەزانم یەک دوو ووشە دەربارەی چۆنیەتی هاتنەدی ئەم کارەو ئامادەکردنی کەرەستەی پێویستی ئەم مەبەستە بکەم.

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمەش حەز دەکەین بە دڵ ئەم کارەمان بۆ بڕەخسێ، کە ئاوات و ئامانجی دوورو نێزیکی هەموومانە، بەڵام باشە با تۆزێ بیری لێ بکەینەوە، بۆچی وەک بنێشتە شینکە هەر بیجووینەوە. تۆ ئەوە بێنە بەر چاوت هەر کاتێک بتەوێ کارێک بکەیت یا هەر پرۆژەیەکت بە دەستەوە بێ پێشەکی کەرەستەی خاوت بۆ ئامادە کردبێ و بیرکردنەوەی قووڵت لێ کردبێتەوە، ئەمجا بۆ دواجار بڕیاری لەسەر بدەیت و دەستی پێ بکەیت.

دەربارەی کەرەستەی سادە یان کەرەستەی خاویش، کە دەمانەوێ بیکەین بە بناخەیەکی پتەو بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتوو یا نووسینی یەکگرتوو، دەتوانم بڵێم کێشەکە ئەوەیە کەرەستە سادەکەمان ئامادە نییە، بۆچی؟ چونکە تا ئێستا پشکنینێکی تەواو و لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری دەربارەی هەر چوار دیالێکتەکانی زمانی کوردی نەکراوە. بە تایبەتی ڕێزمانەکەیان، وەکو دەزانین ڕێزمانیش بنچینەو بناخەی زمانە ... جارێ بۆ دیالێکتی لووڕی تا ئێستا کێ چوار ووشەی دەربارەی ڕێزمانەکەیان نووسیوە؟! هەورامی هەروا تا ئێستا چەند لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی دەربارە کراوە؟

بەڵێ ڕاستە لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و سەروو تۆزێ باشترەو جموجۆڵێکی دەربارە کراوە، بەڵام ئەوانیش وەنەبێ هەر بە تەواوی ساغ کرابێتەوە، هەر لە دیالێکتی کرمانجی خواروو کۆمەڵێ دیاردەی ڕێزمانی و زمانەوانی جیاواز لە نێوان گۆڤەرەکانیدا[2] هەیە، کەچی هەندێکیان دەمێکە ڕوون کراونەتەوەش بەڵام تا ئێستاش پێڕەوی نەکراون، بۆ نموونە: بەکار هێنانی (دە، د) لە (ئە) چاکترە[3]، بەڵام کوا برا نووسەری سلێمانی لە نووسینەکەی (دە)ی لە جیاتی (ئە) بەکار هێنا، دیاردەی تریش هەن پێویست بەخستنەڕوویان ناکات.

بێ گومان فەرامۆش کردنی دوو دیالێکتی زمانی کوردیش ئەوە بێ سێ و دوو کارەکە ئەنجام نادرێ و نووشستی دێنێ. وەنەبێ من لەو قسانەشم مەبەستم ئەوە بێ بڵێم شتەکە دێوو درنجەو ناکرێ. نەخێر، دیارە مەبەستم ئەوەیە دەمەوێ بەو برایانەی بەتەنگ ئەم مەبەستەوەن ڕابگەیەنم جارێ لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و لەسەر شێوەیەکی زانستی دەربارەی هەر چوار دیالێکتەکان و گۆڤەرەکانیان بکەن و دیاردەی لەیەک چوو و جیاواز دەست نیشان بکەن و کێشەو دۆخەی ڕێنووسی لە کۆڵ بکەنەوە[4]، ئەمەش وەکو دیارە دەوەستێتە سەر خۆ ماندوو کردنی دکتۆرو مامۆستا پسپۆڕەکانی زمان و ڕێزمان و ڕێکەوتنیان لەسەر چاکترین شێوەیەک، کە خزمەتی تەواوی هەموو لایەک بکات.

بڕوانە ل : ٦

چیرۆک

ئەڤین...

احسان صدیق ئامێدی

— ئەڤین کچەکا هەڤدە سالی بو. ومالا بابێ ئەڤینێ ئەڤین بتنێ هەبو سەربارا مالی بو نازدارا بەر دلی دەیبابا بو خوشتڤیا مالی بو.

+ ئازاد ژییێ وی هەژدە سال بو شنی کاملانا ویبوو زورێ خوشتڤی بو لنک هەڤالاو لمالاخو.

ڕۆژەکێ ژرۆژان مالا بابێ ئازادی چونە سەرەدانا مالا بابێ ئەڤینێ، ودەمێ چاڤێت ئازادی و ئەڤینێ پێک کەفتین و ئێکو دو دیتی تێهنا ئەڤینێ بدلێ هەردوا کەتی ودلێ ئازادی کەفتە ئەڤینی هەروەسا ژی دلێ ئەڤینێ ژی کەفتە وی.

جار بو جارا ئێک و دو ددیت و بەحسێت ئەڤینێ بو خو دکرن، ودەمێ سێ سال بورین لسەر ئەڤینا وان یاکو ئازاد نەدشیا بێی ئەڤینێ بژیت وئەڤین ژی هەر وەسا. وپێک هاتن کو بابێ ئازادی ئەڤینێ بو کوڕێ خو ئازادی بخازیت.

دەمێ بابێ ئازادی چویە مالا بابێ ئەڤینێ و سلاڤ کرێ و گوتێ:

— سلاڤ لسەر وەبن خزمو.

بابێ ئەڤینێ سلاڤا وی نەژدل ڤەگیراو گوت:

— خێربیت کەرەمکە رینە حارێ.

بابێ ئازادی رینشت وجگارەک کێشاو بهنا خو ڤەداو گوتە بابێ ئەڤینێ، خزمو ئەز هاتیمە مالەتە داکو دەستێ ئەڤینا کچا تە ژکوڕێ خوڕا بخازم.

بابێ ئەڤینێ بەرسڤ لێداو گوتێ:

— چی ... چی ئەڤینێ بو ئازادی کوڕێ تە، نە بابو نە ئەم لکیرێ و هوین لکیرێ و جارەکادی ڤێ سوحبەتێ نەراکەو دانە!!

بابێ ئازادی شکەست و عاجز بوو رابو دەرکەت وقەستا مالا خوکر.

+ ئازادی گوت ها باب تەچکر رازیبو ئان نە؟

بابێ ئازادی گوتێ نەء نەرازیبوو ئەز بدل مایی ژمالا وان دەرکەفتم.

+ ئازادی ددلێ خودا گوت یان ئەم بو ئێک دونیە یانژی ئەم بو ئاخێینە.

بابێ ئەڤینێ گازی کرە کچا خوو گوتێ کچێ ئەڤین.. ئەڤین کاوەرە ڤێرێ دائەز بحالی تە باخڤم.

— ئەڤین هات وگوتێ بەلێ باب.

بابێ وێ گوتێ بەلێ و ژەهرا بن ئەزمانێ کورەماری تەزانی، تو کەنگی وەلێ هاتی کو حەش ئازاد ئەفەندی بکەی ... ها باخڤە.. هەکە تو دزانی دێ چ بسەرێ تە ئینم.

— ئەڤینێ گوتێ باب من چ نەکریە ما ئەڤینێ شەرمە وئازاد نەیێ خرابە.

بابێ گوتێ وەی.. وەی.. توکەنگی وەلێ هاتی لبەر دەڤی من بدەی پادێ راوەستە وگرت و دابەر زلەهاو مستاو بەحنیا هەتا کو ئەڤین کەتیە ئەردی و جاردەست برە نەخوشخانێ بەلێ ئەڤینا هەر دوا پتر لێ هات وموکم بوو زیدە بو. بابێ خراب و زک رەش پیتە بئەڤینی نەکرو گوتی بلا بمرت.

+ ئازاد هات وچو نەخوشخانێ سەرا ئەڤینێ بدەت.

— چاڤێت ئەڤینێ بئازادی کەفتن و نەشیا خو بگریت ئینا کرە گری و کازی وکرێ گوت ئازاد ... ئازاد.

+ ئازاد چو نک ودەستێت ئێکدو گرتن و سوزو پەیمان بو ئێکدو کرن کو بگەهنە ئێک و مراداخو بجە بینن. هەروەسا ئازادێ دلسوز هەرو دچو سەرا ئەڤینا رەبەن هەتا کو چێ بوی وژنەخوشخانێ دەرکەفتی وچویە مالاخو.

بابێ وێ گوتێ: ئەڤینێ تەهیش ئەو کر دڤێت ئان نە؟

— ئەڤینێ گوتی بەلی من دڤیت ومنێ ڤیایی و من بکوژی ئان بسوژی ئەز هەر بو وی مە!

چاڤێت بابێ وێ دسەریدا سوربون و رابو بەزی ئەڤینا رەبەن گرت و جارەکادی دابەر دارو بەرا هەتا کو ئەڤین نەهش بوی وکەفتی و هەوا بسەرێ ئەڤینێ کەفت و بویە نیڤە مروڤ. ئەو کچا هندا تازە ونازدارو راگرتی دین بوو کەفتە ددەستێت دای بابادا وچ رێ نەچونێ ئینا شنی بابێ ئەڤینا دەلال رابو بسەرێ خو بتەپاو گوت ئەڤە چ کر! من چ بسەرێ خوو کچا خو ئینا!!

+ ئازادی زانی کو ئەڤین یادین بوی ئینا رابو ژمال دەرکەفت و قەستا چول و بەیاراکر ئەڤجا هەردوو دل ژێک ئەبوون. ئەگەرا وانا دل رەقیا بابێ ئەڤینێ بی بێ کو وەنەکری هەردوو دل پێک خوش ببن.

عزیز رشید حریری

تۆ بڵێی ... دیاردەیەکی نوێ بێت؟!

لەژمارە «٦٩٤»ی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٣٠دا، برایەک بە ناوی «هیمداد حسین» لەژێر سەردێری «لەگەڵ دیاردەیەکی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان»و لە گۆشەی «بیروڕای سەربەست»دا نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە،

لە سەرەتادا بە ناوی گۆشەی ئەدەب و ڕۆشنبیری پێشەکییەکی خنجیلانەی بۆ نووسراوەتەوەو پشتگیری لە ڕاکەی کاک هیمداد دەکات و ئەو مەسەلەیەی کە ئەو پەنجەی بۆ کێشاوەو دەستنیشانی کردووە، ئەویش بە کارێکی نابەجێی دەداتە قەڵەم و لەوەش زیاتر داوای هاوکاری لەو کەسانە دەکات کە بەرهەمەکانیان بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەنێرن، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کەوا ئەم دیاردەیە، واتە دووجار بڵاوکردنەوەی بەرهەمێک لەدوو شوێنی جیاوازدا وەنەبێ لەبەر کەمتەرخەمی کارگێڕانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە بێت، بەڵکو بە پلەی یەکەم خاوەن بەرهەمەکان خۆیان لە سەرهەڵدانیدا بەرپرسیارن و دەبێ هەر خۆشیان سەرزەنشتی خۆیان بکەن.. جا هەروەک لەو پێشەکییەی کە باسمان کرد پەنجەی بۆ ڕاکێشراو منیش هەر هەمان بڕگە دووپات دەکەمەوەو دەڵێم بێگومان زۆر لەو برایانە تووشی نەخۆشی بیتاقەکێشان بوون و دەیانەوێ هەر بابەتەی چەند بیتاقەیەکی بۆ بکێشن، بەڵکو بەختەکەی سپی دەرچێت و یەکێ لە بیتاقەکانی بۆ دەربچێ و ئاواتەکەی بێتە دی و ئەو نەمامە ساوایەی تازە ناشتوویەتی هەر بە کاڵی بێتە بەرهەم، ئیتر جاریوا دەبێ هەروەک - گۆشەی ئەدەب و ڕۆشنبیری - بۆی چووە، ئەو جۆرە کەسانە زیاتر لە بیتاقەیەکیان بۆ دەردەچێ و بەو ئاواتەیان دەگەن...

بەڵام وەنەبێ ئەم دیاردەیەش هەر لەبەرهەمی لاوان سەر هەڵبدات، بەڵکو چەندین جار نووسەرە دیارو ناسراوەکانیش پابەندی بووین و لەوانەیە هی وایش هەبێ لەسەری بەردەوام بێت.. دوای ئەم چەند ڕوونکردنەوانەی هاوکاری و هەندێ وردە سەرنجی خۆم دەگەڕێمەوە سەر باسەکەی کاک همیدادو - بەڵام بەر لەوەی هیچ شتێکی لەبارەیەوە بڵێم - ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئەو پێشەکییەی - گۆشەی ئەدەب و ڕۆشنبیری - بۆی چووە زۆر زۆر لە جێگەی خۆیایەتی و دیفاعێکی ڕاستەقینەیە دەرهەق بە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان بە نیسبەت ئەم دیاردەیە کە تابڵێی ناشیرین و نابەجێیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ گۆڤارو ڕۆژنامەکانیش هاوبەشی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە نەبن و یارمەتی نەدەن بۆ پەرەسەندن و تەشەنەکردنی.

لە ڕاستیدا ئەم باسە شایانی ئەوەیە نەختێ گرینگی پێبدرێ و لە بارەیەوە زیاتر بنووسرێت بۆ ئەوەی هەرنەبێ تا ڕادەیەکی چاک ڕێگە لەم دیاردەیە بگیرێت و ماوەی نەدرێت سەرهەڵبداو جێ پێی خۆی قایم بکات.. وەعەر بۆ ئەوەی ئەو ڕایانەی کاکی نووسەر دەری بڕیون و خستنیەتە ڕوو چاکتر بچەسپێن و باشتر یەکالا بکرێنەوە وا یەکە یەکە لەسەر ئەم خاڵانە دەوەستین و ئێمەیش باری سەرنجی خۆمان لەم بارەیەوە ئاشکرا دەڵێین:

کاک هیمداد هەر لە سەرەتای باسەکەیدا پەنجەی بۆ ئەوە کێشاوە کە دووبارە بوونەوەی بەرهەم لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بە دەرەجەی یەکەم بۆ ئەو دواکەوتنە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمەکەی پێوە گیرۆدە دەبێت، بەڕای ئەو هەندێ نووسین لە ساڵێک و دووان و زیاتر لەنێو چەکمەجەو دۆلابەکاندا دەکەون و شوێن بزر دەکرێن، پاشان لەپڕ بڵاو دەبنەوە دوای ئەوەی کە نووسەرەکەی لێی بێ هومێد بووەو بەرهەمەکەی بۆ لایەکی تر ناردووەو لە لایەکی دیکە جێگەی بۆ دۆزیوەتەوە.. لێرەدا ئەگەرچی من تا ڕادەیەک ئەم ڕایە دەسەلمێنم بەڵام قەتیش لەگەڵ ئەوەدا نیم کە یەکێک بەوێ مامڵەتی پاک لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بکات هەر هەمان نووسین وەیا بەرهەم دوای ئەوەی ئەو ماوە درێژە لێی بێدەنگ دەبێ پاشان جارێکی تر بینێرێ بۆ دەزگایەکی تر بۆ بڵاوکردنەوەو لایەنی یەکەمیش - کەیەکەم جار بابەتەکەی بۆ چووە - لەم بارەیەوە ئاگادار نەکاتەوە.. جا بەڕای من هەرچەندە وەکو لە پێشەوەش گوتومە، وەنەبێ گۆڤارو ڕۆژنامەکان جێی گلەیی نەبن، بەڵام بۆ خۆشمان گلەیی لە خۆمان نەکەین و پێ لەو هەقیقەتە نەنێین کە لەسەدا هەشتای خۆمان دەگرێتەوە.. گومانیش لەوەدا نییە کە چەکمەجەو دۆلابەکانی هەر دەزگایەکی بڵاوکردنەوە لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە هەزار نامەو بابەتی هەمە جۆری تێدا کۆ دەکرێتەوە، بەڵام وەنەبێ ئەو بابەتانە بەدەستی ئەنقەست لەو شوێنانە بئاخزێن تاوەکو دوای ساڵێک وەیا دووان یا زیاتر بڵاو بکرێنەوە، ئەگەرچی هەندێ لەو بابەتانەش کە دوا دەخرێن بۆ ماوەیەک ئەوە مانای وانییە کە هەرهیچ تەرایەتییەکیان تیادا نییە بەڵکو لەوانەیە کە هێشتا کاتی خۆی نەهاتبێ و هی ئەوە نەبێت لەو سەردەمدا بڵاو بکرێتەوە لەبەر زۆر هۆی تایبەت بە دەزگاکە، وە دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر دۆلاب و چەکمەجەو فایلێک بابەت و بەرهەمی خۆی تێدەچێ و لیژنەیەکی پسپۆڕیش لێی دەکۆڵێتەوەو ڕای لەسەر دەدات و بە چاوی ڕێزیشەوە تەماشا دەکرێ و پارێزگاریشی لێدەکرێ و بە ئەمانەتەوە هەڵدەگیرێ.. کاتێکیش کە شیاوی بڵاوکردنەوە بێت ئەوە ڕێی خۆی دەگرێ و لەهیچ شەرم ناکاو ناسڵەمێتەوە..

● لە خاڵێکی تردا کاک هیمداد دەڵێ:

«هەروەها ئەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو دیاردەیە بە زۆری لای گەنجەکان ڕوو دەدات، چونکە گەنج جۆرە خرۆشانێکی تیایەو بەدوای کەسیەتی و ناو پەیدا کردندا وێلە، لەبەر ئەوە بە پەلەن لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان»

منیش دەڵێم کاک هیمداد ڕاست دەفەرمووێ، بەڵام قەت ئەو ڕەفتارەی ئەو برا گەنجانەم بە عەقڵدا ناچێت و قەتیش لەگەڵ ئەوەدا نیم کە مرۆڤ لە ڕێی فڕوفێڵەوە ناو بۆ خۆی دوروست بکات و ببێتە خاوەنی کەسیەتی، چونکە گەنجێک گەر لە بنچینەدا توانایەکی ئەدەبی نەبێت و ئیلهامێکی هونەری و ئەدەبی نەبێت ئەوە وا بە ئاسانی و بە فێڵبازی بەهیچ ناگات و هەموو ئەو خرۆشانەی کە هەیەتیشی مایە پووچ دەردەچێت و بێ ئەنجام دەبێت و وەکو نەخشی سەر بەفری لێدێت، بە پەیڕەو کردنی ئەم ڕێبازەیش نابێتە خاوەنی ناوو ئاواتەکانیشی نایەنە دی، بەڵکو بەڕای من ئەو گەنجە نووسەرەی بیەوێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات دەبێ هەر هەنگاوێکی دەیهاوێت حیسابێکی بۆ بکات.. بەڵام وەنەبێ ئەم دیاردەیە تەنها لەنێو گەنجەکاندا سەری هەڵدابێت بەڵکو کەسانی تریش هەن کە دەمێکە لە قۆناغی گەنجیدا ڕەت بووین و هەمان ڕەفتاریش دەکەن بەڵکو لەوانیش ڕەتیان کردووە..

لە کۆتاییدا دەڵێم نووسینەکەی کاک هیمداد دەرگایەکی چاکی کردەوە بۆ ئەوەی نەختێ لەبارەی ئەم دیاردە سەلبییەوە بنووسرێتەوەو ئەو ڕێگەیەش دەستنیشان بکرێ کە چارەسەری ئەو جۆرە ڕەوشت و دیاردانە بکات کە ئیمرۆ لە بواری بڵاوکردنەوەدا خەریکە بە فراوانی سەر هەڵ دەداو دێتە پێشەوە، وە بۆ ئەوەی زۆر دیاردەی تریش دەستنیشان بکرێن کە بۆتە ڕێبازێکی گشتی لەلای هەندێ نووسەرانی ئیمرۆی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ئەوانەی تا ئێستا جیاوازی لە نێوان «وەرگێڕان و ئامادەکردن و دانان و داهێنان» ناکەن، بەڵکو وەرگێڕان و وەرگرتن و ئامادە کردن لەژێر پەردەی دانانەوە دەشارنەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە بۆ ئەم جۆرە کارانەیان کەسانێک هەن ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو قسەی لەبارەیەوە بکەن.. ئیتر با ئاوات و هیوای هەموو لایەکمان خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بێت، با ئەو کەسانە دەستنیشان بکەین کە نەک هەر تەنها فێڵ لە چاپەمەنییە کوردییەکان دەکەن بەڵکو فێڵ لە خۆیان و کاروانی بەرەو پێشەوە چووی ڕۆشنبیری کوردیش دەکەن، با لە ڕێگەیەکی ڕاستەوە خزمەتی گەل و نەتەوەکەمان بکەین و دەسپاک بین و ڕێگەی چەوت و چەوێڵ نەگرین.. با هەموو هەنگاوێکمان بۆ سوودو خزمەتی گشتی بێت.. با ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشمان دەست بە باڵی ئەو نووسەرە گەنجە بەهرەدارانەوە بگرن کە وەکو خونچەیەکن و دەیانەوێ زیاتر گەشە بکەن و چاکتر بکرێنەوە..

بەرهەمی لاوان

دەڕۆیت یان نا...!

ظاهر حمە غەریب

که تۆ دەڕۆیت
گۆرانییەکی هێمنم لێ وێڵ دەبێ
جیهانیشم لێ دەبێتە
کەشتی یەکی چەوا شەبوو
کە بەگژ شەپۆلە هارەکاندا دەچێ...
گیانە تۆ سەمای ژیانی
سەمای ژیانیش بە تاوان ڕاناگیرێ
بێگومان تۆ کۆتری سپی
سەرگومەزی بیری منی
تۆ کە دەڕۆیت
هەنگاوەکانیش دەژاکێن!
کێ دەتوانێ لەسەر یەک قاچ
ڕێی دژواری ئەم ژیانە بداتە بەر؟!
تا بگاتە ژوانگەی ئامانجەکان
دەستکاتە مل
گزنگی بەرە بەیان!
جا کەواتە نەڕۆیت گیانە!
خۆت مەکە بە چۆلی کێشەی
هەڵپەڕینی ئەو تاوانە
با پێکەوە بۆ یەک تڕۆپک
ڕێ بەینە بەر
لەگەڵ ورشەی گشت ئەستێرەکانی ژین
لە ناو خوولگەی نەهامەتی
بچینەدەر...!

کوردی ئێرانم

لوقمان عومەر ئەحمەد

«لە کوردێکی ئێرانەوە بۆ گەلی ئێران»

کوردی ئێرانم، مەردی خوێن پاکم
لەشەڕکردنا چوست و چالاکم
شۆڕشگێڕێکم گیان بەخش و بێباک
خۆم فیدا ئەکەم بۆ وەڵات و خاک
ڕێگای ئازادی هەر درک و داڵە
گەلێ چەوساوەبت ژیانمان تاڵە
بۆ بە گیانی خۆم بە کورد بەخشیوە
ئاڵای ڕزگاریم بە خوێن نەخشیوە
تا مافمان نەبێ هەر لە سنگەرم
لە بۆ ئەم گەلە هەر دەر بەدەرم
نابێ وازبێنین لە ڕێی ئازادی
هەتا گشت خەڵک نەبینێ شادی
کاتێ هەق سەنرا بە لوولەی تفەنگ
هەموو هاوار کەن بیڵێن بەیەک دەنگ
بژی شۆڕشگێڕ دژی زۆردارە
لە گۆڕیان بنێن ئەمجار دوا جارە

بۆ کچێکی مەهابادی

شیعری : سەربەست صابر

ئەی سەربەرزی حەشری خوایداد
بۆ پێشەنگای ئەم جارەمان
کامە تابلۆ هەڵبواسین!؟؟
کەڵلەی منداڵ
کە دەمێکە
بۆتە بەردە بازی بۆستاڵ
نا.. گیانە.. نا
لە پێشەنگی ئەم بەهارە
تۆخ دەنوسین
گەشەهیوای نزیک و دوور
یەکەم گزنگی بەیانی و
دوا سەرنجی زەردە پەڕی ئێوارانی
ئەم ڕۆ دوێنێ و داهاتوومان
پێکەوە دەبەستێتەوە!!
تریفە لە چاوی کانی
گەورە کچی ئەم گوندانە
نیگای پاکی دەبێتەوە!!
ئەی هەوێنی خومسانی خەمێکی شیرین
لە داستانی مەرگ و ژیانی ڕۆژهەڵاتە
بەو چاوە دیم
لەژێر قامچی یاساوڵی ئەم ووڵاتە
خان و ماڵی خێزانێکی ئاوارە بوو
هاتە لەرزین
ئەی نابینن؟؟
چۆڕاوگەی پلوسکی خوێنم
پۆڵای ئاسن دەقلیشێنێ
بووکی زاوای چاوەڕوانی
لە ئەشکی خۆی دەخنکێنێ
چۆلەکەکان....
لە لقی درەختی لانەی دەنارێنێ
بۆیە دەڵێم دوای مردنیش جێ ناهێڵم
پڕ بەدەنگی بەسۆزمەوە
هەر دەبڵێم و دەیڵێمەوە
ئاسۆ سوورەو خۆری ژیان دەر دەکەوێ

Institut kurde de Paris

کورتە چیرۆك

تویتن!!

شعبان مزویری

هەمێ سالان ٠٠ دابیستانێ تویتنێ کەت ٠ بائیزو زفستانێ دامینتە بکار واناڤە ٠٠ شەڤێت سرو سەرما دا بارێ خۆ بارکەت قەستا دەشتێ کەت سەخمەراتی فرۆتنا «بادمانەکێ» چەند جارا ڕێ‌گرا یێ شەلاندی چەند جارا دەوار ب بارڤە یێ هێلایە د دەستێت واندا ڕۆژەکێ ژ ڕۆژێت زفستانێ ئەورا ئەسمان گرت بوو ٠٠ دەنگێ بریسییا خۆش بوو ددلێ خۆدا گۆت ٠

«ئەڤرۆ کە خۆش ڕۆژە ٠٠ بلاڤەکەت ٠٠ دێ چم چنکی ئەڤرۆ نەڕێ‌گر هەنە ٠٠ نەء چەندرمە ٠

دێ ب دلێ خۆ بارێ خۆ فرۆشم» ڕابوو کارێ خۆکر هێسترا خۆ کورتانکر بارێ خۆ درستکر ٠٠ نانو چادانکێ خۆ کرنە د جانتکێدا بوو نێزیکی ئیڤاری ئەور ژێك بژیان ٠٠ هندە پەنییت سپێ ل ئەسمانێ مان ٠٠ جار ٠٠ جار ٠٠ تیرۆژکا ڕۆژی دەردکەڤت ٠ ڕابوو ٠٠ بارێ خۆ بارکر ددلێ خۆدا دگۆت :ـ

«ئەڤ شەڤە دێ بمە میهڤان ل‌گوندی « ٠٠٠٠٠٠٠ » هەفسارێ هێسترێ د ستوی ئالاند ئێخستە بەراهیکا خۆ٠ بوو بانگێ ئەیشا گەهشتە گوندی وێ شەڤێ مال وێرێ دگەل بانگێ سپێدی ئالێك‌دا دەوارێ خۆ ٠٠ تڤێژا خۆکر پشتی هینگێ باری خۆ بارکرو داڕێ هاژوت ٠٠ هەتا ڕۆژ هەلاتی ٠٠

بوو نێزیکی دەم ژمێر (٩) نەهـ گەهشتە دۆلەکێ دەوارێ خۆ ڕاوستاند ما هزرێت خۆ کرن د دلێ خۆدا گۆت :ـ

بویسە بارا پەتر ل دولا تێنە ڤەدان هەفسارێ دەوارێ خۆ گرت ڕێکا خۆ بادا ٠٠ وەختی ڕێك بادای ٠٠ چاڤێ جەندرما لێ بوو ، زانی تشتەکێ قەجاغ بێ ل گەل دەمێ ژ دۆلێ خلاس بووی ٠٠ د دلێ خۆدا گۆت :ـ

«ئەڤ دوله بوو یا ب ترس دارنیمە خارێ بێنا خۆ ڤەدەم چایەکێ لەسەر هتاڤێت خۆدا بەردەم ٠٠ لەخرینییا خۆ بشکێنم کادێ چ ل دنیایێ ئێت ٠٠ دوارێ خو تەولکر چادانکێ خۆئینا دەر تەژی ئاڤکر ٠٠ دانا سەر سێ بەرا٠ ئاگر لبن هەلکر ، دووسێ پوڤەك دانێ ٠ ئاگر دناڤ هەناڤادا چوو خارێ ٠٠ پشتی بێهنەکی کەل هاتێ ٠٠ نانو ٠٠ پێخارنا خۆ ئینا دەر پەرداغەکا چایێ تێکر پاریەك چێکر کرە د دەڤێ خۆدا :دوو چەندرمە وێکاڤێ ل هنداڤ سەری پەیدا بوون پارێ وی ماد دەڤێدا ٠ چاڤێت وی مانە ب وانڤە ٠٠ ما حیبەتی !! پەیابوون ئێك ما زێرەڤان ٠٠ یێ دی چوو هەفسارێ دەوارێ وی گرت گۆتی :ـ

بڕوانە ل : ٧

شیعری وەرگێڕراو

ماوە

سەیرە لام ئەم جیهانە
گشت سەر گەرمی ژیانە
کارو فرمان پیرۆزە
مایەی شانازی هۆزە
بەڵام تەنیا کارکردن
شەوو ڕۆژ تاکو مردن
ژینی وا بێ شک تاڵە
وەك میوەی کرچو کاڵە
ئەوەی دیسان مەبەستە
زاخاوی هۆشو هەستە
ماوەی سەرنجو ڕوانین
گۆرانی یا پێکەنین
پەروەردەی گوڵو باخە
ڕوانینی گردو شاخە
یاخو کاتێ بۆ گەڕان
بۆ گەشتی ناو دارستان
سەیری گاڕان، ڕانەمەڕ
دەمەو بەیان زەردەلپەڕ
ناتوانێ تیشکی نیگا
فریای کەوێ پێی بگا
سمۆرەی گوێز لە ناو لەپ
جار جارە ئەی‌گرێ قەپ
یا ڕوناکی دەرو دەشت
تێر تێر بە چاو بکەم گەشت
یا تیری تیلەی چاوم
بۆ جوانانی بهاوم
جوڵاندنی پوزو پێ
لەسەر بەزمی هەڵپەڕکێ
نیگای بۆ بەرزی‌و نشێو
ئەی بزوێنێ دەمو لێو
چەند تاریکە ئەو ژینە
بێ بزەو پێ‌کەنینە
مرۆڤی ڕێك‌وپێکە
کارو مۆڵەتی لێکە

قادر حاجی عزیز
بە دەستکاری لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی

یادکردنەوەیەکی شاعیری جوانەمەرگ «فەریق ئەمین» و هۆنراوەیەکی

ئامادەکردنی : لەتیف هەڵمەت

شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین لە ساڵی ١٩٥٥ لە دایك بوەو لە ساڵی ـ ١٩٦١ـدا خراوەتە قوتابخانەو لە ١٩٧٩/٧/١دا ماڵئاوایی لە هاوڕێو مامۆستاکانی کۆلیجی ئەدەبیاتی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا کردو بە نەخۆشی سەرەتان کۆچی‌دوایی کردو چنگی مەرگ بواری ئەوەی نەدا نامەی دڵ بۆ دڵخوازەکەیی‌و هۆنراەی گیان بۆ نیشتمانەکەی بنووسێ ٠٠٠ ئەوانەی فەریق دەناسن باش دەزانن کە چەند حەزی لە شاعیریتی بوو ٠٠٠ دەزانن چەند بەوە گەشەی دەکردو دەبووژایەوە ئەگەر پێت بوتایە شیعرەکانت ئەوە دەردەبڕن کە تۆ لە بواری شیعردا پاشەڕۆژێکی ڕووناکت دەبێ ٠٠٠ من نازانم ئەو قوتابی‌یە لادێ‌نشینە دڵپاکە چی هانی دابوو ئەوەندە حەزی لە شیعرو شاعیرێتی‌بێ ئایا نەیدەزانی شاعیرێتی هەژاری‌و نەگبەتی برسێتی‌و دەردەسەری‌و خەم‌و پەژارەیە ٠٠٠! ئایا مێژووی ژیانی قانیع‌و بێکەس‌و مەعرووف ڕەسافی‌و دەیان شاعیری تری نەخوێندۆتەوە کە چەند بە کلۆلی‌و جوانەمەرگی سەریان ناوەتەوە ٠٠!

ئەم مانگە تەواوبێ چوار ساڵ بەسەر کۆچی دوایی فەریفی جوانەمەرگ‌دا تێدەپەڕێ‌و چوار ساڵە فەریق شیعر نانووسی‌و شیعر ناخوێنێتەوەو باسی شیعر ناکات ٠٠٠ چوار ساڵە فەریق ڕۆژنامەی هاوکاری‌و گۆڤاری بەیان‌و ڕۆشنبیری ناکڕێت‌و

کەس ناتوانێ ئەو ژمارەیەی هاوکاری بۆ بەرێ کە ئەم لاواندنەوەیەی خۆیی تیادا بڵاودەبێتەوە ٠٠٠ هەزاران سەڵاو لە گیانی پاکی شاعیری جوانەمەرگ ٠

مەریوان

● بفەرموون لەگەڵ شیعرە بڵاونەکراوەکەی کە بە ناونیشانی ـ ئاوازێك بۆ مەریوان ـ نووسیویەتی ٠٠٠ بۆ ئەو شارەی پاسدارەکانی ڕژێمی تاران سونگی‌و رمیان بە خوێنی منالانی سوورکرد بەڵام گۆرانی دەمی هەر نەمرد ٠٠٠

ئەی مەریوان
گزنگی ناو ڕەشماڵەکەم
شیرینی گەشتە تاڵەکەم
پشکۆی ماچی
چرۆی ڕەنگی چەوساوەکان
بووکی سەوزی کۆشی پایز
نەغمەی گەرووی دڵدارەکان
سەوزاییەکەت
ئاسمانێکەو ئەستێرەکان
لەسەر چڵی تاڤگەکانی
ئەچریوێنن
دڵۆپی فرمێسکی گەرمیان
وەردی دڵت پاراو ئەکات
ئەی مەریوان ٠٠٠

یانەی هاوکاری

لە بیرەوەری ناودارانی کورددا (مامۆستا ٠ ئۆ)

ووتارەکەت لە بیرەوەری ئەمین فەیزی‌دا هیچ شتێکی تازەی تێدا نەبوو، سەرچاوەی باشتریشی هەیە دەست‌نیشانت نەکردوون ،بە نموونە ژمارە(١٨)ی گۆڤاری (پەروەردەو زانست)سەرچاوەیەکی گرنگەو پێویستە لێی دوورە دەست‌نەبن ٠

ڕەخنەی زانستیمان دەوێ/ن٠ گەردی ـ هەولێر

ئەگەر یەکێك شیعرێك یان چیرۆکێکی لە زمانێکەوە کرد بە کوردی دەبێ‌خوێنەران وا لێ بکات کە وا بزانن یەکسەر بە کوردی‌داڕێژراوە ، بۆیە هەر ڕستەو دارشتن‌و ووشەیەك کە لەگەڵ زەوقی کوردی‌دا نەگونجاو لەبەر دڵی‌خوێنەران بیانی بوو وەرگێڕ بۆی نی‌یە حەواڵەی (دەقە) بنەڕەتەکەیان بکات ٠٠ چونکە هەر زمانە تایبەتی‌و سروشتی‌خۆی هەیەو ئەدەبەکەشی لەسەر بناغەی زمانەکە هەستاوە ٠ بۆیە وەڵامدانەوەی ڕەخنەکەی لێت گیرا بووە وەڵامێکی دروست‌و زانستانە نەبوو ٠

هەر وەکو ئەو ڕەخنەیەش کە لە چیرۆکەکەی (دایکی هەورۆ)ت گرتبوو بە ناوی (ناوەرۆك‌و زمان لە چیرۆکی منداڵاندا) لەسەر بناغەیەکی بابەتی‌و زانستی دانەمەزرا بوو ، بەتایبەتی لە لایەنی بەکارهێنان‌و ئاستی زمان لە ڕووی پەروەردەوە ،دەنا چیرۆکەکە زمانێکی ڕەوان‌و بێ‌گرێی هەبوو ٠

ئەمە بوو بۆ چوونی ئێمە بەرامبەر ئەو دوو هەنگاوە ڕەخنەگری‌یەی تۆ ، بەڵام هەردوو هەنگاوەکەش نموونەی پێش‌کەوتنی بەردەوامی تۆ دەنوێنن لە کۆڕی نووسینداو چاوەڕوانین ٠

شیعری شۆخی چاوشین(م٠ك)

زۆر پێویستە مۆرکی‌خۆماڵی بە شیعرو چیرۆك‌و ڕۆمانی کوردی‌یەوە دیار بێت ، جا لە کوردیدا کە گۆشت سووری چاوشین یەکسەر خەڵك وا تێ دەگا کە تۆ مەبەستت ئینگلیزە٠ خۆ لە هەموو خەرمانی کۆنی شیعری کوردیدا ناتوانیت شیعرێکم بۆ بلێی کە بۆ جوانی‌ی چاوی شین گوترابێ ٠ ئیتر بۆیە شیعرەکەی تۆش کاکی (ك) نا موبۆی کوردەواریی کەم‌بوو زیاتر لە لاوژەی سەرگەرمیی هەرزەکارێکی دەکرد کە گۆڤارو فلیمی بێگانە دەبینێ ٠٠

هەڵویستی دوو پاڵەوانی کورد (ش٠ ڕەنجاو ـ دیانا)

هەردوو پارچە شیعرەکەت پاشاو فتوا ، خانزادی شێرەژن ، هەستی پاك‌و بیری بەرزی نیشتماپەروەریان لێ دەتکایەوە ، بەڵام لایەنی مێژوویی‌و بیروڕای یەکسەرو زەق لەلایەنی شیعری ٠ کەخەیاڵ‌و سۆزو وێنەو نیگاری جوان‌و داڕشتنی‌شاعیرانەیە زۆر زیاتر بوو ، لەبەر ئەوە شایانی‌بڵاوکردنەوە نەبوون ٠

نامەخنجیلەکەم ـ معتصم‌عوزیری :

شیعرەکەت لە بابەتی(هەجو) بوو وا دیارە لە ڕێگەی شیعرەوە سەرزەنشت‌و ئامۆژگاریی (یەکێك) دەکەیت ، ئەگەرچی نیازو مەبەستت گلەیی‌و ڕێ‌نیشان دانە بەڵام نەوا ئەم (یەکە)ش بە (شیعرە هەجوێکی) تر وەڵام بداتەوە،بۆیە چاوەڕوانی بەرهەمی‌تریین ٠

هەڵبژاردەی هاوکاری

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

ئەڵقەی چوارەم

نووسینی : یەشار کمال احمد محمد اسماعیل کردوویەتی بە کوردی

جارێکی کە بەنەکانی داتەکاند ئەمجارەیان هەڵقونێکیان بۆ کرد ، جارێ تەماشای ئاسمانی دەکرد ، جارێ بەنەکانی رادەوەشان تا مەلەکە بیان ببینێ ٠

جارێکی کە هاتە تەنیشتمەوە :

« چەند دانەیان دەکڕی ؟ »

« تۆ جارێ ئەمە بکرە ٠٠ هەمووشی نەکڕم ، دەتوانی بیانفرۆشی »

بە گومانێکەوە لێی‌پرسیم :

« بە کێی بفرۆشم ؟»

« بە حەسەن قەپتان » ٠

« حەسەن قەپتان کێیە ؟»

«قەپتانە هاوسێمانە ٠٠ لازە★ جاران مەلێکی زۆری هەبوو راوکەرێکی بەربادە٠ »

وەك بیەوێ شارەزای خۆی پیشان بدات ووتی «لازەکان راوکەرن ٠٠٠ ئەی ئەگەر ئەو نەیکری ؟»

«من دەیکڕم‌و دەیکەمە دیاری دەستم‌و دەیبەم بۆ حەسەن ٠»

«کەسێکی کە شک نابەی ؟»

«کابرایەکی کە هەیە «علی» ناوە ٠ قۆمیسەرە ، قومیسەری پەنجەمۆرکردنە ٠٠»

«ئای دایکی لە کەر چاك ٠٠٠٠پەنجەمۆر دەکات ها ؟»

«بەڵێ پەنجەمۆر دەکات ئەمیش هەر هاوسێمانە ٠٠بەر لەوەی ببێ بە قۆمیسەر ئەوجا هێشتا لە دێی «ریزا» دا بوو پێنج دانە مەلی ئاوای هەبوو ٠ شەوو ڕۆژ خەریکی ڕاوە پڕۆ بوو ٠٠بە سەبەتە پەلەووری دەگرت ٠ سەبەتە گەورەکانی لای دەریای ڕەش هەیە ، ئا لەو سەبەتانە

«ها٠٠٠ئـ ئـ»

دەستم بۆ ئاسمان درێژکرد ووتم «حەسەن قەپتان حەوت جۆر لەم هەڵۆیانەی بۆ ژماردووم ٠٠ علی یش٠٠٠٠»

ئەمە هەڵۆ نییە شاهۆ بە ٠ کورتە باڵاکەیان بەوجۆرە هەڵەکەی بۆ چاك‌کردمەوە ئەمەیانە «سمیح»ی ناوە٠ چاو سێ‌گۆشەیینەکەیان ناوی «خیری»یە ٠ کوڕە کەلەگەتەکەش «سلێمان»ی ناوە ،بە سلێمان درێژ ناوباتگی دەرکردووە ٠ خەڵکی بانگی دەکەن «درێژ»٠

درێژ هات لە بەردەمما چیچکەی کردو دەستی بۆ تۆغرۆڵ درێژ کردو پرسی :

« ئەرێ کاکە ئەمانە کێن ؟!»

« (تۆغرول) ە ، خەڵکی لای ئێمەیە ، کوڕی باغەوان‌باشی‌یە ، (مەنەکشایی)یە ٠٠ ئەوەی تەکی (حسین)ی ناوە ٠ لووت باریکەکەشیان کوڕی (ئەرۆڵ)ی ماسی‌گرە ٠٠٠ سی‌یانەکەی کەیان ناناسم ٠٠٠ »

لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی بۆکردو ووتی :

« مەنەکشایی ٠٠ تۆغرۆڵی باغەوان باشی لای ئێوە ٠٠٠٠ »

« چی دەڵێی ؟ »

ووتی «هیچ ٠٠٠ لەو ڕۆژەوە ئێمە ئەم چادرەمان لێرەدا هەڵداوە ٠ هەموو ڕۆژێ لە شەبەقەوە ٠٠٠٠»٠

« دەزانم » ٠

سلێمان ٠ دەستی کردە باس کردنی تۆغرۆڵ ٠ باسی تەماشاکردن‌و چاوو شرۆشێتیەکەی بۆ کردم منیش بۆم سەلماند ووتم «بەڵێ وایە ٠ »

« باشە کاکە من لەمانە تێ‌ناگەم ٠٠ ئێمە دەڵێی بۆ نان پەیداکردن بۆ ئێرە هاتووین ٠٠٠٠٠ »

«ئی‌ئێ ؟»

« مانای وایە ئەو بۆ کەیف بۆ ئەم ناوە دێت ٠ باوکی باغەوان باشی‌یەکی گەورەو زەلامەو خەڵکی فلۆریاش بێ ٠٠ » ٠

ووتم « مەنەکشایی‌یە » ٠

« مەنەکشاو فلۆریا یەکێکن وا نییە ؟ » ٠

«وایە مەنەکشا یانی فلۆریا »

دەتگووت بەمە نهێنی‌یەکی گەورەی دۆزیبێتەوە ووتی :

« دیاربوو ٠ باوکی باغەوان‌باشی‌یە ٠٠ تۆ تەماشاکە کاکە ، خۆ ئەمانە شێت نین ٠٠ لە پێش خۆر هەڵهاتنەوە دێن لەم ناوانە دادەنیشن ٠٠ هیچ قسە ناکەن‌و چاومانیش لێ ناپڕ کێنن ٠٠ چاوی ٠٠ چاوی سەوزە ٠٠ » ٠

« سەوزە » ٠

« ئەوانەی چاویان سەوزێ ، چاویان پیسە ، شووم دەبن ٠٠ تۆ بڕوانە ٠ ئەگەر ئێستا ئەوانە لێرە نەبوونایە دەمێك بوو مەلەکە خۆی دابووە سەر تۆڕەکانمانداو نشتبووەوە ٠٠ مەلێك کە برسی بوو ٠٠،٠٠٠، لێرەش ئەم هەموو باڵندانە بەستراونەتەوە ، قەت بە ئاسمانەوە دەما ؟ ٠٠ خوا دەیزانێ کاکە ئەم مەلە ڕەش‌و سپی‌یانە نییە ٠ دوێنێ وەك گورك وەك گورگێکی برسی شۆڕدەبوونەوە بۆ سەر تۆڕەکان ٠ دوێنێ گیانم دەرچوو بەدەستیانەوە ٠ تەماشاکە ئەمڕۆ خۆیان لە قەرەی دەدەن ٠٠ دوێنێ ئەوەندەم جوێن پێدا نەبێتەوە ٠ ڕەنگە تۆرابێ ٠٠ پەلەوەر لە زمانی ئێمەمانان تێدەگات ؟ ! »

ووتم «تێ‌دەگات ٠»

بە چاوی گومانەوە تەماشایەکی منو مەلەکەی ئاسمان‌و تۆغرولی کردو ووتی « لەوانەشە ئەمانە ٠٠ چوزانم ٠٠ »

ووتم « هەرچی هەیە لەم دونیایەدا لەیەك دەگەن ٠٠ چاو پیس »

« چاوی پیسە ٠٠ شوومە چاوی سەوزە » ئاوای ووت‌و تەماشایەکی تۆغرولی کردەوە ٠

کۆپتەرێک لە «یەشیل کوێی»یەوە بەرزبووبووەوە بە سەر دەریاکەدا بۆ لای ئێمە دەهات ، گەیشتە سەر چنارە بەرزەکانی لای پلاچی شارەوانی ، ئەوەندەی نەمابوو بدات لە دارەکان ٠

سلیمان ووتی « نا ئەم بەڵایە خراپە ٠٠ پەلەوەر دەتارێنێ »

ووتم « شوومە ٠٠ سەوزە ٠٠ چاوی سەوزە »

سلیمان پێ‌کەنی ،بە گومانەوە جارێکی کە تەماشای تۆغرولی کردەوە ٠٠ شەش منال ٠ چواریان دەناسم٠ حسینەکەیانم لە هەموویان زێدە خۆش دەوێت ٠ لەوێدا بۆ خۆیان دانشتبوون قۆلیان لە قاچی خۆیان ئالاندبووو چەنەیان خستبوە سەر ، کش‌و مات دەیانڕوانیە جێگایەکی نادیار ٠

کۆپتەرەکە بەگرمە گرم (مارتی‌یەکانی)ا بەم لاو ئەولادا داغان کرد ، لە بان دارچنارەکانەوە بەسەر کۆشکی سەرەك کۆماردا تێپەری ٠

ئێمەو تۆغرۆڵ‌و هاورێکانیشی هەموومان تەماشای ئاسمانمان کرد تاکو بزانین کۆپتەرەکە، مەلەکەی وەك پەلەوەرەکانی دیکە تاران یان نەء ٠ مەلە ڕەش‌و سپی‌یەکەی ئاسمان هەر وەك هیچ رووی نەدابێ ، باڵەکانی بە ئاستەم دەلەرانەوە لە شینایی ئاسمان چەسپ بووبوو ، بەژێر پەڵە هەورێکی یەکجار سپی‌دا دەفرێ ٠٠ گەشاینەوە، بکرە تۆغرول‌و هاورێکانیشی خۆشی کەوتە ڕوویان ٠

خەیری مان گرتنی مەلەکەی پێ‌گران بوو ، دەرۆیشت پەلەوەرە بچووکەکانی هەڵدەدا٠ پەلەوەری بێ‌زەوال بەتوندی دەکەوتنەوە زەوی ٠ حال وا بڕوا ناگاتە نیوەڕۆ هەموویان بەلادا دێن ٠

سەمیح پەیابوو :

« شتێ بووە ٠ وەڵلاهی بیللاهی شتێک ٠٠٠»

بەدەم قسەکردنەوە دانەکانی جیڕ دەکردەوە ٠ رووی کرژ دەبوو ، «٠٠٠ ئەمە بێ یەغبالییە ٠٠٠ دوێنێ جانەوەر ئاسا هێرشی دەهێنایە سەر پەلەوەرەکان ٠٠٠ ئەمڕۆ ٠٠٠ ئەوە خۆتان دەیبینن چۆنە ٠٠٠ کە گوێی لێ‌بووە ئێمە ناوی سەد لیرەمان هێناوە ٠٠٠ » ٠ بەرقەوە تەماشای تۆغرۆڵی کرد ٠٠ « ڕاستە چاو پیسی هەر هەبووە ٠٠ » ئاوای ووت‌و هەناسەیەکی هەڵکێشا « خۆ دێت »

هەمدیسی تەماشایەکی تۆغرۆڵی‌و هاورێکانی کردەوە « دێت ٠٠٠ هەر دێت ٠٠ دێت دێت » لە کاتێکدا پەلەوەرە بچوکەکانی دەجوڵاندەوە چاوێکی بریبووە مەلەکەو دەیگووت «دێت٠٠٠»

منیش ووتم «دێت هەردێت » ٠

لەم کاتانەدا لە خوارووی « باسن‌کوێی»یەوەو بە لای هێڵی شەمەندەفەرەکەوە ، پۆلێکی گەورەو گران هەڵسا ، منالەکانیش شپرزەبوون‌و شلەژان ٠٠ سلیمان خۆی داوە زەویدا بەدەم وەك پەلەوەر چۆن دەجیروێنێ ئاوای دەکرد ، پۆلەکەی بانگ دەکرد ٠٠ سمیح پەلەوەرە بچووکەکانی هەڵدەدا ٠

بڕوانە ل : ٧

★ ـ لێرەدا ، یادی بەحێتر شێخ (زەزا)م ئەو هەڕەتد ، هەجووی «نائیبێك» دەکات «لاز» بووە دەفەرموێ: ئەرناوطـ ساندم بزم تائیبی مگرسە «لاز» مش سوبلدگم هیچوبیە گەر «لاز» اولدوغیچن ازمش

Institut kurde de Paris

جەماوەری گەلی کورد

سەرلەمەلبەندەکانی خۆناونووس کردن دەدەن بۆ چەك هەڵگرتن و جەنگین بۆ بەرگری لە عیراقی سەربەرزو دژی ڕژێمی ئێران و سەرکێشە خیانەتکارەکان

● هەولێر ، سلێمانی، دهۆك
ئا ،د ،ع،پەیامنێرەکان

ئەوەبوو لە قەزای مەخموورو صدیق و مێرگەسوورو شەقلاوەو ناحیەکانیان لە پارێزگای هەولێر کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان بۆ مووچەخۆرانی دەزگاکانی دەوڵەت و کارگێڕانی ڕێکخراوە جەماوەری و کەرتە میللی یە جۆر بەجۆرەکان ساز دران، تێیان دا سەدان لە بەشدار بووان خۆیان ناونووس کرد تاوەکوو سەربەرزی ی بەشداری کردن لە بەرگری ی خاکی عیراق و یەکێتی و دەسەلات و سەربلندی ی عیراق ببێتە بەشیان .

لەم کۆڕانەدا بەڕێزان و هاوڕێ لێپرسراوانی بەڕێوەبردن و حزبی و نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی یەکان سەبارەت بە ڕق و کینەی ڕەشی فەرمانبەدەستانی ڕەگەزپەرستی ئێران بەرانبەر بە عەرەب و کورد دووان و .. باسی ئەو هێرشە دڕندانەی کوشتن و لەناوبردن و چەوساندنەوەیان کرد کە گەلی کورد لە ئێران تووشی بوون بەدەستی پیاوکوژەکانی خومەینی یەوە .. هەروەها باسی نیازە چەپەڵەکانی ڕژێمی ئێرانیان کرد لە هێرشەکەی ئەم دوایی یەیدا بۆ سەر کەرتی حاجی ئۆمەران و ئەو پاڵەوانیەتە نەبەردی یەی کە جەنگاوەرە کوردەکان نواندیان شان بەشانی سوپای دەستدرێژی شتوومان لە بەرگری کردن لە خاکی نیشتمان .

لە پارێزگای سلێمانیش زنجیرەیەك کۆڕ بۆ کارگێڕانی دەزگاکانی دەوڵەت و هاوولاتییان ساز دران لە قەزای دۆکان و ناحیەکانی چوار قوڕنە و سەنگاوو ئاغجەلەر تێیاندا بەشدار بووان خۆیان ناونووس کرد بۆ جەنگین و ئامادەیی خۆیانیان پیشان دا خێرا ڕوو بکەنە بەرەی جەنگ و دژ بە هێزەکانی ستەمکەری و دەستدرێژی بجەنگێن و شۆڕش و دەستکەوتەکانی بپارێزن .

سەرەکی دەزگاکان و لێپرسراوانی ڕێکخراوانی حزبی بەعسی عەرەبی

جەماوەری دلێری گەلی کوردمان لە سەرتاپای ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا سەرلەمەلبەندەکانی خۆناونووس کردن دەدەن و خۆیان ناونووس دەکەن بۆ چەك هەڵگرتن و جەنگین دژ بەرژێمی فراوانگەری ئێران و سەرکێشە ڕێ پێشاندەرە خیانەتکارەکان.

سۆشیالیست باسی مەوداکانی دەستدرێژی یەکانی ڕژێمی ئێرانیان کرد بۆ سەرووڵاتەکەمان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە ئەم دەستدرێژی یە ئەڵقەیەکی بنەڕەتی ی نەخشەی ئیمپریالی ی زایۆنی یە بۆ تەگەرە خستنە بەردەم ڕێڕەوی پێشکەوتن و گەشەسەندن لە وولاتەکەمان داو لەباربردنی ئەو دەستکەوتانەی لەژێر سایەی سەرکردایەتی ی بەڕێز سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین دا بەدی هاتوون .

لە گوندو ئاوایی یەکانی نزیك بە هێڵی پێشەوەیش لەگەڵ دوژمنی نەزانی ئێراندا هەزاران هاوولاتی ی گەلی کوردمان وەك جەنگاوەر لە سوپای میللی دا خۆیان ناونووس کرد لەژێر فەرماندەیی هێزە پاڵەوانەکانماندا بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو ڕژێمە بۆگەنەی لە قوم و تاراندا هەیەکە هەموو ڕۆژێك بە تۆپی قورس گوندو ماڵەکانیان بۆردومان دەکات .

لە شاری ڕەواندووزیش مەلا ئەحمەد وێردی مەلای مزگەوتی گەورەی ڕەواندووز ووتی ئێمە دانیشتووانی ئەم شارە هەموو شتێك دەبەخشین و بەدوا دڵۆپی خوێنمان بەخت دەکەین بۆ بەرگری لە خاکی خۆشەویستی عیراق و پاراستنی سەربەرزی و شکۆمەندیمان چونکە بەرگری کردن لە نیشتمان ئەرکێکی پیرۆزە هەموو مرۆڤێکی بەشەرەف و هۆشیار ئەنجامی دەدات .

چەندین هاوولاتیش ڕایانگەیاند کە ناونووسی کردنی خۆیان لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەردا بۆ چەك هەڵگرتن و بەرگری کردن لە خاکی خۆشەویستی نیشتمان .. کەمترین شتە پێشکەشی بکەن وەك ئەرکێك هەموو عیراقی یەك پێشکەشی بکات .. ووتیشیان ئێمە بەبێ ماندووبین و بەبێ پشوودان دژ بە دوژمن دەجەنگین تاوەکوو زەوی لەژێر پێدا دەکەینە دۆزەخی ئاگرین .

عمر ئاغای سوورچی ووتی ویژدانمان پشووی قبوولمان لێ ناکات ئەگەر تۆڵە لە دوژمنان نەستێنینەوە کە بە بۆردومان کردنی تۆپخانەو کوشتنی منداڵ و ئافرەتی بێتاوان خاکی گوندەکانی سەرسنووریان پێشێل کردین .

دوو هاوولاتیش لە قەزای مێرگەسوور ووتیان دانیشتووانی ئەم قەزایە چەك هەڵدەگرن و بۆ بەرگری لە نیشتمان دەچنە پێشەوە.

ووتیشیان ئێمە ئەمڕۆ ڕاوەستاوین بۆ بەرگری کردن لە سەربەرزی و سەربلندی و ئەو دەستکەوتە مەزنانەی کە سەرکردایەتی ی حزبی بەعس و شۆڕش بە سەرەکایەتی ی بەڕێز سەرەکی فەرماندەپاڵەوان صدام حسین بۆی بەدی هێناوین .

بەم جۆرە ئەم هاوولاتی یە بەشەرەفانەی گەلی کوردمان لاپەڕەیەکی پرشنگداری نوێ لە بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەخەنە سەر لاپەڕەکانی تر کە بە درکێك دەمێنێتەوە بۆ هەمیشە چەقیبێتە چاوی دوژمنان .

جەماوەری سلێمانیش سڵاوی ئاراستەی ئەو سەرکەوتنانە کرد کە هێزە پاڵەوانەکانمان دژ بە هێزەکانی ڕژێمی داخ لەدڵی ئێران بەدییان دەهێنن .

لە بروسکەیەکدا کە بۆ بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین یان نارد پاش کۆتایی پێهێنانی کۆڕێکی فراوان کە بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجەیی پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێ ئەمینداری نهێنی ی سەرکردایەتی ی لقی حزب لە سلێمانی ئامادەی بوون ، ئامادەیی خۆیانیان ڕاگەیاند بۆ خۆبەخت و فیداکاری لە پێناوی عیراقی مەزن داو بەشێك بن لەو بەستە سەختەی کە چاوچنۆکی یەکانی خومەینی یە لە ڕێ لادەرو سەرکێشە خیانەتکارەکان لە سەری ووردو خاش دەبن .

دووپاتیشیان کردەوە کە عیراقی مەزن و کوردستانی خۆشەویست سەربەرزی و سەربلندی یان تێدا گەشەی کردووە پاش ئەوەی دڵ و تفەنگ و خواستیان تێیدا یەکی گرتەوە بە سەرەکایەتی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین .

ئەم بروسکەیەیش لە لایەنی دانیشتووانی پشدەرو خۆشناوو بڵباس و ئاکۆو مەنگوڕو جاف و هەمەوەندو سەیدەکانی بەرزنجەو جەباری و شوان و شێخ بزێنی و کافرۆشی و لەك و قەرەتاموری و جافی ڕۆغسایی و جافی میکاریی و جافی شاتری و زەنگنەو شەمرانی و هارۆنی و نۆرۆلی و اسماعیل عەزیزی و شێخ ئیسماییلی و نەقشەبەندی و سەیدەکانی عەبابەیلی و هەورامی و شێرو سیوەیل و باجەلان و سیدانی و بۆسکانی و قامیشی و دەری و مروی و شاخناسی و کارێزەیی و تیلەکۆیی یەوە مۆرکراوە .

بەڕێز پارێزگاری سلێمانی و هاوڕێ ئەمینداری نهێنی ی سەرکردایەتی ی لقی سلێمانی ی حزب لە دوو ووتاردا لە کۆڕەکەدا سڵاویان ئاراستەی گیانی نیشتمانپەروەرانەی بەرزی ڕۆڵەکانی سلێمانی کردووە کە بەوپەڕی بەرەوپیری یەوە چوون ئامادەیی خۆیانیان پیشانداوە بۆ ناردنی پیاوی بەهێز بۆ بەرەکانی جەنگ بۆ بەرگری لە شەرەف و سەربەرزی ی خاکی نیشتمانی خۆشەویستمان و گردبوونەوەیان لە دەوری سەرکردایەتی ی حزب و شۆڕش و بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین .

هەروەها سەبارەت بە مەوداکانی هێرشی دڕندانەی ڕژێمی داخ لەدڵی ئێران بۆ سەر وولاتەکەمان دووان کە تێیدا سەرکێشە خیانەتکارەکان دەوری چەپەڵی خۆیان بینی لە یارمەتیدانی دوژمنانی نیشتمان .

هاوولاتی یەکانیش ئامادەیی خۆیانیان ڕاگەیاند بۆ چەك هەڵگرتن و ڕووکردنە هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگ بۆ جەنگین دژ بە هێزەکانی ڕژێمی جادوومگەری خومەینی و ئەڵقە لە گوێکانی لە خاین و بەکرێگیراوەکانی ڕێ پێشاندەرە خاینەکان .

کارگێڕانی ئەمینداریەتی گشتی ی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی لە پارێزگای هەولێریش لە کۆڕێکی فراواندا ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند بۆ ناونووس کردن و چەك هەڵگرتن و بەشداری کردن لە جەنگی قادسیەی صەدامی پیرۆزدا .

لە کۆڕەکەدا کە لە دیوانی ئەمینداریەتی ی گشتی لە هەولێر ساز درا بەڕێزان جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ی ناوچەی کوردستان و ئەمینداری گشتی ی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری و لاوان دەربارەی دەستدرێژی یەکانی ئەم دوایی یەی هێزەکانی ڕژێمی داخ لەدڵی ئێران بۆ سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران بە یارمەتی دانی هەندێك لە ڕێ پێشاندەرو سەرکێشە خیانەتکارەکان ئەوانەی کە خۆیان بە بێگانە فرۆشت ، دووان .

سەرکەوتن لەبۆ عیراقی

عیراق کە یەکێکە لەو وولاتانەی هێزێك بوو هێزێکە کە یارمەتی ی گەلانی ئازادیخواز دەدات و دەورێکی کاریگەرو توانادار لە ڕێکخراوی وولاتانی بێلایەندا دەگێڕێت .. ئەوە سێ ساڵە لەشەڕدایەو لەشوێنی تواناو دەسەلاتەوە داوای وەستاندنی شەڕی کردووەو دەیەوێت بە ئاسایش و بەختیارو سەربەست بژی و دوور نەکەوێتەوە لە یارمەتیدانی ئەو گەلانەی ئازادیخوازن بە تایبەتی گەلی عەرەبی ئازادیخوازی فەلەستین .. بەڵام ئەتوانین بڵێین دەوڵەتە توانادارەکان گوێی خۆیان لەم بانگەوازانەی عیراق کەڕکردووەو هیچ بەپیریەوە نایەن .. بەڵام عیراق لەبەر ئەوەی کە ڕێبازی پێشکەوتوو پاکی خۆی بۆ خزمەتی ئاسایش و یارمەتیدانی هەموو هێزێکی خێرخوا گرتووە بەوپەڕی تواناو دەسەلاتەوە بەرگری لە خاك و پێشکەوتن و سەربەستی دەکات و هەرگیز ڕێگە نادات کە ئاواتەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی بەهیچ جۆرێك بێتەدی و پارێزگاری پلەی خۆی لە نێو دەوڵەتان و ئەو دوسکەوتانەی دەکات کە بۆ میللەتی عیراقی بە کوردو عەرەبەوە وەریهێناوەو سەرکەوتنیش هەمیشە هەر بۆ عیراقی نەبەزو دلێرە چونکە لەسەر هەقەو هەقیش هەموودەم سەرکەوتووە .

● مجید ندیم ●

ئێرانی شڵەژاو

●فؤاد حسین●

نوێژی لەم جارەی مێزەر لەسەرەکانی قوم و تاران وەکو جاری جاران نەبوو .. زۆربەی هەرەزۆری ئیمامی مزگەوتەکان و نوێژکەران ڕووگرژو غەزەب لە دەم و چاویاندا ئەباری و نارەزایی خۆیان دەردەبری و هەڕەشەوگوڕەشەیان بووە .. چونکە ماوەیان نەدراوەتێ دەنگی خۆیان بدەن بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە جێنشینی خومەینی ی ،تەڵەکەباز .. دەترسن ئەوەی خومەینی خۆی هەڵیدەبژێرێت و دەستنیشانی کردووە هەروەکو خۆی خوێنرێژو خوا نەناس و ئاژاوەچی بێت و هەمیشە بەشوێن خراپەو خزمەتکردنی دەوڵەتە گەورەکاندا بگەڕێت و سودو قازانجی گەلانی ئێران پشت گوێ بخات پیاوەئاینیەکان بەرپەرچی ڕژێمیان داوەتەوەو گوتوویانە ئێمە حسین منتزریمان هەڵنەبژاردووەو کەسیش ئاگای لەم هەڵبژاردنە فڕوفێڵە نەبووە ..

ڕژێم ژمارەیەکی زۆر لە پاسدارانی خومەینی بە شێوەیەکی نائاسایی لە شیمالی غەربی ئێراندا بڵاوکردۆتەوە بۆ دەم کوت کردنی خەڵکەکە کوردەکان بە ئاشکرا لە گشت جادەو کۆڵانەکاندا دەنگی نارەزایی خۆیان هەڵبڕیوەو هاواریان کردووە ماوە بدرێ ڕای ڕاستەقینەی خۆیان دەربڕن .. دیسان ووتوشیانە: «خومەینی دکتاتۆرەو فێڵبازەو گەلانی ئێران دەچەوسێنێتەوە» . ئەمەو جگە لە پێشێل کردنی مافی

کوردەکان و درێژەپێدان بە جەنگە ناڕەواکەی کە بەسەر عیراقدا سەپاندویەتی و دەزانن بەردەوام عیراق داوای ئاشتی و چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتە دەکات و حەزی لە شەڕو خوێنرشتن نی یە .

چاودێرانی بێگانە لەنێو ئێراندا ئەوەیان ڕەچاوکردووە کە بەربەرەکانی یەکی نهێنی لەنێوان ئەوانەی کە خومەینی بە دۆستی خۆی دەیانزانێت سەری هەڵداوەتەوەو هەریەکە تاوانباری ئەوی تر دەکات لە گشت کەم و کورتی و گێرمەکێشەیەکدا .. هەریەکە شمشێری خۆی بۆ ئەوی تر بەرزکردۆتەوەو گەیشتۆتە ڕادەیەك سەری یەکتر ببڕن .

چونکە گشت دام و دەزگاکانی دەوڵەت تووشی شپرزەیی و بێ دەسەڵاتی بوون و ناتوانن ئەرك و ئیشەکانیان جێبەجێ بکەت .. هۆی ئەمانەش زۆرن و بەسەریەکدا کۆبوونەتەوەو چارەسەر کردنیان لەدەست دەرچووە .. چاودێرانی بێگانە ئەوەشیان ووتووە «هەندێ لەم لایەنانە خۆیان کۆ کردۆتەوەو ئامادەی ئەوەن بە کودتایەك هەڵسن و ڕژێمەکە سەروژێر بکەن» خومەینی هەستی بەم جموجۆڵە کردووەو دەزانێت ڕژێمەکە لە بارودۆخێکی پڕلەمەترسیدا دەژیت و دانی بەوەدا ناوە «گەلێ ئاژاوە لە ئێراندا بەرپابووەو دەبێ لەناوببرێن» .

بەڵام لەڕاستیدا کارلەکار ترازاوەو نەڕژێم و نە ئەوانەی یارمەتی ی ڕژێم ئەدەن ناتوانن لەقین و تووڕەیی گەلانی ئێران خومەینی و دەستە چەپەڵەکەی ڕزگاربکەن ..!

یەکدوو – پاشماوە

یەکێ لەو مامۆستایانەی لەم دواییە زۆر بەتەنگ ئەم کارەوەیە (د. نافیع ئاکرەیی) یەو تەنانەت کێشەیەکی زۆریان کەوتۆتە نێوان لەگەڵ برا نووسەرەکانی دی ، بەڵام من دەمەوێ ئەوە ئاراستەی دکتۆری بەڕێز بکەم ، ڕەخنەیان ئەو هەنگاوە پیرۆزەی ئەو خەریکیەتی شەڕە کوتەك نی یەو لە ڕقی هەندێ کەس و لەبەر خاتری هەندێ کەس بیکا ، بەڵام ئەگەر لە ووتارێکا کۆمەڵێ ووشەی دیالێکتی کرمانجی سەروو خواروو تێکەڵ بکرێت ئەوە نابێتە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی ، چونکە وەك لەمەو پێش ووتم فەرامۆش کردنی دوو دیالێکتی زمانی کوردی (هەورامی – لووڕی) ڕەوا نی یەو کارەکە ناکرێ .

ئیتر داوای خۆشبەختی بۆ دکتۆر (نافیع ئاکرەیی)و هەموو ئەوانەی بەتەنگ زمانەکەمانەوەن دەخوازم و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکش ئەم هەنگاوە پیرۆزە بێتە دی .

پەراوێزەکان :

١ – مەبەست کوردستانی عیراقە .

٢ – گۆڤەر : بێچووە دیالێکت : بۆ نموونە گۆڤەری هەولێرو گۆڤەری سلێمانی سەر بە دیالێکتی کرمانجی خواروون .

٣ – تۆفیق وەهبی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم ، بەش یەکەم، بەغدا ١٩٧٣ .

٤ – مەبەستم ئەوەبە تا ئێستا چەند دەنگێك هەن هیچ وێنەیەك یان نیشانەیەکیان بۆ دانەنراوە وەك (أ)ی لە دیالێکتی کرمانجی سەروو (ذ) لە دیالێکتی هەورامی ...هتد.

ڕووناکی

مەشخەڵی ئاگری شۆڕشی کوردستانی ئێران ڕێگای سەربەستیو ئازادی ڕووناك دەکاتەوە

ئازاد شوان

گەلی کورد لە ئێران وەکو گەلانی تری ئێران بە دەستی خێزانی پەهلەوێوە تووشی ستەمکاری و زۆرداری هات و سەدان لاوی لە پێناوی سەربەستیدا بەخشیوە . شەهیدی نەمر قازی محمدمان لە بیر ناچێ کە دامەزرێنەری کۆماری کوردی مەهاباد بوو لە گەڵ هاوڕێکانیدا کە لە مەیدانی چوار چرا لە شاری مەهابادی تێکۆشەر سەرکەوتنە سەر سێدارەو بۆ دوژمنانی میللەتی کورد ملیان کەچ نەکرد. دوای ئەوەی کە ڕەزا شا کۆماری نوێی کوردستانی بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئاغای لەناو برد ئەوانەی کە کۆماری کورد لە ناخەوە هێنانی یە لەرزین و هەزاران حسابیان بۆ کرد هەموو یەکیان گرت بۆ لەناو بردنی و لە بێشکەدا سەریان پێ نایەوە ..بەڵام ئایا گەلی کورد بۆ وەرگرتنی مافی خۆی بۆ سەربەستیو ئازادی وازی لە تێکۆشان هێنا؟ وەڵام ..دیارە نەخێر گەلی دلێری کورد لە کوردستانی ئێران هیچ کاتێ دەستی لە تێکۆشان و شوڕش کردن لە پێناوی ڕزگاری و سەربەستی و خواستە ڕەواکانیدا هەڵنەگرتووە جا ئایا ئەم دەست هەڵنەگرتنە بە ئاشکرا بووبێ یاخود بە نهێنی .

کاتێ گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٨ دژی ڕژێمی شای گۆڕ بەگۆڕ ڕاپەڕین و هاتنە سەر شەقام و زەمینەو مەیدانە گشتی یەکان و هاواریان دەکرد کە ڕژێمی شاهی بڕۆخێ و داوای دیموکراتی یەت و سەربەستیان دەکرد گەلی کوردی نەبەزی ئێران بێ بەشی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەری و ئەو شۆڕشە میللی یە بە گوڕە نەبوو کە هەموو لایەکی ئێرانی گرتبووەوەو شان بە شانی گەلانی ئێران بەشداری شۆڕشی کرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی شای بەکرێ گیراو کە گەلانی ئێرانی بە ئاگرو ئاسن بەڕێوە دەبرد ..وەك گەلانی ئێران و ڕێکخراوە رامیاری یەکانی دەستی دایە چەك و لە تاران و لە شارەکانی تری ئێران بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردوو خۆپیشاندان وای لێهات کە شارو دیهاتەکانی کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە

شۆڕش سەرکەوتو تەختی شا کەوتە ژێر پێی شوڕشگێڕان و شا خۆی و داروو دەستە بێ بارە بەکرێ گیراوو خوێن مژەکانی خوێنی گەلانی ئێران بە لارە ملی و ڕووی ڕەشەوە لە ئێران دەر کران خومەینی لە شوێنی دوور خستنەوە لە پاریس لە گەڵ مەلاو ئایەتوڵڵاکانی دەورو پشتیا گەڕانەوە ئێران بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات و بەڵێنی بە گەلانی ئێراندا کە سەردەمێکی نوێ لە ئێراندا دێتە کایەوەو سەربەستی و دیموکراتی دەگەڕێتەوە ئێران .

بەڵام وردە وردە بۆ گەلانی ئێران دەرکەوت کە بەڵێنەکانی خومەینی هەموو درۆ بون و خومەینی و مەلا مێزەر بە سەرەکانی تاران و قوم شوڕشە کەیانی دزین و بەڵێنەکانی خومەینی هیچی وەدی نەهاتن و هیچ شتێ نەگۆڕاو کار چۆن بوو هەر وا مایەوەو بۆیان دەرکەوت کە خومەینی بە مێزەرو بەناو نەبێ لەگەڵ شا جیاوازیان نیەو ئاغاکانی واتە ئیمپریالیزم هێناویانەو لە جێی شا دایاننا وە .

گەلی کوردیشمان لە ئێراندا کە داوای مافی ڕەوای خۆی دەکرد لەم کارە دڕندایەتیەی خومەینی نەك هەر بەر کەوت بگرە بە کافرو نا لە بارو دژی ئاینو موسوڵمانێتی و شۆڕشی ئیسلامی ئێران ناوی دەبردرا لە گەڵ هەموو تەقەڵلادانێکدا کە تەڵەکە بازی گەورە بۆ سەرکەوتن بە سەر شۆڕشی کوردی ئێراندا دای هەموویان پووچەڵ بوونەوەو شۆڕش پەرەی سەندو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێش چوو هەموو چەوساوەو هەڵاتوویەکی دۆزەخی خومەینی چوونە ڕێزی شۆڕشی کوردو خاکی کوردستان بوو بە قەڵای بەرهەڵستکارانی ڕژێمی ئێران و بوونە بنکەی کاری ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینی و شۆڕشی کورد توانی بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستانی ئێران ئازاد بکات و کرداری سووپایی تەنانەت لە ناوخۆی شارە گرنگەکاندا وەك شاری مەهابادو سەقزو سنەو سەردەشت و بانەو بۆکان و شارەکانی تری کورددا پەرە پێ بدات و دەست بە سەر بەشی زۆری ڕێگە ستراتیژی یەکاندا بگرێت و هێرشی هۆلاکۆی تازەی ئێران بووەستێنێ .

ئاژانسەکانی جیهان هەموو ڕۆژێ ئەو سەرکەوتنە مەزنەی گەلی کوردمان دژی داگیر کارو چاو چنۆکەکانی ڕژێمی ئێران بڵاو دەکەنەوەو ڕووداوەکان دەریان خست و مێژوو شایەتی ئەوە دەدات کە سەر کەوتن هەمیشە بۆ گەلانی چەوسێنراوەو داواکاری سەربەستی و خەباتگێری ڕێگەی وەرگرتنی مافی ڕەوای خۆیەتی جا هێزی دوژمن چەندە زۆر بێ و چەندە دڕندە بێ و چەندە چەکی قەڵاچۆکاری هەبێ.. گەلان هەمیشە هەر بەهێزترن و ڕاستی هەمیشە سەر دەکەوێ و گەلی کوردیشمان لە کوردستانی ئێران هەر سەر دەکەوێ و لە گەڵ گەلانی ئێراندا مافی خۆی وەردەگرێ و هێزی شەڕو تاریکیش لە ناو دەبەن .

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران .

نەمری بۆ شەهیدانی شۆڕشی کوردو بزوتنەوەی نیشتمانی ئێران .

سڵاوی پیرۆزو ڕێز بۆ گەلانی ئێران کە بۆ سەربەستی و مافی ڕەوای خۆیان تێدە کۆشن ،

شەرمەزاری و مل کەچی بۆ دوژمنانی گەلی کوردمان و بۆ دوژمنانی گەلانی جیهان .

مردن بۆ تەڵەکەبازو بەکرێ گیراوەکان و .. شۆڕش تا سەرکەوتن .

Institut Kurde de Paris

دەقی وتە گرنگەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك لە جەنگاوەرانی پاڵەوادت «پاشماوە»

گەڵتابە کەچی خەڵکی بەسرەو سوپای عیراق بـۆی دەرچوون‌و سوپاکەیان تێکشکاند ·· سەیرکەن چۆن بە چاوێکی نزمەوە سەیری عیراقی دەکرد بە جۆرێکی وا پێش هێرشەکە وتارێکی‌داتیایدا وتی هێرش دەبەینە سەر بەسرە ·· ئەم تەڵەکەبازە ئیستە بە ئێرانی‌یەکان دەڵێ ئێوە بەرگری لە وڵاتی خۆتان دەکەن‌و هیچی ترو لای وایە ئێرانی‌یەکان وتارە چەپەڵەکانیان لە بیـر دەچێتەوە کە دەیوبست لەسەر حیسابی عیراق بـەر بڵاو ببێ‌و خومەینی پێش هێرشەکە وتارێکـی خوێندەوەو تیایا وتی هێرش دەکەین ئەمەیش لـە بارەی لەشکری‌یەوە شتێکی نەوبستەو بەڵکو بە گاڵتە پێکردن دادەنرێ بە عیراق بەڵام کاتێ کە عیراقی‌یەکان سەری فارسەکانیان لە خۆڵدا گەوزاندو سەریان پـێ شۆڕ کردن‌و پێنج هێرشەکانبان تێکشکاند ئەو کاتە مێشکیان دەستی کرد بە بێداربوونەوە وەك چـۆن مەسەلی ناو خەڵك دەڵێ ناقمەکەی خومەینی هەمـوو هۆشیان هاتەوە سەرخۆ خومەینی نە بێ ·

خومەینی هەر پیاوێکی ئایینی دواکەوتوو نیەو بەس بەڵکو سیاسی‌یەکـی تەڵەکەبازو شەیتانیشـە بەڵام ئەوە دەزانێ کە خۆی گلاندوەتـە شـتی خەیاڵاوی‌یەوە ·· کاتێ کە کلیلی دا بە تاقمەکەی پـێ دەوتن کە دەڕۆن بۆ بەرەی شەڕ کەس ناتانبینـێ‌و عیراقی‌یەکان لە بەر دەمتانا ڕادەکەن‌و عیراق داگیـر دەکەین‌و کەربەلا دەکەینە مەڵبەندێك بۆ خۆمان بـۆ ئەوەی فێڵ لە هەموو موسوڵمانەکانی تر بکەین ئەنجا ڕوو دەکەینە مەککەو دەیکەینە مەڵبەندێکی تـازەی ئایین‌و جارێکی تر فێڵ لەهەموو موسوڵمانەکـان دەکەین‌و ئیمپراتوری‌یەت دروست دەکەین ·· وای لێ هات نەتوانێ لە قسەکانی خۆی پاشگەز ببێتەوە چۆن شتی وای بردبوە مێشکی خۆی‌و تاقمەکەیەوە پاشگەز بوونەوە بار بێ بە سەربەوەو تێکی بشکێنێ چونکـە ڕۆژ بە ڕۆژیش سوپای ئێران‌و گەلانی ئێران هەستیان بەوە دەکرد کە هیچ سوودێك لە بەردەوامبوونی شەڕدا نیە نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێدا ·· لەمەیش بەولاوە هەموو گەیشتوونەتە ئەوەی کە عیراقی‌یەکان توانـای ئەوەیان هەیە وڵاتی خۆیان بپارێزن‌و دەزێکـی وای دوژمنی فارسی بدەن کـە شایانی بێ ·

بەخێربێن ئەو جەنگاوەرە عیراقی‌یە نەبەردانەی کە بەرگری‌یان لە شەرەفی گەل‌و سەربەرزی نیشتمان کردوەو دەیکەن بەو قوربانی‌یەی شایانی بێ‌و لەبـەر هەمان هۆو هەمان ڕواڵەت ڕۆڵەکانی کوردستانیـش بەخێربێن ·

چیرۆکی « برای فاتمە »

بەڵام برای فاتمە لەبەر ئەوە سەربەرزکردنـی دواکەوت چونکە ئەو ئیشەی کە کردبووی ڕواڵەتێکی «تایبەتی» هەبووو ئەو ئیشەی کە کردی‌و بە هۆیـەوە ئەمڕۆ هاتوەو لە گەڵ ئێوەدا سەربەرز دەکرێ کارێکی پاڵەوانانە بوو لە کۆتایی ئازاری ساڵی ١٩٨٢دا کردی‌و چیرۆکەکەیشی ئەوەیە کە یەکێ بوو لە دەستـەی یاوەران‌و پاراستنی تایبەتی··لە سەردانێکی بەرەدا بووین لە کاتی شەڕی شۆش‌و دیزفولدا کە ئیستە بـە پارچەیەك لە مێژوو دادەنرێ کە پێویستە باسـی بگێڕرێتەوە ·· هەرچەندە خومەینی دەڵێ سەیرکـەن فڕۆکەکانمان چیان کرد بە عیراقی‌یەکان و شەڕ گەرم بوو لە کەناری دیزفول‌و شۆش‌و ڕەقابیەداو زەبرێکی زۆریان خستبوە سەر سوپامان چونکە بەرەبەکـی فراوانی داگیر کردبووو وەك باسمان کـرد تەشکیلەکانمان کەم بوون‌و هێزە ئیحتیاتەکانیشمان مەشقی تەواویان نەکردبووو سوپای میللیش ئـەو شارەزایی‌یە تەواوەی نەبوو ·

شەومان لە پشت هێڵەکانی پێشەوە بردە سەر لە خاکی خۆماندا بەو هیوایەی سەر لە بەیانـی بگەڕێینەوە بۆ فەرمانبەرە مەیدانی‌یەکان··و وەزیری بەرگری جێگری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان‌و سەرۆکی ئەرکانی سوپاو تەقریبەن هەموو ئەفسەرەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانمان لە گەڵابووو هەڵوێست لە سنوورێکی دیاری کراودا ڕاگیـر بووبوو··شەو سەرەکی ئەرکان هات بۆ لام‌و پێی وتم کەوا دوژمن هێرشێکی شەوانەی کردوەو داوای لـێ کردم کە بچێ بۆ لای فەرمانبەرە مەیدانـی‌یەکان‌و منیش پێم وت کەوا سەر لە بەیانی دەگەڕێمەوە بـۆ لای فەرمانبەرەکان ·· سەر لە بەیانی بە فڕۆکەیەکـی هیلکۆپتەر چووین بۆ شوێنە دیاری کراوەکـە بەڵام هەڵوێست لە شەودا گۆڕابووو ئێمە ئاگامان لە شتەکـە نەبوو بە تەواوی کە هەندێ لە هێزەکانمان لە ڕەقابیە کشابوونەوەو تۆپەکانمان برابوونە شوێنی تر لەبەر زەبری دوژمن‌و هەندێ لە هێزەکانمان لە شوێنەکانی خۆیان هاتبوونە دواوەو ئێمەیشـش هاتین بـە فڕۆکەکەمانەو، چووینە ناو مەودای تۆپی هـەردوولا عیراقی‌یەکان لە لایەك‌و ئێرانی‌یەکان لە لایەکی‌تر ·

کاتێ کە وەزیری بەرگری ئەمەی بینی بە کاپتەنی فڕۆکەکەی وت دابەزینێکی ناچاری بکاو سەرەکـی دیوان‌و دوو لە یاوەرانمان لە گەڵابوو کە یەکێکیان عەقید صباح میرزاو ئەوی تریان رائد حسین کامل بووو لە دەمانچەیش بەولاوە هیچی ترمان پێ نەبوو هەتاکو یاوەرەکانیش لە دەمانچە بەولاوە هیچی تریان هەڵنەگرتبوو ··و دوژمنیش زەبری خستبوە سـەر هێزەکانمان‌و کەوتینە ئەم‌هەڵوێستەوەو لەو کاتەدا کە دابەزین فڕۆکە ئێرانی‌یەکان هاتنـە سـەرمان‌و هیلیکۆپتەرەکانیان دەستیان کرد بـە لێدانـی ئەونیشانانەی کە نزیك بوون لێمان‌و وەزیری بەرگری دەیوبست لەم شوێنە دەرمانکا بەڵام بێ سوود لەبەر توندی بۆردومان‌و چونکە ئاگامان لەم هەڵوێستە نەبوو ئەگەر بمانزانیایە دەستەی پارێزگاری‌یەکەمان ئامادە دەکردو تەرتیباتی ئاسمایشمان ڕێك دەخست بەڵام ئاگاداری ئەو گۆڕانانە نەبووبووین کە لە شـەودا روویان دابوو ئاسانیش نەبوو لەو شوێنە دەرچین چونکە هەندێ لە هێزەکانمان لەو ناوچەیە دەکشانەوەو پێویست بوو لە سەرمان لەو بارەدا بمێنینەوە کـە تێی کەوتبووین بێ ئەوەی ئاگادار بین ·· یەکێ لـە فڕۆکەکانی دوژمن سووڕی خواردەوە بەرەو ڕوومان‌و ٤٠٠ مەتری مابوو بۆ لامان‌و کاتێ کە برای‌فاتمە بینی خۆی فڕێ دا بۆ ئەوەی ببێ بە تەیمانێـك لـە بەردەممان‌و هاواری کرد وتی من برای فاتمەم ·

لەو شتە سەیرانەی کە لەم هـەڵوێستـەدا ڕوویدا ئەوەبوو لەم کاتەدا سەربازێك بە ڕاکردن بە بەردەممانا تێپـەڕی‌و تفەنگێکی کلاشینکۆفـی هەڵگرتبوو داوام لە عەمید صادق کرد کە تفەنگەکە لە سەربازەکە بسێنێ‌و کە فڕۆکەکە پێچی کـردەوە بەرەو ڕوومان وەزیری بەرگـری دەمانچـەکـەی هەڵکێشاو گوللەیەکی خستە پێش چونکە لە دەمانچە بەولاوە هیچی ترمان پێ نەبـوو عەمید صادق بـە سەربازەکەی نەوت فلان لێرەیەو تفەنگەتـان دەوێ بەڵکو دەستی کرد بە شەڕە دەست لە گەڵیا بۆ ئەوەی تفەنگەکەی لێ بسێنێ‌و سەربازەکەیش نەیدەویسـت تفەنگەکەی بداتێ چونکە لە شەڕدایەو منیش بانگـی سەربازەکەم کرد بۆ ئەوەی تفەنگەکەمان بداتـێ‌و پاش ئەوەی بینیمی دایمێ کە تفەنگەکەمان وەرگرت وامان هەست دەکرد کە وا هەرچی چەکی سـوپای عیراقە لای ئێمەیە چونکە بە شتێکی گەورەمان دەزانی بە گوێرەی دەمانچەکەوە بەم جۆرە خوا لە گۆبەندی ئەو هەڵوێستە رزگاری کردین‌و جەنگاوەرەکانمـان یەکێ لە فڕۆکەکانیان خستە خوارو دووهەمیشـیان خەریك بوو بە دەستەی ئەو فڕۆکەوە کە داخرابووو کە لە هەموو لایەکەوە لاوان تەقەیان لێ دەکرد ·

بەم جۆرە برای‌فاتمە لەبەر ئەم هەڵوێستـە سەربەرز کرا چونکە ئەرکی پاراستنی بە شێوەیەکی باش جێ بەجێ کرد لە کاتی نالەبارداو خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی ببێ بە قوربانی لە پێناوی ئەو مرۆڤـەی کە پێی سپێررابوو بیپارێزێ · هەرچەندە ئەوانەی تریش کە لە گەڵمان بوون بە گیانی ئازاو دلێرانەوە جوڵانەوە بەڵام کردەوە هونەرمەندانەکەی ئەو لـەو کاتەدا بوو کە فڕۆکەکە پێچی کردەوە بە لاماناو ٤٠٠ مەتری مابوو بۆ لامان‌و خەریك بوو بمانکا بە نیشانە لەم کاتەدا خۆی فڕێ دایە بەردەمم‌و ئێمە دانیشتبووین چونکە شتێك نەبوو بمانپارێزێ دانیشتین بۆ ئـەوە باڵامان کورت کەینەوەو ئەو تفەنگە هەڵگرین کـە بەشی من بوو ·

بەخێرهاتنتان لێ دەکەین کە سوارەیەکی دیاری بەرگری کردنن لەوڵات··ژمارەی سوارەکان لـە عیراقدا زیاد دەکا کەم ناکاو ژمارەی سوارەکان لـە ڕۆڵەکانی گەلی کوردیشمان زیاد دەکا ·

بە یارمەتی خوا ئاڵاتان هەر بـەرز دەبـێ‌و کوردستانیش هەر ناو چاو پرشنگدار دەبێ وەك خاکی عەمارەو خاکی بەغداو میسان‌و بەسرەو واسیت‌و هەوو خاکی عیراق ·

سلاومان بۆ خێزان‌و کەس‌و کارتان‌و بەخێـر بێن بەسەر چاو ·

ئەم هونەرمەندە بناسە

ئامادەکردنی : لطیف

سعاد ستار هونەرمەندێکی کوردی لاوەو گەلێ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوەو لە گەلێ پێشانگاشدا بەشـداری کردووە ··· لە دیدەنی‌یەکی چاومان پێ کەوت‌و لەگـەڵی‌دا کەوتینە گفتوگۆو پرسیارو لێمان‌پرسی : کاك سـعاد دەتوانی شتێکـی دەربارەی‌ژیانی هونەریت بخەیتـە بەرچاوی خوێنەران · ··لەوەڵامدا وتی :

– ساڵی ١٩٥٣ لـە کەرکوك لەدایك‌بووم‌و ساڵی ١٩٧٣ چوومە ئەکادیمیـەی هونەرە جوانەکان لە بەغداد ساڵی ١٩٧٧ بە یەکەمی لقی – کۆلین – نحت – دەرچووم ·

● **لەبارەی ئەوەشـەوە کە لە چەند پێشانگـادا بەشداری کردوە وتی :**

– بەشداری پێشانگاکانی ئەکادیمییەم کردووە لـە ساڵی دووەمی خوێندنمـەوە تیادا تا ساڵی چوارەم · ·· هەروەها لە سـاڵی ١٩٧٧وە تا ئەم ساڵ – ١٩٨٣ – هەموو ساڵێ پێشانگای تایبەتیـم کردۆتەوە یا لەگەڵ کۆمەڵـێ هونەرمەندا پێشـانگـای هاوبەشمان کردۆتەوە · ·· جگە لەوەش بەشـداری پێشانگای هونەرمەنـدە لاوەکانی کەرکوکم کـردوە کە لە شـاری هەولێـر سازکرا ·· هەروەها لـە هەنـدێ پێشانـگای هونەرمەندانی سلێمانیشـدا بەشداریم کردوە ·

● **لـەبارەی دەوری هونەریشدا لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی‌دا کاك سعاد وتی :**

هونەر هەر لە چەرخـی بەردییەوە تاوەکو ئێستـا دەوری باڵای لە ژیانـی مرۆڤایەتی‌دا بینیوەو ئـەو وێنانەی کە لە ئەشکەوتـە کۆنەکان‌و هەوارە دێرینەکان‌و کـەلاوە کۆنەکانـدا دۆزرانەتەوەو ئەو هەمـو پێشانگایانەی کە ئەمڕۆش سازدەکرێن کاریگەرێتـی هونەر لە بارەی بارودۆخـی ژیانـی مرۆڤایەتییـەوە دەسەلمێنن ··· دەتوانـین بڵێین ڕێبازی هونـەری وا هەن کە دەیانەوێ هونـەر لە خزمەتی مرۆڤایەتـی دوورخەنەوە بەڵام ئـەم جۆرە ڕێبـازە کـەمـن‌و تەشەنەیان نەکردووە ··

● **لە بارەی هـونەری شێوەکاری – تەشکیلـی – کوردیشەوە وتی :**

هونەری شـێوەکاری کوردی پێش هەموو شتێك‌و بەبێ‌گومان پەیوەندی بـە هونەری هاوچەرخـی سەرجەمـی هونەری عێراقی‌یەوە هەیە ··· ئەگەر هونەرمەندانی کورد لـەم بوارەدا بە چاوێکـی زانستی‌یانـەوە بڕوانن‌و وردبنەوە ئەوە دەتوانـرێ نەخشەی ڕێگای راستـی هونەری کوردی بکێشرێ ·

● **لە بارەی ئەوەیشـەوە ئەرکی سەرشانی هونەرمەندی کـورد لەم قۆناخـەدا چیە ·· وتی ·**

هونەرمـەند دەبـێ ڕاستگۆبێت لە هونەرەکەیداو مەسەلەی شێوەی هونـەری نەبێت بە گرنگترین شـت لە ژیانی هونەری‌داو هەموو هەوڵ‌و هەست‌و بیرێکـی بەوەوە خەریك نەکات کـە چۆن ڕێبازێکی تایبەتـی بۆ خۆی بدۆزێتەوە · · چونکە ئەمەیان لە ئەنجامـدا خۆی دێتە کایەوە ئەویشـس دوای تاقیکردنـەوەیەکی زۆر لە بواری هونەردا ··· بەڵام دەبێ هونەرمەنـد ئەوەش بزانێ کە هونـەر بنێشت نیە لە دەمێکەوە بـۆ دەمێکی تر بگوێزرێتەوە ··· بەڵکو دەبێ هونەرمەند لـە ڕێگای هونەردا ماندووبێـت · · · بەبێ ئەو مانـدوو بوونە هونەرمەند نابـێ بـە هونەرمەندێکی کارامـەو ناسراو ···

تویتن – پاشماوە

– ڕایە ··؟!

– وەرن چایەکی قەخـون پاشی ·

– نەوەختێ هندێیە ·

– مادێ ڕەڤـم ··وەرن داپێکڤە بخوین نوکە هەوە ژی وەکو من تێشت نەخاری‌یە ·· پاش وەکیڤە دڤیت دی ل گەل وە‌نیم ·

– ڕابە مەگیرو نەکە ··

– ئەز هینگێ دێ ڕابـم هەتا تێر نەخوم ·· چنکـێ هەکە وە ئەز برم ·

– دی من هێڵنە برسن ·

– ڕابە ·· درێژ نەکە ··

– دی من کیڤە بـەن ·· هەکە رابووم ·

– دی چینە پولیس خانێ · قەشلێ ·

– بەختی وەمە خـودان زاروکم ·· ڕەحمێ بمن ببەن·

– پاش ل وێری بێـژە ریبەڕێ ·

– پولیس خانێ ·· پولیس خانێ ·· پولیس‌خانـێ ·· مال خراب کرنێ ·

– دی چ ل من کەن ·

– دی ل ویری زانی ··

– ها دێ ل ویرێ زانم ··

دی ل ویرێ زانم ··

بۆ زانین

بەڕێوەبەریەتـی شارەوانی‌ی قوشـتەپـە ڕای‌دەگەیەنێت کە لـە کاتژمێری دەی سەرلەبەیانی‌ی ڕۆژی ١٩٨٣/٩/٨ دوومەکینەی جووت لەگـەڵ عەرەبانەکانیان‌دا کە لـە پێویست زبادن بـە شێوازی مەزادکردنی ئاشکـرادەفرۆشرێن جا ئەوانـەی ئارەزووی کڕینیان دەکەن لـەگەراجی بەڕێوەبەریەتـی شارەوانی‌ی قوشتەپە ئامادەبن‌و ئەمینانی ئاسایی کە ٢٠٪ لەگەڵ خۆیان‌دا بهێنن دەبێت‌ئەوەیش بزانرێت کە ڕەسمی دەڵاڵی‌و بۆزانین دەکەوێتـە ئەستۆی کڕیارەوە ·

جمال محمود احمد
بەڕێوەبەری شارەوانی‌ی قوشتەپە

باڵندەکان – پاشماوە

خەیری‌یش خۆی گەیاندبووە پەتی تۆڕەکـە ، ملیان درێژبووبوەوە، چاویان، کرابوەوە، پۆلەکە بـەرز دەفڕی · لەپڕ ، نزم دەبوەوە ·· هات · هات · لە بان سەر تۆغرۆڵ‌و هاورێکانی ماوەیەکی کەم بـە ئاسمانەوە وەستان ، لە پڕ دابەزین ، هەڵسانەوە ، جارێکی کەش دابەزینەوەو هەڵسانەوە ، لە دواییدا تەنها سێ دانەیان لە بان تۆڕی ناو دڕکەکە نشتنەوە ، پەلەوەرە بەستراوەکان دەستیان بە جریواندن کرد ، ئەو دوای پۆلەکە خۆیانیان گەیاندە سەر چەمەکـە ، ئەوەندەی پێ‌نەچوو گەڕانەوە ، پێنجی‌کـەیان لای سێ‌کە گلیان خواردەوە ، ئەوانەی نەنشتنەوە بەرەو «مەنەکشا» فڕین · خەیری پەتەکەی رانەکێشـا ، چاوەڕێی کرد تا لە «مەنەکشا» بگـەڕێنەوە ·· گەڕانەوە ·· وا دێن · بەجارێ هەمووی بەرز بوونەوە، نزم بوونەوە ، هاتن ، تا لـە ئاو دڕکاییەکـە نشتنەوە ·· نشتنەوەو نەنشتنەوە خەیری پەتـی تۆڕەکەی راکێشا ، تۆڕ هەڵسایەوە ، بە سـەر دڕکەکاندا قەپات بوو ، پەلەوەرەکان وەك هاوار بکەن دەستیان بە زریوە زریو کرد ، لە تاو تۆڕەکـەدا بەسەر یەکدا دەکەوتن · منالەکـان لە سـێ لاوە تاویان‌دا ، بە پەلە پەلەوەریان لە تۆڕەکە دەردەهێناو لە قەفەسیان دەنان لەم کاتەشدا تۆغرۆڵ‌و هاورێکانی راستەپێ هەڵسان ·

ئەمانیش شپرزە بووبوون · چاویان داپچڕیبوو، بە بەرۆشەوە تەماشـای ئـەو ڕووداوەیان دەکرد ·

«پڕبوو · هەمووی پڕبوو » سمیع هاتـە ئەنیشتمەوەو ناوای ووت « قەفەس نەما ·· هەمووی پڕبوون لە پەلەوەر ·· وا بڕوا ڕۆژی پێنج سـەد دانە دەگرین ·· چی بکەین · دێن · کە هاتن نابێ نەیانگرین · » ·

ووتم « نابێ·· ئێوە تۆرتان ناوەتەوە ، نابێ » ·

ملی لار گرت‌و ووتی «وایە·»

« بیانهێنن بۆ «تقسیم» بۆ « ئەیوب»و بـەو کەسانەیان بفرۆشن کە دەیان‌کڕن‌و ئازادیان دەکەن·»

جەردەکان – پاشماوە

هەواڵی بەخش‌کردووەتەوە کە وەرگرتووە کەچی ئەمیش کاتی دیاری نەکردووە ·

هەروەها ڕادیۆی تاران هەمان ئاژانسی دەنگ ڕۆیتەر لێوەی باڵ گرتنەوەی فڕۆکەکـەی

چارەنووسی – پاشماوە

لەبەر ئەبڕێ‌و لەبنەوە چکی ڕەگەکانی زەوی‌بەر ئـەدەن‌و بەلادا دێ ، لە کەوتنـدا خۆی ئەدات لە تەلی کارەباکەو تێکی ئەپچڕێنێ ···

کە لێپرسراوەکانـی شارەوانی دێن‌و ئەو کارەساتە ئەبینن ، یەکسەر بڕیـاری ئەوە ئەدەن کە درەختەکـەی تریش ببڕنەوە ، بۆ ئـەوەی جارێکی تر کارەساتی بـەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە ·

هەر بەو جۆرە ، درەختە ئەبڕنەوەو لە دووری شـار فڕێی ئەدەن‌و بەو جـۆرە درەختی بێ‌بەزیی بە ناکامـی چاوەڕوان نەکراوی خـۆی شاد بوو ·

وونبوونی دەفتەری خدمە

بەناوی جلال عبـدالله خضرەوە ، دەفتەری خدمەم لێ وون‌بووە لە تەجنیدی یەکەمی هەولێرەوە دەرچـووە ، هەرکەسێك دۆزی‌یەوە بیدات بە لقی هەولێر ·

وون بوونی ئیجازە

بەناوی عبدالعزیز توفیق‌ەوە ئیجازەی فرۆشتنی جگـەرەم لێ‌وون بووە کە ژمارەی ١٣٠٨ ١،١٨ی بێوەیە لە ١٩٨٣/٧/١٢دا دەرچووە ، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر

ونبوونی دەفتەری خدمە

بەناوی هلال حسین حسن‌ەوە دەفتەرێکی خدمەی عەسکەری‌یم لێ‌ونبوە کە لـە تەجنیدی سلێمانی دەرچوە تکایـە هەرکەس دۆزیەوە بیدات بـە لقی سلیمانی ·

ڕووداوەکان بە وێنە

زایۆنیە ڕەگەزپەرستـە نیەتی چەوت‌و داگیرکـاری خۆی لە خوارووی لوبنـان‌بەوکاروبارە خۆ قایـم کردنانەدا ساغ دەکاتەوە کـەبەدرێژایی ٢/٩٠٠کم جـوار گۆشە لـە ناوچەکەدا دەیکات‌وەك لەم وێنانەدا دەردەکەون

Institut kurde de Paris

بەهرەی ئەم هونەرمەندە

لە چالاكی‌یەكانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر :

كۆڕێكی ڕەخنەی شانۆیی

● لقی هەولێر : شێرزاد

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر لە چوارچێوەی چموجۆڵەكانی وەرزی ئێستایدا كۆڕێكی ڕەخنەیی دەربارەی پێشكەش كردنی شانۆگەری « جەنابی جانەوەر » سازكرد تیایدا مامۆستا « محمد تەیمور » باسێكی ئێستەرو تەسەلی دەربارەی دەقی ئەم شانۆگەری‌یەی كاك حسین عارف خوێندەوەو بە درێژی بیروڕای خۆی سەبارەت بە لایەنە هونەری‌یەكانی « جەنابی جانەوەر » دەربڕی ·· كە لە مانگی ڕابوردوودا لەسەر شانۆی ڕۆشنبیری جەماوەر بۆ ماوەی « تەنیا یەك ڕۆژ » پێشكەش كرا ·

لەم كۆڕە ڕەخنەیی‌یەدا كە ماوەی نزیكەی دو سەعاتی خایاند گەلێك شت باس‌كراو كاك محمد پەنجەی بۆ هەموو كون و قوژبنەكانی ئەم شانۆگەری‌یە درێژ كردو مەبەستی پاڵەوانەكانی ڕوون‌كردەوە ئەنجا بە شێوەیەكی تێكڕا بیری شانۆگەری‌یەكەی شی كردەوە ··· پاشان چەند برادەرێكی هونەرمەند باسەكەی كاك محمد تەیموریان هەڵسەنگاند لەوانە صباح عبدالرحمن و شێرزاد عبدالرحمن و سعدون یونس ، شایانی باسە كە كۆمەڵێكی زۆر لە هونەردۆستانی شارەكە ئامادەی كۆڕەكە بوون ·

نووسینگەی هەولێر

كاتێ لە تابلۆكانی ئەم هونەرمەندە لاوە وورد دەبیتەوە ، بێجگە لە جوانی و خۆشەویستی مرۆڤ و كارەساتەكانی ئەم سەردەمە زیاتر هیچی‌تر نابینی ·· بەهێمنی فڵچە دەگرێتە دەست و بە هێمنی وێنە دەكێشێ و بەهێمنی دەدوێت و باس لە ڕووداوی ناو تابلۆ شیرینەكانی خۆی دەكات و بە تامەزرۆییەكی زۆرەوە باسیان دەكا ··

بۆیە لە ژوورەخنجیلانەكەی هونەرمەند لە نزیكەوە بیناسم و كاك عبدالرحمن حمە كریم تان بێ‌بناسێنم ··

● **وابزانم خۆت بۆ بەرهەمێكی تازە ئامادە دەكەی ؟**

ـ تائێستا دوو پیشانگای تایبەتیم كردۆتەوە لە زۆربەی بەرهەم و چوستو چالاكی‌یە هونەرییەكانی كۆلیژی یاسا بەشداربووم و ئێستا بیر لە پیشانگایەكی‌تر دەكەمەوە ، بەڵام لەم مەبەستە كەی تەواو دەبێ ؟

● **بۆ چی ؟**

چونكە نامەوێ پەلە بكەم و بابەتی تابلۆكانی خۆم زۆرزۆر خۆش دەوێت و دەمەوێ لەم پیشانگایە هەنگاوێكی نوێ بۆخۆم بدۆزمەوە ·· ·

● **ئەگەر نەهاتبامە ژوورەوە ، بەو فڵچەیەی دەستت چیت دروست دەكرد ؟**

ـ ڕاستی‌یەكەی بابەتێكم هەبوو ·· بەڵام ئەگەر ئەتەوێ بزانی هەمودەم چ وێنە دەكێشم ·· دەڵێم گەلێك شت لە مێشك و دڵی هونەرمەندا كۆ دەبێتەوە ··· بەڵام دڵنیابە لەسنووری ژیان و خۆشەویستی و سروشت و جوانی زیاتر دەر ناچێت ، چونكە هونەرمەند بۆ ئەوانە ڕەسم دەكات و لە پێناوی جوان كردنی ئەوانە فڵچە دەگرێتە دەست و دەدوێت ، بۆ ئەوەی لە پەنای تابلۆیەكەوە ژیان دەربببڕێت ·· یان ناخی مرۆڤانەی خۆی بكاتەوەو ڕاستی تۆماربكات ·

● **بەلای تۆوە لە هونەری تەشكیلی كوردیدا هیوای نوێ بوونەوە یان داهێنان بەدی دەكرێت ؟**

ـ نوێ‌بوونەوەو داهێنان كارێكی قورس و گرانەو پێویست بەمەوداو هیلاكی و تاقی‌كردنەوە هەیە ·· بەڵام لەگەڵ ئەوانەش دەتوانین بڵێین كە هونەری تەشكیلی چاوی هەڵێناوەو واخەریكە هەنگاو دەنێت و لەگەڵ هەنگاوی خۆیدا دەیان هیوای‌گەش دەنوێنێ ··

● **ئەی ئەم نەوە هونەرمەندە ؟**

ـ لەم نەوە پڕ لە خەزوداهێنان و ئاواتە خوازە، چاوەڕێی زۆرشت دەكرێت ··· مادام كاروان بەردەوامە ·· مادام فڵچە ڕەنگینەكان وێنەی مرۆڤ و جوانی و ئاواتی گەش دەكێشن ·· بەڵام ئەوەندە دەڵێم كە مەودا لەبەردەم هونەرمەندانی كورد زۆرە زیاتر تەقلا بدەن و هیلاك‌بن لەپێناو دوارۆژی ڕووناك بۆ هونەری تەشكیلی كوردی ·

لقی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی لە سلێمانی و

كۆڕێكی هونەری لە هەڵەبجە

ڕۆژی (٥) شەممەی ڕابوردوو لقی دەزگاكەمان لە پارێزگای سلێمانی كۆڕێكی هونەری لە شاری هەڵەبجە، بە ناونیشانی هونەری خولقاندنی كارەكتەر بۆ هونەرمەند كەمال ڕەئووف هەنجیرە سازكرد ·

سەرەتای ئەمەش بە وتاری دەزگاكەمان لە لایەن لێپرسراوی لقەوە لە سلێمانی دەستی‌پێ كردو تیایدا وتی دەزگاكەمان كە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی خزمەت‌كردنی ئەدەب و كەلەپوری كوردیمانی داوە ، تا ئەم چەند ڕۆژانەی پێشو لە ناو قەوارەكەی خۆیدا بەبێ كەمتەرخەمی و بە وپەڕی دڵسۆزی‌یەوە خزمەتی خۆی‌كردوە ئیتر ئەمەش لە ڕێگای ڕۆژنامە تاقانەكەی هاوكاری و هەر دوو گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و بە چاپ گەیاندنی بەرهەمی شاعیران و چیرۆك‌نوسان و تێكڕای نوسەرانی تر بوبێت ·· لەمەش زیاتر ویستویەتی و دەیەوێ لەگەڵ جەماوەرەكەی خۆیدا لە ڕێگای ئەم جەشنە كۆڕانەوە بەرەو ڕووبێتەوەو تا لەم دەرفەتەشەوە بتوانێ خزمەتێكی تری ئەدەبەكەمان بكات ·· لە ڕاستی‌دا ئەمەش لە مەڵبەندی پارێزگای سلێمانیەوە بە چەند كۆڕێك دەستی‌پێ كردو لەمەشەوە بەولاوە دەیەوێ هەمیشە لە چوارچێوەیەكی ئازادو سەربەستی بەربڵاودا چالاكیەكانی سازبكات واتە لەناو شاری سلێمانی دەرچێت و بەرەو قەزاكان و تەنانەت ئەگەر مەوداش هەبێ لە هەندێ ناحیەكاندا دەوری خۆی لەم ڕووەوە ببینێ دوابەدوای ئەمەش لە لایەن شاعیر دلشاد عمر كاكی‌یەوە كە كۆڕەكەی بەڕێوە دەبرد خاوەن باس و بەرهەم و چالاكیەكانی بە میوانەكان ناساندو پاشان كاك كەمال دەستی‌كرد بە پێشكەش كردنی باسەكەی و لە سەرەتاوە پێناسەی هونەر بە گشتی كە بەپێی باسەكەی شێوەی جۆرێكە لە شێوەكانی ئاگای كۆمەڵایەتی و چالاكیەكانی مرۆڤایەتی كە ئاوێنەیەكی واقعە لە وێنەی هونەریدا ·· هەروەها یەكێكە لە گرنگ‌ترین هۆی دەربڕین و وەرگرتن و جوانی بۆ جیهان · ئەمەو پەنجەكێشان بۆ هونەری شانۆ (دراما)و لێرەشەوە باس‌كردنی ئەكتەرو قۆناغەكانی لە گۆڕاندا و پاشان باس‌كردنی هونەری نواندن و ئینجا بەسەر كردنەوەی ئەو هەنگاوانەی كە دەنرێن بۆ دروست‌كردنی كارەكتەرو لەم ڕووەوە دەست‌نیشان كردنی (٩) نۆ خاڵی سەرەكی بۆ ئەم مەبەستە ئەوانەش :

١ ـ دروست‌كردنی ناخی كەسەكە ·

٢ ـ دابەش‌كردنی دەور بەسەر چەند بەشێكو ئامانجێكدا ·

٣ ـ هێنانی « ئەگەر »ی ئەفسووناوی ·

٤ ـ خەیاڵ كردنەوە ·

٥ ـ تەركیزو گوێ‌گرتن و تێڕوانین ·

٦ ـ هەست‌كردن بەڕاستی و ئیمان هێنان پێی ·

٧ ـ یادی بەسۆز ·

٨ ـ سازان (التكیف) ·

٩ ـ هاوبەش‌كردن یان پەیوەندی كردن ·

شایانی باسە كاك كەمال بۆ هەر یەكێك لەم خاڵانەو باسەكانی پێشوشی نمونەی هێنابەوەو لە كۆتایدا كە كۆڕەكە لەسەر هۆڵی مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە كرا باری سەرنجی میوانەكان پێشكەش‌كرا ·

فریا



سێ شانۆیی كوردی لە مانگێكدا

● لقی هەولێر : ناظم دڵبەند

● تیپی شانۆی ڕۆشنبیری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر لە ١-٩-١٩٨٣ دەست‌دەكات بە پێشكەش‌كردنی شانۆگەری « مرۆڤ و ئازارەكانی » نوسینی بیتر فایس و وەرگێرانی بۆ كوردی عبدالله قادرو دەرهێنانی هونەرمەند صباح عبدالرحمن ···

ئەم هونەرمەندانە بەشداری نواندنی دەكەن :ـ

صباح عبدالرحمن ● علی احمد ● جلال احمد ● جەتۆ حسن ● انور شێخانی ● جیهان احمد ● ابراهیم حكیم ● شلێر احمد ··

لەم ڕووەوە هونەرمەند صباح عبدالرحمن وتی :ـ

شانۆگەری‌یەكە باسی كۆمەڵێك لایەنی مرۆڤایەتی دەكات لەوانە تەقەللادان بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە پێناو سەربەستی و پاشەڕۆژێكی ڕوناك ···

● ئەمینداریتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان ، دەستی‌كرد بە تۆماركردنی تەمسیلیەی « مەڕانە » ، لە نوسینی عبدالرزاق بیمارو دەرهێنانی هونەرمەند سعدون یونس··· ئەم ئەكتەرانە بەشداری تێدا دەكەن :ـ

سعدون یونس ● صفوت الجراح ● فیصل محمد صالح ● سمیرە سعدون ● انور شێخانی و گەلێكی تر ·

لە دانیشتنێكی كورت هونەرمەند سعدون وتی :ـ

دەربارەی مەلا فەتح‌اللە كە بەو ئاواتە دەژی بە قسە بكاتە ئامانجی بەبێ هیچ هەوڵدانێك و بەڕێگایەكی چەوت ، وا پیشان دەدرێت لە چیرۆكە تەمسیلیەكە مرۆڤ پێویستە بە هۆشمەندی بجوڵێتەوەو هەوڵ بدات تا بتوانێ خێزانەكەی خۆی بەخێو بكات ···

خەون شتێكی ڕاستە بۆ مرۆڤ ، بەڵام نەك دانیشتن و خەونەكەی بێتە دی ، خەون و هەوڵدان تاكو ئەگاتە ڕێگای ڕاست ···

● تیپی نواندنی هەولێر كە سەر بە دامەزراوی گشتی سینەماو شانۆیە ، لە مانگی (نۆ) دەست‌دەكات بە پێش‌كەش كردنی شانۆگەری « سورمەخان » كە لە نوسینی محمد عبدالله یونس و دەرهێنانی هونەرمەند (صفوت الجراح)ە ئەم ئەكتەرانە دەوری تیا دەبینن :ـ

● صباح عبدالرحمن ● سعدون یونس ● خلیل یابە ● جلال احمد ● انور ● شێخانی ● شلێر احمد ● جیهان احمد ● نعمان مجید··

هونەرمەند صفوت الجراح لەم ڕووەوە دەڵێ :ـ

شانۆگەری‌یەكە بابەتێكی فۆلكلۆری‌یەو لەناو خەڵكی كوردستان زۆر باوەو هەتا بە لاوك وتراوەتەوە ، ئێمەش بەپێی خاسیەتی شانۆیی ، هەندێك دەسكاریمان كردو خستمانە قاڵبێكی شانۆیی·· جارێ ناتوانین هیچی لێ بدوێین ··· تاكو جەماوەر نەیبینێ ···

جیهانی منداڵان

كورتە چیرۆك بۆ منداڵان

چارەنووسی درەختێكی بێ‌بەزەیی

ئامادەكردنی : یاسین قادر بەرزنجی

لەسەر شۆستەی یەكێك لە شەقامە گشتی‌یەكان، چەند درەختێك بۆ ڕازاندنەوەو جوانكردنی شەقامەكە چوون بە ئاسماندا ، لە نزیك وێستگەیەكەوە جووتێ درەختی دراوسێی دێرینی چەند ساڵەی یەكترن ·· ئەوەی لای ڕاستیان بە تەمەن ترو كەڵەگەت‌ترە لەوەی لای چەپ ·

ڕۆژێكیان « با »یەكی توندو تیژ هەڵ ئەكات و ئەم بایە درەختە بچكۆلەكە ئەخاتە دڵە لەرزە ، ئەخێر «با»كە زیاد ئەكات و وای لێ‌دێ ئەبێتە ڕەشەبایەكی سەخت ، بەمەش درەختی بچكۆلە ئەكەوێتە جوولەو هاتوچۆ ، لە ترسی گیانی خۆی بە پاڕانەوەوە بە درەختەكەی تەنیشتی ئەڵێ :ـ

ـ فریام‌كەوە ، ڕەشەبا تەنگی پێ‌هەڵچنیوم ، فریام‌كەوەو لە ژێرەوە ڕەگەكانت گیركە لە ڕەگەكانم و بمگرە با نەكەوم·

بەڵام، درەختە زەبەلاحەكە هەر وەك ئەوەی لەگەڵ ئەمی نەبێ بێ‌دەنگەو چركەی لە دەم نایەتە دەرەوە ··· پاش ئەوەی درەختی بچكۆلە چەند جارێك داواكەی دووبارە ئەكاتەوەو ئەمیش هەر گوێی پێ‌نادات هێزی

بڕوانە ل : ٧

كۆرانی بۆ منداڵان

خۆر

هۆنراوەی/ لەتیف هەڵمەت

ئاوازی / صباح محمد امین

خۆری بەیانی هەڵهات
بیری منیش زۆر ڕوونە
دایكم پەروەردەم دەكات
منیش بە بیری چاكم ···
جووتیاری قۆڵ ئاسنم
هەتاوەكو بمێنم

ڕووونی كردەوە وڵات
خۆرێكە پڕ گەردوونە
تا دڵسۆزبم بۆ وڵات
ڕوون دەكەمەوە خاكم
هەرگیز ناشكێ گاسنم
تۆوی چاكە دەچێنم



چیا عبدالوهاب

بنار مكرم

شەپۆل مكرم

٦٦ ڕۆژ لەگەڵ ماری كۆبرادا

شێرلین سوانپوول كە كچێكی ١٨ ساڵی دانیشتوی ئەفەریقای خوارووە ٦٦ ڕۆژی ڕەبەقێ لە قەفەزێكدا لەگەڵ جۆرەها ماری ژاراوی‌وەك كۆبراو مامبادا بردەسەر ئەم كیژۆڵەیە ڕۆژی هەر تاقە یەك سەعات دەهاتە دەرەوەو پاش ئەوە دەگەڕایەوە بۆ قەفەزەكە ·

پاش ئەم ٦٦ ڕۆژە شێرلین‌وتی ٢٤ سەعاتی تریش دەمێنمەوە بۆ ئەوەی گرەوم لەهەموو كەسێكی تر بردبێتەوە ·

جیهانی ڕەنگاوڕەنگ

«بنكە»یەكی ئاسمانی لەدار دروست‌كراو

ئەم «بنكە» ئاسمانی‌یەی كەلە وێنەكەدا دەیبینی لە ڕاستیدا لە خانوویەكی ئاسایی لە دار دروست‌كراو بەولاوە هیچی تر نیە ، ئەوە نەبێ خاوەنەكەی حەزی لە فڕۆكەو تیژۆكەو چەند ساڵێكە خوویەكی وای داوەتە ئەم جۆرە شتانە هەرئەوەندە وێنەیەكیان لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێكدا ببینێ دێ لە ماڵەوە نمونەیەكیان لە دار یا تەنەكە یا قوتووشكاو لێ دروست‌دەكاو بەم جۆرە ئەملاو ئەولای ماڵەكەی پێ دەڕازێنێتەوە ·

لەبەر ئەوە ئەوەی بە نزیكی ماڵەكەیا تێپەڕێ دەبێ لابداو ئێر سەیری ئەم خووە سەیرەی بكا·

هاوكاری

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی

بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی » / تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ پێنج خەت